نما

ئازادی بیر
لێکۆڵینەوە
عەقڵانیەت

گۆڤارێکی فیکریی‌و ئەدەبیی وەرزییە لە هەولێر دەردەچێت 56

خاوەنی ئیمتیاز: ئیسماعیل کوردە

سەرنووسەر: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

دەستەی نوسەران

جەمال پیرە مەسعود بابایی

ئاوات ئەحمەد سوڵتان

بەرپرسی کارگێری‌و دابەشکردن: ئومێد شێرکۆ مەجروم

هاوینی 2023

ناونیشان: کوردستان-هەولێر

Tel: 0750 4481577. 07504786489

لەم ژمارەیەدا

*کلاورۆژنە.....تەمەنی "نما"دەبێتە 24 ساڵ.....3

نمای فیکرو فەلسەفە

* ئۆروێل چیمان پێدەڵێت؟ سەرنجێك لە ڕۆمانی ١٩٨٤.... ئاوات ئەحمەد سوڵتان.....6
* باشیو خراپییەکانی مێژوو.....فریدریك نیتشە.....و: ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل.....31
* ئالان تۆرین، کۆتایی کۆمەڵگاکان.....مستەفا ناجی....و: ئیسماعیل کوردە.....44
* چەمکسازی لە ڕەوتی بیرکردنەوەدا.....مەسعود بابایی.....67
* چاوپێکەوتن لەگەڵ" زیائەددین سەردار": ئیسلام بۆ ئایدیۆلۆژیا بگۆڕدرێت لە ناوەرۆکە ئەخلاقیو روحییەکانی دادەماڵدرێت..... و: جەمال پیرە.....75

نمای ئەدەبی

* هەورەکانی دانیاڵی "بەختیارعەلی".....ب-دووەمو کۆتایی.....هاشم سەراج.....85
* بێ دەنگی بەڵای زمانە..... ئەنوەر حوسێن "بازگر".....107
** شاعیری چینی "بێی داو".....و: جەمال پیرە.....111
* یانیس ریتسۆس، شاعیری بزووتنەوەی چەپی یۆنان...عەبدوڵڵا سلێمان "مەشخەڵ".....115
* حوسێن شەبەق، زیندوو ڕاگرتنی ئەستێرە سوورەکانی....ئەنوەر حوسێن "بازگر".....121
*لە شیعری (ئەگەر یەك بێ)ی محەمەد میسری دا.....ئەنوەر حوسێن "بازگر".....127

نسێی نما

*گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو..... عەبدوڵڵا سلێمان "مەشخەڵ".....138
*فەلسەفە لە بەرامبەر زانستو ئایینداا.....یوسف ئیسماعیل.....146

جگە لەکلاورۆژنە، نووسینەکانی دیکە ڕاو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەردەبڕن

هەر بابەتێك لەسەر داوای گۆڤاری نما نەبێت، بڵاوناکرێتەوە

کلاوڕۆژنە

2023-9-21

تەمەنی "نما" دەبێتە 24 ساڵ

لە سەرەتای پاییزی 1999 دەستمان بە کارکردن لە پڕۆژەی نما کرد، دواجار هەوڵەکانمان لە دەرکردنی گۆڤاری "نما" چڕکردنەوە. کارەکانمان بەنهێنیو بەپێی بارودۆخی ئەو سەردەمی کوردستانی دوو ئیدارەیی رایی کردنو ژمارە یەکی گۆڤارەکەمان لەدۆخێکی ئەوپەڕی بێئومێدیدا دەرکرد، کۆمەڵێك نوسەرو تازە نووسەریش لە دەورمان کۆبوونەوە، خۆبەخشانە دەمان نووسیو تەواوی کارەکانی پیتچنینو دیزاینو چاپکردنی لە چاپخانەو کۆکردنەوەی لاپەڕەکانو دەرزی لێدانو بەرگکردنو هێلم لێدانو بڕینو دابەشکردنو گەیاندنی بە کتێبخانەی شارەکانی کوردستان ئەرکی هەموو لایەکمان بوو..لەراستیدا ئەرکەکە قورسو هەندێك جاریش ئەستەم بوو، بەڵام روحیەتی هاوڕێیەتیو گیانی هاوکاریو پەرۆشیمان بۆ رۆشنبیری کوردی، خەمو ماندووبوونی لەبیر دەبرینەوە..هەر کە ژمارەی نوێی گۆڤار روناکی دەدیتو بەدەستی خوێنەرانەوە دەبینرا، وامان دەزانی هەموو دنیا هی ئێمەیەو خەونەکەمان دەبووە راستی..

لەگەڵ ئەو ئەرکەشماندا بێپشتیوانی نەبووین، لە چەندین لایەنو کەسایەتیەوە کۆمەك دەکراین، پێشەنگی کۆمەك کردنەکەشمان لە حزبی شیوعی کوردستانەوە بوو، چونکە بە کۆمپیوتەرو پرێنتەرو کاغەزی ئەو حزبە تێکۆشەرە ژمارە سەرەتاکان تا قۆناغی چاپکردن دەبران، یەکەم ژمارەش لەسەر ئەرکی کەسایەتی سیاسیو روناکبیر "مەلا بەختیار" چاپکراو هەوڵی کاك "سامی هادی"یش لەو بوارەدا جێی ئاماژە پێدانە، چونکە دواجار هەم کاك مەلا بەختیارو هەمیش کاك سامی بوونە پشتیوانێکی بێ کۆتای پڕۆژەکەمان. لە ژمارە دووشدا، کاك سەرۆ قادر پشتیوانی ماددی کردینو پارێزگاریشی لێکردین.

بەو شێوەیە پاڵپشتیکارانی گۆڤارەکەمان زێدە بوونو هەریەك لە خوالێخۆشبوو "جەنابی مام جەلال"و "د. ئەرسەلان بایز"و "د. بەرهەم سالح"و "ئازادجندیانی"و خوالێخۆش بوو "د. کەمال فوئاد" پشتیوانی گەورەیان کردین. تا ئەو ڕادەیەی وای لێهات پڕۆژەکەمان گەوەرتر بوو، نووسەرو وەرگێڕو شاعیرو چیرۆکنووسی زیاترمان لێ کۆبوونەوە. بۆیەش توانیمان بۆ جێکردنەوەی تەواوی ئەو قەڵەمانە "گۆڤاری شیعرنماو چیرۆکنماو کۆمەڵناسیو شیعرو ئەمریکاناسیو رۆژنامەی زانکۆیی "خوێندنی ئازادو شارو دێرین" وەك پاشکۆی گۆڤاری نما دەربکەین.. لەپاڵیشدا توانیمان "170" کتێب بۆ نوسەرو وەرگێڕەکانی کوردستانو هەولێر بەتایبەتی چاپ بکەین.

بەداخەوە لەدوای ئەو تەمەنە درێژەی پڕۆژە رۆشنبیرییەکەمان، بەهۆی قەیرانو شەڕی داعشەوە لە ساڵی 2015ەوە نوسینگەکەمان داخستو تەواوی کۆمەكو پشتیوانیەکانیشمان وەستان. بەلاّم هەر کۆڵمان نەداو بەردەوامیمان بە دەرکردنی گۆڤارەکەماندا، تا ئەمڕۆش کە ژمارە 56ی گۆڤاری "نما" دەبینن، لە سەر ئەرکی خۆمان دەردەکەینو بە هەولّو کۆششی ستافی نوسین "رێبین رەسولو ئاوات ئەحمەد سولّتانو جەمال پیرەو مەسعود زۆراب باباییو ئومێد شێرکۆ مەجروم" بەردەوامین.

لێرەشدا دەمانەوێ بڵێین، سوپاسی هەموو ئەو کەسو لایەنانە دەکەین کە کۆمەکیان کردووینو قەرزار باریانین، سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێو نوسەرو وەرگێڕو رۆشنبیرانەی کوردستانیش دەکەین کە بێ بەرامبەر بۆ تەواوی گۆڤارەکانی ئێمەو بە تایبەتی بۆ گۆڤاری "نما"یان نووسیووە، ئەو پەرۆشیەیان بۆ بەردەوامی گۆڤارەکەمانو رۆشنبیری کوردی بەرز دەنرخێنین، هەولّیش دەدەین بەپێی توانای خاکەڕامان بەردەوامبین، ئەگەر ساڵانە تەنها ژمارەیەکیشمان دەکردبێت، مانەوەمان پێ باشترە لە داخستنی گۆڤاری نما..بەو هیوایەشین بارودۆخ بەشێوەیەك گونجاوبێت کۆمەكو پشتیوانی بکرێین.شانازیش بەوە دەکەین، کە لەدوای گۆڤاری "رامان"، تاکە گۆڤارین بەو پەڕی پشوو درێژییەوە بەردەوامین.

خاوەن ئیمتیاز
هاوینی 2023

نمای فیکرو فەلسەفە

* ئۆرویّل چیمان پێدەڵێت؟ سەرنجێك لە ڕۆمانی ١٩٨٤.... ئاوات ئەحمەد سوڵتان.....6
* باشیو خراپییەکانی مێژوو.....فریدریك نیتشە.....و: ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل.....31
* ئالان تۆرین، کۆتایی کۆمەڵگاکان.....مستەفا ناجی....و: ئیسماعیل کوردە.....44
* چەمکسازی لە ڕەوتی بیرکردنەوەدا.....مەسعود بابایی.....67
* چاوپێکەوتن لەگەڵ" زیائەددین سەردار": ئیسلام بۆ ئایدیۆلۆژیا بگۆڕدرێت لە ناوەرۆکە ئەخلاقیو ڕوحییەکانی دادەماڵدرێت..... و: جەمال پیرە.....75

ئۆرویڵ چیمان پێدەڵێت؟

سەرنجێک لە ڕۆمانی ١٩٨٤

نووسینی: ئاوات ئەحمەد سوڵتان

بەشی یەکەم

وتەیەك

لە ساڵی ٢٠١٧دا، کاتێك ترامپ بوو بە سەرۆکی ئەمریکا، یەکسەر کاراکتەری "برا گەورەی" ڕۆمانی ١٩٨٤ی ئۆرویل هاتەوە خەیاڵم. (دواتر زانیم لە ماوەی سەرۆکایەتی ترامپدا، ڕۆمانەکە بۆتەوە بە یەکێك لە پڕ فرۆشترینی کتێبەکان لە ئەمریکادا). جێگای سەرنجە، ئەم کتێبە ماوەیەکی زۆر، نەك تەنها لە یەکێتی سۆڤێتی جاران و وڵاتە کۆمۆنیست و دیکتاتۆرەکان، بەڵکو لە ئەمریکاش قەدەغە بوو. بەدرێژایی فەرمانڕەوایی حیزبی بەعس، دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانی عێراق بوێریی ئەوەیان نەکرد وەریبگێڕنە سەر زمانی عەرەبی. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی گرنگە.

هەرجارێك ئەم کتێبەم خوێندبێتەوە، هاوشێوەییەکی زۆرم لە نێوان ڕەفتاری پارتەکانی لای خۆمان و سەرکردەکانیان، لەگەڵ "ئینسۆك"دا (پارتی باڵادەست لە ڕۆمانەکەدا، مانای سوسیالیزمی ئینگلیزیی دەگەیەنێت) دەبینی. بەردەوام بیرم لێدەکردەوەو پلانم هەبوو دیسانەوە ڕۆمانەکە بخوێنمەوە. پێشتر چەند جار ئەم ڕۆمانەم خوێندۆتەوە، ئەمەیان نازانم! لە گەرمەی ئەم بیرکردنەوەیەدا بووم، دەرفەتێکی زێڕین ڕەخسا:

ڕۆژێکیان لە کافێیەك، لە میانی قسەکردن و گفتوگۆی هەمەجۆر بۆ ژمارەیەك لە خوێنەرەکانم، باسی ئۆرویل و ڕۆمانەکەیم بۆ کردون، ئەوان پێشنیاریان کرد کاتێك تەرخان بکەم و وانەیەك یان زیاتریان لەوبارەیەوە پێ بڵێمەوە. بیرۆکەکەم بە دڵ بوو، چونکە ئیتر دەبوو بە ئەرکی سەرشان و ماوەی دواخستنی نەدەما. کارەکەمان لە پێنج وانەدا جێبەجێ کرد، واتە وەك کۆرسێکی خێرای لێهات. ئەوان هەم خوێنەرێکی باشی ڕۆمانەکەو هەم هاوکارێکی باشی من بوون لە ئامادەکارییەکان و بیرکردنەوەی هەرەوەزییدا.

ئەم نووسینە، پوختەی ئەو وانانەیە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەدا کە دواتر لەسەر کارەکە بەردەوام بووم و لەکاتی گوێزانەوەی گوتاری زارەکیدا بۆ گوتارێکی نوسراو گۆڕانکاریی زۆرم تێدا کردووەو زانیاریی و بیرۆکەی نوێشم بۆ زیادکردووە.

دەبێت بڵێم، پێکەوە گرێدانی هەر پێنج وانەکە، کە لە هەریەکێکیاندا لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە سەیری ڕۆمانەکەم کردووە، ئاسان نەبوو، زۆر هەوڵمدا دووبارەکردنەوەکان نەهێڵم و ڕێچکەکان یەك بخەم و بابەتێکی یەکگرتووی لێ دروست بکەم. چەند لەمەدا سەرکەوتوو بووم؟ ئەمە لێدەگەڕێم بۆ خوێنەر.

جۆرج ئۆرویڵ

(١)

لە بارەی جۆرج ئۆرویڵ (١٩٠٣-١٩٥٠)ەوە، کە خۆی لە ئەسڵدا ناوی (ئێریك ئارسەر بلەیر)ە مشتومڕی زۆر کراوە، جۆرەها فیلمی دیکۆمێنتاریو ڕەخنەو شیکردنەوە دەربارەی ژیانو کارەکانی بەرهەمهێنراون. کەسێکی پڕ بەرهەم بووە، وتارنووسو ڕۆژنامەوانو ڕۆماننووس بووە. زۆرجار وەك یەکێك لە هەرە مەزنترینی ئەو نووسەرانە دادەنرێت کە لە سەدەی بیستەمدا بە زمانی ئینگلیزیی نوسیویانە. ئۆرویڵ یەك مەبەستی سەرەکی لە نووسین هەبوو: گۆڕینی جیهان بەرەو باشتر. ئەو دەیوست وا لە ئەدەبەکەی بکات یاریدەدەرمان بێت لە تێگەیشتنی باشتری جیهانو فەراهەمکردنی ژینگەیەکی وەها کە لەوەی هەیە دانایانەترو دادپەروەرانەتر بێت.

ئۆرویڵ یەکێکە لە نێودارترینی ئەوانەی کاریان لەسەر دیستۆپیا (ناخۆشترین شوێن) کردووە، لەپاڵ ڕۆمانی ١٩٨٤یدا، کە لێرەدا قسەی دەربارە دەکەم، ڕۆمانی "مەزرای ئاژەڵان"یشی هەر بە دیستۆپیا ناودەبرێت.

(٢)

بەڵام دیستۆپیا چیە؟

بە کورتی بڵێم: دیستۆپیا وشەیەکی یۆنانی کۆنەو لە دوو بڕگە پێکهاتووە: دیس بە واتای خراپ، لەگەڵ تۆپیی بە واتای شوێن. واتە شوێنێکی خراپ. وشەکە پێچەوانەی

یۆتۆپیایە کە ئەمیان مانای باشترین شوێن دەگەیەنێت. دیستۆپیا کۆمەڵگایەك، جێگایەکی تۆقێنەری ناخۆشە. ڕۆمانی ١٩٨٤یش پێشبینی جێگایەکی ئاواهی دەکات کە لە ئایندەدا تێی دەکەوین.

(٣)

ئۆرویل زۆر لێزانانە نوسینو ئەدەبی بۆ ئامانجیکی باڵا بەکارهێنا کە زۆر باوەڕی پێی بوو، ئەویش: گۆڕینی جیهان بوو بەرەو باشتر. ئەدەب لای ئەو ئامڕازێك بوو تا یاریدەمان بدات ژیانێکی خۆشتر بۆ خۆمان فەراهەم بکەین، ژیانێك کە دادپەروەرانەترو دانایانەتر بێت. ئەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیرکردنەوەی سیاسیی نەوەکانی دواتر هەبووە، نەیارێکی سەرسەختی تۆتالیتاریزمو کۆمەڵگای کۆنترۆڵکراو بووەو کارەکانیشی ڕەخنەی توندن دەربارەی ئەو سیستمانە. زۆر بە وردیی قسەی لەبارەی پرسە کۆمەڵایەتیو ئابووریو ئاکارییەکانو، لە پەیوەندیاندا بە سیاسەتەوە کردووە. ئەم نووسەرە زۆر باوەڕی بەوە هەبووە کە ئەرکی سەرشانی نوسەر ئەوەیە جەنگ دژ بە ستەمی کۆمەڵایەتیو سەرکوتکردنو دەسەڵاتی سیستمە تۆتالیتارەکان بکات. ئەو تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ زمان هەبوو، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گوتاری سیاسیی هاوچەرخ هەیە. ئەو بە هەموو شێوەیەك دژی تۆتالیتاریزمە، هەربۆیە هەندێك بە "ویژدانی سەردەم"ەکەی خۆی ناوی دەبەن.

(٤)

ئەی تۆتالیتاریزم چیە؟

وشەکەم لە (totalitarianism)ی زمانی ئینگلیزییەوە گوێزاوەتەوە کە ئاماژەیە بۆ سیستمێکی سیاسیی، تێیدا هەموو جۆرە نارەزاییو ئۆپۆزیسیۆن بوونێك قەدەغەیە، هیچ بوارێك بۆ تاکەکەسەکان ناهێڵێتەوە تا گوزارشت لە بیرکردنەوەیەك بکەن، لەگەڵ هی سیستمەکەدا نەسازێت. سیستمێك کە بە تەواوەتی کۆمەڵگاکەی کۆنترۆڵ دەکات، دەیخاتە ژێر چاودێرییەکی وردەوەو هیچ تایبەتمەندێتییەك بۆ مرۆڤەکان ناهێڵێتەوە. دەتوانین لە سایەی ئەم سیستمە سیاسییەدا شێوەی جیاجیا کۆبکەینەوە، وەك ئۆتۆکراسی (حکومەتێکە دەسەڵاتی ڕەهای فەرمانڕەوایی کردن لە یەك کەسدا

چڕبۆتەوە، هەر خۆی بڕیار لە هەموو شتێك دەدات.) نموونەی ئەم سیستمە دیکتاتۆر، پادشایی ڕەهایە. لە تۆتالیتاریزمدا بە مەبەستی چاودێریکردنو کۆنترۆڵکردن گرنگیەکی زۆر بە پڕوپاگەندەو میدیای جەماوەریی دەدرێت.

(٥)

ئۆروێل بیرکردنەوەیەکی سوسیالیستانەی هەبوو، ئەمەش لە هەموو کارەکانیدا ڕەنگی دابووەوە، لە نموونەی: ڕۆژانی بۆرما (١٩٣٤)و گەڕانەوە بۆ کاتالۆنیا (١٩٣٨)، لەپاڵ تێڕوانینە سوسیالیستەکەیو پشتیوانی کردنی لە ئازادیو دیموکراسییدا، زۆریش نەیاری ئەو سیستمانە بوو کە لەژێر ناوی سوسیالیزمو کۆمۆنیزمو ناونیشانی دیکەدا، گەلەکانی خۆیانیان دەچەوساندەوە، لە نموونەی سۆڤێتی سەردەمی ستالین، ئەڵمانیای هیتلەرو ئیسپانیای فرانکۆ، کە خۆی سەردەمیان بووە.

(٦)

ئەگەرچی ئەو بە شێوەیەکی ئەکادیمیی فەلسەفەی نەخوێندووە، بەڵام وەك کەسێکی بە ئەزموونو کراوە دەینووسیو تەرکیزی لەسەر پرسیارە گرنگەکانی فەلسەفەی سیاسیو ئەپستمۆلۆجیو فەلسەفەی زمانو ئیستاتیكو ئاکار بوو.

بە هەمانشێوە بابەتەکانی نەتەوە، میدیا، زمان، ڕەوشی چینایەتی، هەژاریی، ئیمپریالیزم، هەقیقەت، مێژوو...هتد، پێکهێنەری سەرەکیی هەموو کارەکانی ئەون. لە پەنجەرەی ئابوریی‌و کۆمەڵایەتییو ئۆنتۆلۆژیو سیاسییەوە، دەڕوانێتە ئەو چەمکانەو هەوڵی لێکدانەوەیان دەداتو لێیانەوە هەڵوێستو ڕەفتاری تاكو گرووپەکان دەخوێنێتەوە.

لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (بۆچی دەنووسم)، کە دوای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان) نوسیوێتی، زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت (دامڕشتۆتەوە): لە ماوەی ڕابردوودا ویستوومە، نوسینی سیاسیی بکەم بە هونەر. خاڵی دەسپێکیشم لەوەوە بوو کە زۆر هەستم بە نادادپەروەریی دەکرد. کە بۆ نوسینی کتێبێك دادەنیشم، بیر لەوە ناکەمەوە کە خەریکی ئەدەب بم، بەڵکو کۆمەڵێك درۆ هەن دەمەوێت ئاشکرایان بکەمو سەرنجی خوێنەری بۆ ڕابکێشم.

(٧)

دوای مردنیشی کۆکراوەی وتارەکانی لە ساڵی ١٩٦٨دا بڵاوکرایەوە، کە بیرۆکەو سەرەداوی زۆر باشمان دەربارەی ڕۆمانەکە پێدەڵێتو بۆمان ڕوون دەکەنەوە چۆن بیرۆکەکەی ڕسکاوەو بەو شێوازەی دەیبینین ئەنجامدراوە. دەتوانن سوودێکی باش لەو کتێبە وەربگرن. من وەرگێڕانە عەرەبییەکەیم لە لایە کە دوو بەرگەو نزیکەی (٢٠٠٠) لاپەڕەیە. هەروەها نامەکانی کە پیتەر داڤیسۆن ئیدیتی کردووە، ئەویش زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. لە وتارێکیدا بە ناونیشانی -بۆچی دەنووسم- ١٩٤٦)، دەڵێت: هەموو دێڕێك کە لە ساڵی ١٩٣٦ بەدواوە نووسیومە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دژی تۆتالیتاریزم بووەو لایەنگیریی سۆسیالیزمی دیموکراسی بووە.

(٨)

کتێبێکی جاك لەندەن (١٨٧٦-١٩١٦) کە دیسان کاریگەریی زۆری لەسەر ئۆروێل هەبووە ناوی (The people of the Abyss)ە، ئاگادار نیم وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی کوردی. جێگای سەرنجە، ساڵێك بەر لە دایکبوونی ئۆروێل، لەندەن ماوەی چەند هەفتەیەك لە لەندەن دەمێنێتەوەو چاودێریی چینی بەشمەینەتی ناوچەی وایتچاپێڵ دەکات، دەبینێت نزیکەی نیو ملیۆن کارگەری هەژارو بێچارەی ئەو ناوچەیەو شوێنانی دیکەی لەندەن، لە شوێنی کارەکانیانو سەر شەقامەکانو کەلاوەو جێگای زۆر ناتەندروستدا دەژین. دوای ساڵێك کتێبەکەی دەنوسێتو ئۆروێلیش لەدایك دەبێت (١٩٠٣). کاتێك دەگاتە تەمەنی هەرزەکاریی ئەو کتێبە دەخوێنێتەوەو چەند سەردانێکی بۆ ناوچەی هەژارنشینی لەندەنو پاریس دەکاتو لە کتێبەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. بە تایبەتی هەردوو کتێبی (The Road to Wigan Pier)و (Down and Out in Paris and London)

(٩)

وشەی (Abyss) بە مانای دۆڵ (نێوان دوو زنجیرە چیا) دێت، بەڵام لەندەن وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو ژیانەی هەژارەکان بەسەری دەبەن، زیاتر بە مانای (دۆزەخ) بەکاریهێناوە. لەکاتێکدا ئەم قسانە بۆ ئێوە دەکەم ١١٤ ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم

کتێبەدا تێپەڕیوەو تا ئێستاش بە گرنگترین کتێب دادەنرێت، کە لەبارەی هەژارییەوە نوسرابێتو دوای خوێندنەوەی خەمۆکییەکی قوولّ خوێنەر دادەگرێت. لێرەدا پێویستە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە ئۆرویل لە خێزانێکی سەر بە چینی ناوەڕاست، لە هیندستان لەدایك بووە، باوکی کارمەندێکی پلە نزم، لە فەرمانگەیەکی سەر بە بەریتانیای ئیمپریالیست کاری کردووە. هەژاریی‌و چەوساندنەوەی چەشتووەو لەگەڵ هەژاران‌و چینی خوارەوەی کۆمەڵگادا تێکەڵاو بووە.

ئەگەر یەکێك لە ئێوە بیەوێت ئەو کتێبە بخوێنێتەوە، من ئامۆژگاریی دەکەم لە پێشەوە خۆی بۆ ئامادە بکات وەك ئەوەی خۆی بکات بەناو دۆزەخدا.

(١٠)

دواتر ئۆرویل (پاژنە ئاسنینەکان)ی جاك لەندەن‌و (جیهانێکی نوێی دلێر)ی ئەلدۆس هێکسلی (١٨٩٤-١٩٦٣) خوێندەوەو لە زۆر ڕووەوە سروشی لێ وەرگرتن. دەتوانین ئەو دوو ڕۆمانەش لەژێر ناونیشانی دیستۆپیادا پۆلێن بکەین، دووهەمیان، کە باس لە کۆمەڵگایەکی ئایندەیی دەکات‌و لە ساڵی ٢٥٤٠دا ناوی دەنێت "دەوڵەتی جیهانی". هێکسلی بەرواردێکی تایبەت بۆ جیهانەکەی دەستنیشان دەکات: ٦٣٢ ف! واتە ساڵی ٦٣٢ی دوای فۆرد (خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای دروستکردنی ئۆتۆمبیل، لە کارگەکەی ئەوەوە بیرۆکەی بە ئۆتۆماتیکی کردنی کارەکان ڕەنگی گرت. ڕۆمانەکە، سەرنجی لەسەر زانست‌و پێشکەوتنی تەکنەلۆژییە.

باس لەوە دەکات کە چۆن هەست‌و سۆزەکان‌و تاکایەتیی مرۆڤەکان لە تەمەنێکی زوودا ڕام دەکرێن‌و بەجۆرێکی تایبەتی لە کۆمەڵگایەکدا دەسازێنرێن کە پەیوەندیی بەردەوامی تێدا نیە. دەربارەی ئەمەش دەڵێت هیچ کۆمەڵگایەکی لەمجۆرە ناتوانێت لە دوو نەوە زیاتر بەردەوام ببێت، چونکە ئەوەی فەرمانڕەوا لەسەرەتادا بیری لێکردۆتەوەو

دایڕشتووە، کاریگەریی خۆی لەدەست دەدات‌و دەبێتە شتێکی ساویلکانە. دەربارەی کتێبی پاژنە ئاسنینەکانیش دەڵێت "مارکسییەکان بەشێوەیەکی زۆر میکانیکییانە مێژوو لێکدەدەنەوە، ناتوانن پێشبینی ئەو مەترسییە زۆر ڕوونانە بکەن، کە ئەوانەی هەرگیز ناوی مارکسیان نەبیستووە بە ئاسانیی درکی پێدەکەن".

(11)

من زۆر ئامۆژگاریتان دەکەم کتێبەکانی ئەم دوو نووسەرە (لەندەن‌و هێکسلی) بخوێننەوە. دەمەوێت شتێکتان پێ بڵێم کە زیاتر لە نوکتە دەچێت: مارکسییەکان تێزێکیان هەیە پێی دەوترێت دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا. واتە چینی پرۆلیتاریا ماوەیەك دەبێتە دیکتاتۆرو بەرنامەی خۆی جێبەجێ دەکات. بەڵام ئەوەیان لەبیرکردووە کە دیکتاتۆر هەر ئەوەندەی چنگی لە کورسی دەسەڵات گیر بوو، ئیتر چۆڵی ناکات. ئەمەش یەکێکە لە ڕەخنە زۆر کوشندەکان لە مارکس‌و مارکسیزم، چونکە ئەم تیۆرە نەیتوانی پێشبینی فاشیزم‌و جۆرەکانی دیکەی تۆتالیتاریزم بکات. ئەی چی کرد؟ خۆی بوو بە سیستمێکی تۆتالیتار. جیگای ئاماژەیە مارکسییە هاوچەرخەکانی هیتلەر تا ماوەیەکیش پێیانوابوو ئەو سیستمە مەترسیدار نیە. دەزانن لای ئەوان چی مەترسیدارو دوژمنی سەرەکی بوو؟ ڕەنگە بڕوا نەکەن، ئەگەر بڵێم بەلای مارکسییەکانەوە "دیموکراسی" نەیاری ڕاستەقینە بوو.

(١١)

پێشبینییەکەی ئۆرویل زیاتر بۆ کتێبی دووهەمیان ڕاست بوو، بەڵام دوای دوو نەوە نەڕووخا، بەڵکو سێ چارەکی سەدەیەکی خایاند. بۆیە دەبینین لە ڕۆمانەکەی خۆیدا، ئەم بۆچوونە ڕاست دەکاتەوە. چۆن؟ حکومەت لەبری ئەوەی بە ئاگرو ئاسن ڕەعییەتەکەی خۆی ڕابگرێت، هەر لە سەرەتاوە نەوەکان بەجۆرێك پەروەردە دەکات کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکەی خۆیدا بسازێن. چۆن پەروەردەیەك؟ بەتاڵکردنەوەیان لە ڕۆح‌و ئەقڵانییەت‌و داماڵینیان لە ماناکانی مرۆڤبوون. لێرەدا ناونیشانی کتێبێکی سەدام حسێنی دیکتاتۆری پێشووی عێراقتان پێ دەڵێم، کە ئەگەر ئەویش بخوێننەوە خراپ نیە: (لاوان بەدەست دەهێنین، تا ئایندە مسۆگەر بکەین).

سەرنجێك:

(١٢)

گەلێك كتێبی دیكەش هەن كە خوێندنەوەیان بۆ تێگەیشتن لە تۆتالیتاریزم گرنگن، وەك "خیانەتكردن لە شۆڕش"ی ترۆتسكی (١٩٣٧) كە بە عەرەبی وەك "الثورة المغدورة" وەرگێڕدراوە، هەروەها كتێبی "ئێمە"ی زامیاتین كە لەساڵی ١٩٢٠دا بە زمانی ڕووسی نوسیویەتیو لەساڵی ١٩٢٤دا وەرگێڕانێكی بۆ زمانی ئینگلیزیی بڵاوكرایەوە كە جۆرج زیلبوورگ ئامادەی كردبوو، بەڵام بە زمانە ئەسڵییەكەی تا ساڵی ١٩٥٢ بڵاونەكرایەوە. هەروەها كتێبێكی دیكەش هەیە ناونیشانەكەی (ساڵی نۆهەم)ەو سیریل كۆنۆلی لە ساڵی ١٩٣٨دا بڵاوی كردۆتەوە، بەداخەوە من تا ئێستا ئەم كتێبەم بەردەست نەكەوتووە، بەڵام ئەوەندەی دەربارەیم خوێندۆتەوە شیكردنەوە

بۆ سیستمە تۆتالیتارەكان دەكاتو زۆر لەسەر دیاردەیەك ڕادەوەستێت: ئەو سیستمانە بەردەوام خەریكی دروستكردنی دوژمنانێكی وەهمین، تاوانبارانێك ئامادە دەكات كە گوایە دژی ڕژێمەكەنو سزایان بەسەردا دەسەپێنێت، دادگایی ڕووكەشیی بۆ نەیارانی خۆیو ئەندامە هەڵگەڕاوەكانی سازدەكات. لە ڕۆمانەكەی ئۆرویلیشدا كاراكتەرێك هەیە ناوی (گۆلدشتاین)ە، كە پێشتر ئەندامێكی باڵای حیزب بووەو ئێستا بووە بە نەیاریان.

(١٣)

ئۆرویل زۆر بە باشی دركی بە ڕەهەندە مەعریفیو زمانەوانییەكانی ستەمكاریی كردبوو، سەرنجی ئەم ڕستەیە بدەن لە ڕۆمانی ١٩٨٤دا، وینستۆن سمیس، پاڵەوانی ڕۆمانەكە دەڵێت:"ئازادیی ئەوەیە ئازاد بیت، بڵێیت دوو كۆ دوو دەكاتە چوار. ئەگەر ئەمە فەراهەم بوو، ئیتر هەموو شتێكی دیكەی بەدوادا دێت". ئەمە یانی چی؟ جگە لەوەی پێمان دەڵێت سیستمی تۆتالیتاریی هەقیقەت لە تاكەكان زەوت دەكات، ئەوەشمان

پێدەگەیەنێت کە لەناو سیستمی سیاسییدا، ئازادیی ئەوەیە بتوانیت باوەڕی ڕاستەقینەی خۆت بپارێزیت، نموونەکەشی دوو کۆ دوو دەکاتە چوار، کە حاڵەتێکی مەعریفییە، بەڵام پێویستە بتوانین لە ڕێگای کردەی زمانییەوە ئەم هەقیقەتە بۆ ئەوانیتریش بگوێزینەوە.

جگە لەوەش پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات، کە دەسەڵاتی سیاسیی بە بەردەوامیی پشت بە دوو شت دەبەستێت: هزرو زمان، هەوڵ دەدات ئەو دووانە بۆ خۆی قۆرخ بکاتو بەوجۆرەی خۆی دەیەوێت نمایشیان بکاتەوە. لەکاتێکدا ئۆرووێل ئەم شتانەی دەنووسیی، هێشتا فەلسەفەی سیاسییو فەلسەفەی زمانو تیۆری زانین بەوجۆرە لێك نزیك نەبووبوونەوە.

(١٤)

ئەمانە چەند سەرنجێکی خێرا بوون، هەوڵ دەدەم لە درێژەی باسەکەدا تا ڕادەیەك بە درێژیی دەربارەیان بدوێم زۆر شتی دیکەش لە ئەندێشەمدا هەن تا باسیان بکەم. لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەڵێم، ئەوانەتان کە حەزدەکەن کارەکانی ئۆرووێل بە زمانە ئەسڵییەکەی بخوێننەوە، ماڵپەڕێکی ئەلەکترۆنیی تایبەت بە کارەکانی هەیەو لەم لینکەوە:

- https://www.orwellfoundation.com/- دەتوانن هەموو نووسینەکانی بە زمانە ئەسڵییەکەی خۆی بخوێننەوە.

١٩٨٤

(١)

ڕۆمانی ١٩٨٤و مەزرای ئاژەڵان دوو نێودارترین کاری جۆرج ئۆرویلن‌و بۆ زۆرێك لە زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون‌و لەم یەك دوو دەیەی دواییشدا کراون بە کوردیی. هەردوو ڕۆمانەکە ڕەخنە لە سیستمی تۆتالیتاریی دەگرن‌و بەشداریی‌یەکی زۆریان لە گۆڕین‌و پێشخستنی دیدی نەوەکانی دوای خۆیدا دەربارەی ئەو سیستمەو چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا کردووە. وەك لە سەرەوە وتم، دیستۆپیایەکی کۆمەڵایەتییە، ئەمە دواهەمین کتێبی ئۆرویلە لەژیانی خۆیدا بڵاوکرابێتەوەو چەند مانگێك دواتر دەمرێت.

(٢)

لە ساڵی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەدا (١٩٤٩)، تەلەفزیۆن وەك داهێنراوێکی نوێ هێدی هێدی بە جیهاندا بڵاودەبووەو لە کۆتایی شەستەکانەوە لای خۆشمان پەیدابوو. کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان سەر بە حکومەتەکان بوون، گۆشەنیگای ئەوانیان دەگەیاندە ئەندامانی کۆمەڵگا. بەمەش فەرمانڕەواکان ئامڕازێکی گرنگیان دەستکەوت تا لێوەی پەیام‌و ئاگاداریی‌یەکانی خۆیان ڕاستەوخۆو لە ناو ماڵەکانەوە پەخش بکەن‌و هەمووان ئاگادار بکەنەوە. پێشتر ڕادیۆ هەبوو، کە تەنها لە ڕێگای دەنگەوە پەیوەندیی پێوە دەکردین، ئێستا تەلەفزیۆن بە دەنگ‌و ڕەنگ پەیوەندیمان لەگەڵ دەگرێت. وەك دواتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەمە گرنگیی‌یەکی زۆری بۆ سیستمە تۆتالیتارەکان هەبوو.

(٣)

ئۆروێل لەم ڕۆمانەدا ڕایدەگەیەنێت کە ئێمە لە سەردەمی مەرگی مرۆڤدا دەژین! ئەمە چۆن ڕوویدا؟ چونکە ستەمکاریی بەجۆرێك تەشەنەی کردووەو ڕەگی داکوتاوە، کە تەنها توانای وەرگرتنەوەی ژیانی لە مرۆڤەکان نیە، بەڵکو ئومێدیشی هەیە. واتە ئەم سیستمە توانای ئەوەی هەیە بە تەواوەتی مرۆڤەکان بێهیوا بکات.

(٤)

یەکەمینجار لە ساڵی ١٩٩٣ دا، ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە، کۆپییەکی عەرەبی بوو، وەرگێڕەکەی کەسێك بوو ناوی ئەحمەد عەجیل، ئەوکات هەستم کرد باسی ڕژێمەکەی سەدام حسێن دەکات، دوای ٢٥ ساڵ لە ڕووخانی ئەو ڕژێمە، جارێکیتر کۆپییە ئینگلیزییەکەم خوێندەوە، ئەمجارەیان هەستم کرد باس لە هەرێمەکەی خۆمان دەکات. لێرەدا یەکسەر قسەیەکی ئێمبرتۆ ئیکۆم هاتەوە یاد، کە لە ئەزموونی ژیانی خۆیەوە لە لە بەلگرادو لە سایەی سیستمی کۆمۆنیستدا، وتوویەتی:"بەشی هەرە زۆری ڕۆمانی ١٩٨٤ مێژووە، نەك یۆتۆبیایەکی نێگەتیڤ". بە بڕوای من ئەم قسەیە زۆر دروستە، لە هەردوو جارەکەدا ڕۆمانەکەم لە بەستێن (کۆنتێکست)ێکی مێژووییدا بینیو هەستم کرد باسی ژینگەیەکی واقیعی دەکات کە من تێیدا دەژیم.

(٥)

ئەم قسەیەی ئیکۆ، بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ دانیشتووانی ئەم سووچەی جیهان زۆر دروستە. لێرەدا هەزاران ساڵە لە سێبەری دیکتاتۆرو ستەمکارەکاندا دەژین، هەر لە دیکتاتۆری ئەفسانەییەوە بیگرە بۆ ستەمکاری ئاینیو دواتر زۆرداری ئایدیۆلۆژیو لە ئێستاشدا دیکتاتۆرەکان بە ناوی ناسیونالیزمەوە چالاکنو تارمایی درنجێکی تۆقێنەری دینییش، لە ئاسۆیەکی نزیکەوە سەرەتاتکێ دەکات. مێژووی ئەم ناوچەیە مێژووی دیکتاتۆرەکانە، خەڵکی ئێرە تەنها بۆ ئەوە لێرەن تا دیکتاتۆرەکان بتوانن فەرمانڕەوایی بکەن. ئەم خەڵکانە لە جیهاندا نەژیاون، بوونی ڕاستەقینەیان نەبووە. ئەوەی هەبووەو هەیە، بە تەنها دیکتاتۆرەکانن. ئەمانە ئەو مرۆڤانەن کە ئۆرۆوێل زەندەقی لێیان

چووبوو: چەوساوەیەکی بێباك‌و خۆشخەیاڵ کە وادەزانێت ستەمکار لە بەرژەوەندی ئەودا کاردەکات.

دیستۆپیاکەی ئۆرویل بۆ خۆراوا ڕاست دەرنەچوو، بەڵام ئەی بۆ ئەوانیتر؟ بەڕاست مەبەستم لەوانیتر کێیە؟ کێی دیکە غەیری خۆمان؟

(٦)

ڕۆمانی ١٩٨٤ دژی تۆتالیتاریزمە، گوزارشت لە پشێویی ئاکاریی، شێوانی ئایدۆلۆژی‌و سیستمی سەرکوتکەری نامرۆیی ناوچەی "زەریای گەورە" دەکات (خۆی ناوی لێناوە ئۆشیانیا)، سیستمێك کە پارتێکی ئینسۆك (سوسیالیزمی ئینگلیزیی) تێیدا فەرمانڕەوایەو سەرۆکەکەشی "براگەورەیە" کە ناتوانین بە هیچ جۆرێك بزانین ئایا کەسێتییەکی ڕاستەقینەیە، یان نا. ئەوانەی لەوێ دەژین دووچاری تەڵەزگەیەکی ئاکاریی بوون، توانای بیرکردنەوەی ئەقڵانییانەیان نەماوە، شوناسی تایبەتی خۆیانیان لەدەست داوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بە هاوڕێکانیان‌و کەسوکاریانەوە پچڕاوە، ناتوانن پەیوەندیی هاوڕێیەتی دروست بکەن، بە تەواوەتی نائەقڵانیبوون‌و بیرنەکردنەوەو ڕەفتاری میکانیکی باڵیان بەسەریاندا کێشاوە. هەموویان وەك ئامێر لە لایەن حکومەتەوە وەگەڕخراون‌و هیچ بژاردەیەکیان لەبەردەستدا نییەو ئاسۆیەك نییە بۆ گۆڕانکاریی.

(٧)

ڕۆمانەکە باس لە ئایندەیەکی ئەندێشەکراو دەکات (ساڵی ١٩٨٤) کە چاوەڕوانی ژیانی مرۆڤەکانە، لەوێدا تاکەکان تێکدەشکێنرێن‌و لە مرۆڤبوون دەکەون. ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی وەهایان بۆ دروست دەبێت کە تەنانەت لەسەردەمی بەربەرییەتیشدا شتی وا نەبووە. ژیانێکی پێکەوەیی بێ شوناس‌و بێ بوونی هیچ ئومێدێك دەگوزەرێنن، بەردەوام سەرقاڵی جەنگی نەبڕاوەن‌و ئارامی‌و ئاسایش بەخۆیانەوە نابینن. حیزب کۆنترۆڵی هەموو ژیانیانی کردووە، جەستەو هزریانی کردووە بە موڵکی خۆی. بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم ڕۆمانە سەتایەرەو ڕەخنە لە نامۆبوونی مرۆڤەکان لە سایەی سیستمە تۆتالێتارەکاندا، لە نموونەی مارکسیزمی سۆڤێتی‌و نازیزمی ئەڵمانی دەگرێت.

ڕۆمانەکە جۆرە ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ ئایندە، ترسێکە لەوەی مرۆڤایەتی بکەوێتە حاڵەتێکەوە کە بەتەواوەتی ئازادیی لێ زەوتبکرێت‌و شوناسی مرۆڤبوونی لێ

وەربگیرێتەوە. ئۆرووێل لێمان دەپارێتەوەو دەڵێت:"مەهێڵن ئەمە ڕووبدات". ئەم ترسە سەراپای هزری ئەوروپایی مۆدێرنی داگرتووە، هەر لە نیتچەوە بیگرە تا دەگاتە ئەو بیرمەندانەی بە خۆیان دەڵێن پۆستمۆدێرن. ئەوان پێشبینیی چارەنووسێکی زۆر تاریكو کوشندە بۆ مرۆڤ دەکەن، بەتایبەتی کە تەکنەلۆژیا بە جێگایەك گەیشتووە، خەریکە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر تەواوی مرۆڤایەتی.

(٨)

جۆرج ئۆرووێل ڕۆمانەکەی لە ساڵی ١٩٤٨ دا تەواو کردووەو ناوی لێناوە ١٩٨٤، واتە دوو ژمارەی یەکەمی ساڵی تەواوبوونی هەڵگێڕاوەتەوە. ئەوەی بۆ من جێگای سەرنجەو چەندین جار لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا بیرم لێکردۆتەوە، ساڵی بڵاوبوونەوەیەتی. مەبەستم لەمەیە: ساڵی ١٩٤٩ بە زمانە ئەسڵییەکەی (ئینگلیزیی) کەوتە بەردەستی خوێنەرانو زیاتر نیو سەدەی پێچوو تا بە زمانی عەرەبیو پاشان بە زمانی ئینگلیزیی گەیشتە دەستی من. نازانم چەند جار ئەم ڕۆمانەم خوێندۆتەوە، بەڵام هەموو جارێك ناونیشانەکەی نا، بەڵکو ساڵی بڵاوکردنەوەکەی جێگای سەرنجی من بووە. چونکە ئەگەر منیش هەڵگێڕانەوەیەك بکەم دەبێت بە ١٩٩٤. ئەمە ئەو ساڵەیە کە هەرێمەکەی من بۆ جاری (چەندەمین؟) گیرۆدەی دەستی شەڕی ناوخۆ بوو، لەوکاتەوە تا ئێستاش بە شێوەیەکی سەیر تێیدا دەژین.

لەو ساڵەوە هێدی هێدی بەرەو سیستمێکی تۆتالیتاریی دەڕۆین کە خۆی وەك موڵکداری هەرێمەکەو دانیشتوانەکەی دەناسێنێت.

(٩)

ئەوەی سەرنجم ڕادەکێشێت، جیهانەکەی ئۆرووێل زۆر پیسو پۆخڵە، شتەکان لە جێگای خۆیدا نین، جیهانێکی تەڵخ، ناتەندروست، بەڕادەیەك خەریکە جێگای هەناسەدانی تێدا نامێنێت. ئەگەر سەیرێکی دەوروپشتی خۆت بکەیت، هەست دەکەیت ئەو جیهانە لە دەوری تۆ ئامادەیە. وەستانی سەعاتەکە لەسەر سیانزە، مانای ئەوەیە هیچ جۆرە ئایندەیەك یان ڕابردوویەك لەو جیهانەدا نیە.

ئەوەی هەیە ئێستایەکی قورسو سەختە کە مرۆڤەکان لەناویدا هەڵدەسوڕێن. لەم ئێستایەدا بە شێوەیەکی زۆر ڕۆتینی مرۆڤەکان دیارنامێنن، هیچ شوێنەوارێکیان لێ

جێنامێنێت، هەر بەڵگەیەك دەربارەی بوونیان هەبێت، لە تۆمارە گشتییەكان دەسڕێنەوە. تۆ هیچ كام لەوانە دەناسیت كە لە لەناكاو لە جیهانەكەت بزر بوونو جارێكی دیكە بەهیچ جۆرێك دەرنەكەوتنەوە؟

(١٠)

ئەوەی ئۆرویل لە ڕۆمانەكەیدا باسی دەكات لە دیدی خۆراواییەكانەوە دیستۆپیایە، بەڵام بۆ ئێمەو جیهانی دەوروپشتمان واقیعییەتێكی زۆر تایبەتی تێدایە. ئێمە ڕۆژانە بەر ئەوە دەكەوین كە ئۆرویل باسی دەكات. ئۆرویل دەڵێت: "من نزیكە دڵنیابم كە ئێمە بەرەو سەردەمی تۆتالیتاریی بەڕێوەین، دیكتاتۆرییەت باڵمان بەسەردا دەكێشێت، سەردەمێك كە تێیدا سەرەتا ئازادیی هزر دەبێتە تاوانێكی كوشندە، ئینجا دەكەوینە ناو پەتیبوونێكی بێماناوە.

تاكی سەربەخۆ مۆری چوونەدەرەوە لە بوونی لێدەدرێت." ئەم نوقڵانەیە بۆ ئەوروپا ڕاست دەرنەچوو، بەڵام هەتا ئەم ساتەش بۆ ئێمە دروستە. ئەو قسەیەی لاورانس دورێل (١٩١٢-١٩٩٠) بۆ ئێمە زۆر دروستە كە دەربارەی ڕۆمانەكە دەیڵێت: مرۆڤ دەتوانێت لە دەوری خۆی هەمووی ببینێت.

(١١)

ئەم كۆمەڵگایە، ئەم دیستۆپیایەی ئۆرویل، ژینگەی لە مرۆڤخستنە، تێیدا هیچ شتێك تامو بۆنی نیە (ئەو بەشە بخوێننەوە كە وینستۆن لەگەڵ كچێكدا لە دیمەنێكی سروشتیدا سێكس دەكەن، دەبینن نە سروشتەكە ڕاتان دەگرێتو نە جووتبوونەكەش زۆر گەرموگوڕە) لەوێدا پۆستەری زۆرو زەوەند بڵاوكراونەتەوە كە هی پیاوێكن دوو سمێڵی ڕەشی چڕی هەیەو لە بەرزاییەوە لە هەموو كەسێك دەڕوانێت. لەسەری نوسراوە: براگەورە چاوی لێتە.

پاڵەوانی ڕۆمانەكە، وینستۆن سمیس كارمەندە لە وەزارەتی هەقیقەت، لە ناخی خۆیدا ڕقی لە سیستمەكەو پارتی فەرمانڕەواشە، یەكێك لەو كارە مەترسیدارانەی ئەنجامی دەدات، نووسینەوەی یادەوەرییەكانی خۆیەتی، ئەمەش لەوێدا بە "تاوانی هزر" دادەنرێت.

(١٢)

دەمەوێت لێرەدا شتێك بڵێم، ڕەنگە زۆر کەس بڕوا نەکات: ڕۆژێکیان چوومە پارکی هەواری شار، ئوتومبیلێك، لەوانەی لای خۆمان پێی دەڵێن وەنەوشە، لێی نوسرابوو: چاودێریی هەواری شار. کە پرسیارم کرد زانیم ئەم ئوتومبیلە بەردەوام دوو کەسی تێدایەو بە پارکەکەدا دەگەڕێنو لە هەر جێگایەك کچ وکوڕێکیان پێکەوە بینی دەریان دەکەنو لێناگەڕێن خەڵك دوو بە دوو پێکەوە بن. بەڵێ، براگەورە لە هەموو جێگایەك، چاوی لێتە.

(١٣)

ڕۆمانەکە ئایندە بینە: ڕۆژگارێك دێتە پێشەوە کە تۆتالیتاریزم باڵی بەسەردا کێشاوە. تاکگەرایی مردووە، مێژوو و واقیع مەسەلەی ڕاو بۆچوونن. بەڵام ئەمە لە ١٩٩١دا ڕوویدا. ئەم ڕۆمانە زۆر پەیوەستە بە کەلتوری جەماوەرییەوەو جۆرەها وێنەی هەیە. ئێستا لە سەردەمێکی تاریکدا دەژین. ئۆروێل ئینتەرنێتو سیاسەتەکانی سەدەی ٢١ی نەبینیووە. ئەمە زۆر پەیوەندیی بە وێنەکەوە هەیە: چاودێرییکردنی بەردەوامی هەموو تاکێك لە ڕێگای ئینسۆکەوە، ئاگاییو بێداریی بەردەوامی حکومەتەکان بەسەر هاوڵاتییەکانیەوە، ئەمجۆرە لە پەیوەندیی زۆرتر تەشەنەی کردو کۆمەڵگایەکی نەگبەتی بەرهەم هێنا.

(١٤)

ئێمە باس لە ئایندەیەك دەکەین کە سەبارەت بە ئۆروێلەوە، جیهانێکە بووە بە ڕابردوو، بەڵام بۆ ئیمە ئێستایە. ئەو دەڵێت جیهانەکەمان زۆر ناخۆش دەبێت، هەر جووڵەیەکی مرۆڤایەتی بگریت چاودێریی دەکرێتو لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێت. ئۆروێل سەیری کامێراکەی کردو وتی ئەوە چەند ناخۆش دەبێت. نەوزار وادەکات، زمان هەر ئەوەندە بەکەڵکی ئاخاوتنی ئاسایی بێتو هیچی دیکە، بەڵام ئاخاوتنێك جیا لە ئاگایی. ئاگایی وەك هوشیاریمان بەرامبەر خۆمانو ژینگەکەمان، لەگەڵ توانای تاقیکردنەوەو ئەزمونکردنی ژیانو هەستکردن بە سۆزەکان.

شیکردنەوەی کاراکتەرەکان

کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە وینستۆن سمیسە، لەپاڵ ئەودا دوو کاراکتەری دیکەی سەرەکییش هەن، ئەوانیش جولیاو ئۆبەریانن. ژمارەیەك کاراکتەری دیکەش ڕۆڵی ناوەندییان پێدراوە، با بەرلەوەی هیچ قسەیەك بکەم، باسی ئەمانەتان بۆ بکەم. کارەکە بە شێوەیەکی ئاسایی ناکەم، واتە بە تەنها خاسییەتە دراماییەکانی کەسێتییەکانتان بۆ ورد ناکەمەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەم لەپاڵ ئەوەدا بەردەوامی بە ئەرگومێنت کردن بدەم.

وینستۆن سمیس

(١)

ئەندامێکی پلە نزمی پارتی فەرمانڕەوایە. پیاوێکی تەمەن ٣٩ ساڵانی لاوازو بێهێز، بەڵام خاوەنی بیرکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیەو لە ناخی خۆیدا دژی کارەکانی حکومەتە ستەمکارەکەیەتی. دەمەوێت هەر لە سەرەتاوە سەرنجی ئەوە بدەن کە ئۆرویل وینستۆنی وەها خولقاندووە کە لە تەمەنی خۆی گەورەتر دیاربێتو نەخۆشو بێهێز بێت، لەکاتێکدا کە براگەورەی وەها وێناکردووە کە شەش ساڵ لە وینستۆن گەورەترەو تەندروستییەکی زۆر باشیشی هەیە. ئێمە لە چاوی وینستۆنەوە سیستمەکە دەبینینو لە هەستو سۆزەکانی ئەوەوە درك بە قورسایی تۆتالیتاریزمو ئەو جیهانە دێوەزمەییە دەکەین کە دروستی دەکات.

(٢)

سەرنجی ئەم ئاماژانە بدەن: وینستۆن لە ئاپارتمانی سەرکەوتن دەژی، جگەرەی سەرکەوتن دەکێشێتو جنی سەرکەوتنیش دەخواتەوە! بەیانیان کۆکینێکی زۆر ناڕەحەت دایدەگرێت، قاچەکانیشی بێهێزنو لەکاتی سەرکەوتندا بۆ شوقەکەی خۆی چەند جارێك لەسەر پلیکانەکان وچان دەدات.

ئۆروێل دەیەوێت لە ڕێگای ئەم ئاماژانەوە چیمان پێ بڵێت؟ لەبەرئەوەی ئێوە لاونو سەردەمی پێشووترتان نەبینیووە. من نموونەیەکی ماوەی فەرمانڕەوایی سەدام حسێنتان پێ دەڵێم: حکومەتەکەی سەدام ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێرانی کرد. لە سەرەتادا دروشمەکەی "سەرکەوتن" بوو، پاشان بوو بە "ڕۆحی سەرکەوتن" دوایی گۆڕا بۆ "پاراستنی ڕۆحی سەرکەوتن". کۆتاییەکەشی وێرانبوونی وڵاتەکە بوو کە تا ئێستاش کاریگەریی هەر ماوە.

(٣)

وینستۆن چ کارەیە؟

ئەو لە بەشی تۆمارەکانی وەزارەتی هەقیقەت کاردەکات، کاری ئەو بریتییە لە نوسینەوەی مێژوو بەوجۆرەی کە براگەورە دەیەوێت، تەنانەت دەبوو لە بچووکترین وردەکارییەکانیشدا، تا ئەو ئاستەی دەستکاریی پلەکانی گەرماو کەشوهەواش بکەن تا لەگەڵ قسەکانی براگەورەدا بسازێت. ئۆروێل زۆر زرنگانە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە یەکێك لەو شتانەی وینستۆن زۆر ڕقی لێیانە، چالاکییە پێکەوەییەکانە، لە نموونەی دوو خولەکی ڕقلێبوونەوە. حەزیشی لە نووسینە. بێگومان ئەمە خولیای خودی نوسەریشە، کە هەر لە منداڵییەوەو بە پێچەوانەی ئارەزووی دایكو باوکیەوە، حەزی دەکرد ببێت بە نووسەر.

(٤)

وینستۆن مۆرکێکی یاخیبوونو ناڕازیبوونی تێدایە، دژی کارە قێزەونەکانی پۆلیسی هزرو براگەورەو سەرجەمی ئەو کارە نامرۆییانەی کە حیزب ئەنجامیان دەدات. سۆزو ئارەزووێکی زۆری بۆ زانینی مێژووی رابردوو هەیە، بەڵام بە باشیی لە یادەوەرییدا نەماوەو تەنها وەك تارمایی هەندێك شتی لەبیرماوە. وینستۆن نوێنەری

پرسیارە زۆر گرنگەکەیە کە دوا بەدوای هەموو شۆڕشێك دێتە ئاراوە: ئایا پێش شۆڕش خۆشتر دەژیاین یان ئێستا؟ ئێوە بە حوکمی ئەوەی هەمووتان دوای ساڵی ١٩٩١ لەدایك بوون، ناتوانن ئەندێشەی ئەم پرسیارە بکەن. بەڵام هێشتا کەسانێك ماون، کە یادەوەرییان بە تەواوەتی نەسڕاوەتەوە، دەتوانن ئەم پرسیارەیان ئاڕاستە بکەن، بە تایبەتی لە بارەی خزمەتگوزاریی‌و داهاتی مانگانەی تاکەکانەوە.

(٥)

یاخیبوونەکەی وینستۆن جیاوازە لە هی جولیا، چونکە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی تایبەتەو چاوی بڕیوەتە ژیانێکی باشتر، بەڵام جولیا تەنها لە پێناوی چێژەکانیدا یاخی بووە، کەسێکی جێگیر نیەو تا ڕادەیەکیش خۆپەرستە. وینستۆن زۆر ناڕازییە لە کارەکانی حیزب‌و پرسیار دەکات، بۆچی ئەم هەموو دەسەڵاتەی هەیەو بۆچی ئاواهی کەسەکان لە شوناسی خۆیان ڕووت دەکاتەوە. ئۆرویل لە توێی وینستۆنەوە کردەکانی کۆنترۆڵکردن‌و بەتاڵکردنەوەی مرۆڤەکان لە هەستی ئاکاریی، بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە؛ پێمان دەڵێت چۆن مومارەسەی تۆقاندن‌و هەراسانکردنی دەرونی‌و جەستەیی دەکات. هەروەها پێشمان دەڵێت کە زۆر گرنگە ڕابردوو لەبیر نەکەین.

بۆیە دیارترین سیفەت کە وەك کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە لە وینستۆندا هەبێت، ئامادەییەتی بۆ یاخیبوون‌و گوێڕایەڵی نەکردن. هەر لەو ساتەوە کە یەك لەسەر یەك دەنوسێت "بڕوخێ براگەورە" تا دەگاتە پەیوەندییە سێکسییە نایاساییەکەی لەگەڵ جولیادا، بۆ ئەندامێتیی لە ڕێکخراوی یاساغی برایاندا، تێدەگەین ئێمە لەبەردەم کەسیکی سەرکێشداین. بەڵام کۆتاییەکەی زۆر تۆقێنەرە. دواجار دەبینین وینستۆن براگەورەی خۆش دەوێت. ئەمە یانی چی؟ یانی ئەوەی ئۆرویل خۆی ئاگادارمان دەکاتەوە: لێمەگەڕێن ئەمە ڕووبدات، کە ڕوویدا، ئیتر بەرەنگاربوونەوەی زۆر زەحمەتە.

(٦)

کاتێك ڕۆمانەکە دەخوێنینەوە، هەست دەکەین هاوسۆزییمان لەگەڵ وینستۆن هەیە، کەسێکە دەچێتە دڵەوە، لەناو جیهانێکی تاریك‌و تەڵخدا، هێشتا ڕۆشناییەك لە ناخیدا ماوە. ئۆرویل بە ئەنقەست کاراکتەرەکەی وەها داڕشتووە، دەیەوێت وامان لێبکات لەودا خۆمان ببینین، بەهۆی ئەوەوە سەیری ناخی خۆمان بکەین‌و ببینین ئاخۆ

هیچ تروسکەیەکی تێدا ماوە، یاخود بە تەواوەتی هەرەسمان هێناوە. بە خێرایی بەراوردێك بکەین؟

1.وینستۆن ئەندامێکی بچووکی پارتی دەرەکییە (دوایی باسی دەکەم). ئەی ئێوە؟ سەرنجی ئەوەتان داوە کەسی یەکەمی حیزبەکان پەنجا ساڵ لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوەو دوایی پۆستەکە بۆ کوڕەکانیو پاشان نەوەکانی جێدەهێڵێتو ئێوەش هەر لەو پۆستە بچووکانەدا دەمێننەوە.

2.جەستەیەکی ناساغی هەیەو لە تەمەنێکی کەمدا نیشانەکانی پیریی لێ دەرکەوتووە.

3.جنێکی خراپ دەخواتەوەو جگەرەیەکی خراپیش دەکێشێت. بەڕاست! ئێوە (ئارەقی فەل)تان بیستووە؟

4.وینستۆن سەرلەنوێ خەریکی نوسینەوەی مێژووە؛ کارێك کە خۆی باوەڕی پێی نییە!

5.لەگەڵ جولیادا پەیوەندیی دەگرێتو لەناکاو چیرۆکە کۆتایی دێت.

6.کۆتاییەکەی بەوە دەگات کە هەست دەکات براگەورەی خۆش دەوێت.

(٧)

ئۆرویل پێمان دەڵێت ئەگەر فریای خۆتان نەکەون، لە ئایندەدا هەمووتان دەبن بە وینستۆن! ئێوە دەزانن کاتی خۆی یەکێك لە دروشمەکانی بەعس ئەمە بوو: "عیراقییەکان هەموویان بەعسین، با پەیوەندیشیان نەبێت". چۆن ئایندەیەك چاوەڕێمانە؟ ئایندەیەکی تۆقێنەر، کە تێیدا ڕەنگەکان دەچنەوەو نامێنن، خواردنو خواردنەوەکان تامیان دەگۆڕێتو کامێراکانی چاودێریی (تێلیسکرین لە ڕۆمانەکەدا) هەموو جووڵەیەکتان تۆماردەکەن.

ئەگەر بمەوێت بەردەوام ببم، دەتوانم بە درێژایی باسەکە تەنها باسی وینستۆنتان بۆ بکەم، بەڵام با ئەوەندە بەس بێتو چەند پرسیارێك بۆ خۆتان جێدەهێڵم:

هەست دەکەن وینستۆن گەشبینییەکی ساختەی هەبوو؟ زوو متمانەی بە ئۆبراین کرد، زۆر بە خێرایی ژووری سەرەوەی میستەر چارینگتۆنی بەکرێ گرت بۆ ئەوەی لەوێدا لەگەڵ جولیادا یەکتریی ببینن، ئەمە چۆن دەبینن؟ لەکاتێکدا ئۆرویل ئاماژەی زۆرمان پێدەدات کە وینستۆن لەناخی خۆیدا دەیزانی ڕۆژێك دەکەوێتە دەستی پۆلیسی هزرەوە، تەنانەت کاتێك لە زیندان دەبێت، بۆ ئۆبراینی ئاشکرا دەکات کە دەیزانی ڕۆژێك دەکەوێتە داو! هەست ناکەن وینستۆن لە جیهانێکدا دەژیا کە گەشبینیەکی ئەقڵانییانە

تێیدا مەحاڵە، جێگایەك بۆ ئومێد نەماوەتەوە، مەگەر خۆی فریو بدات! بیر لەم پرسیارە بکەنەوەو سەیری ئەو جیهانەش بکەن کە خۆتان لەناویدا دەژین. ئەم پرسیارانە لە جۆری ئەوانەن کە ڕۆژانە لەو کەسانەی دەکەن کە هێشتا دەماری یاخیبوونیان نەمردووە.

جولیا

(١)

ئافرەتێکە قژێکی تۆخی هەیەو تەمەنی بیستو شەش ساڵانە، لە بەشی ئەندێشەی هەمان وەزارەت لەگەڵ وینستۆندا کاردەکات. پڕە لە چالاکیو وەك ئەندامێکی پەرۆشی حیزب دەردەکەوێت، کە سەرەتا وینستۆن گومانی لێدەکات، بە تایبەتی کە دەبینێت زۆر چالاکانە بەشداریی دوو خولەکی ڕقلێبوونەوە دەکات. سەرنج بدەن، ئۆروێل ملپێچێك یان شتێکی لەو جۆرەی داوە بەسەر شانی جولیادا، کە ئاماژەیە بۆ ئەوانەی دژایەتی سێکسکردن دەکەن. ئەمە چیمان پێدەڵێت؟ لە دەوروپشتی خۆتاندا چی هاوشێوە دەبینن؟ زانیمان جولیا پەیوەندییەکی لەگەڵ وینستۆندا هەیە، ئایا دەتوانین ناوی بنێین خۆشەویستیی؟ ئاماژەکان پێمان دەڵێن بەڵێ؛ بەڵام وەڵامی کۆتایی بۆ خۆتان لێدەگەڕێم. جولیا تاکە کەسە کە وینستۆن بە دڵنیایی دەزانێت ڕقی لە حیزبەو ئارەزووی یاخیبوونی هەیە. بەڵام وەك وتم، ئەم دوو کەسە ئامانجی جیاوازیان هەیە: جولیا کەسێکی چیژگەرایە، وینستۆن خاوەنی پرەنسیپە، بیروباوەڕی هەیە. ئێمە لە کۆتاییدا نازانین جولیا چی بەسەردێت، ئەوە دەزانین کە هەردووکیان دەستگیر دەکرێن، بەڵام ئیتر جولیا دەبێت بە چیرۆکێك لەوێ، ئەوەی ڕاستەوخۆ ئازارو ئەشکەنجەکانی لەسەر تاقیدەکرێتەوە بە تەنها وینستۆنە، تەنها لە گێڕانەوەدا بەر جولیا دەکەوین.

(٢)

پرسیار: ئایا ئەگەری ئەوە هەیە جولیاش لە هەمان خەتی ئۆبریانەوە کاربکات؟ واتە ئەویش لەناو ئەو سیناریۆیەدا بێت کە بۆ وینستۆنیان دروست کردووە؟ من هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە، ناتوانم بڵێم بەڵێ. بەڵام ئێوەش کە ڕۆمانەکەتان خوێندۆتەوە، ڕای تایبەتی خۆتانتان هەیە. شتێکی تریش تەنها بۆ هەژاندنی مێشکتان:

ئێوە چیرۆکی ڕۆمیۆو جولێتتان بیستووە، بە دڵنیایی ژمارەیەکیشتان شانۆییەکەی شەکسپێرتان خوێندۆتەوە. هەست ناکەن هاوشێوەییەك لەنێوان هەردوو ناوی (جولێت)و (جولیا)دا هەیە؟ یانی دەمەوێت بڵێم ئەوە ڕێکەوت نییەو جولیا جولێتی وینستۆنە.

(٣)

جولیا کەسێکی هەستیارە، هاوکات پراکتیکیشە، بە هەموو بوونییەوە هەوڵ دەدات لە ئێستادا بژی، ساتەکانی ژیانی خۆی بەکاربهێنێت، گوێ ناداتە ئەوەی چی ڕوودەدات. ئەو ئامادەیە پەیوەندیی بکات بە ڕێکخراوی برایانەوە، لەگەڵ وینستۆندا پێکەوە کتێبەکەی گۆڵدشتاین دەخوێننەوە؛ بەڵام زیاتر خەیاڵی لای سێکسە. وینستۆن ناتوانێت ئەندێشە بکات کە پەیوەندییەکی درێژخایەنیان دەبێت، بۆیە زۆر گوێ ناداتە ئەو ئاماژەیەی جولیا پێی دەدات: لەگەڵ چەندین ئەندامی حیزبدا سێکسم کردووە. هەرچۆنێك سەیری جولیا دەکەم، خاسییەتو سیفەتەکانی لەگەڵ وینستۆندا یەك ناگرنەوە.

(٤)

جولیاو وینستۆن یەکێك لە مەترسیدارترین تاوانەکان ئەنجام دەدەن: سێکس! ئەمەش تاکە شتێکە کە جولیا پێویستی پێیەتی، ئەو دەیەوێت بەردەوام سێکس بکاتو پێ لەوەش دەنێت کە لەگەڵ گەلێك لە ئەندامەکانی حیزبدا سێکسی کردووە. کاتێك کوتە کاغەزێك دەداتە دەستی وینستۆن کە تێیدا نوسراوە "خۆشم دەوێیت" وادەزانین چیرۆکێکی خۆشەویستیی دەستپێدەکات، بەڵام دواتر بۆمان دەردەکەوێت مەسەلەکە چیرۆکێکی درێژی سێکسکردنەو ئەمەش یەکێکە لە وێستگەکانی ژیانی.

ئۆبراین

(١)

ئۆرویل زۆر شتمان دەربارەی ئەم کەسێتییە بۆ ئاشکرا ناکات، هێندە نەبێت کە ئەندامێکی باڵاو بەهێزی حیزبی ناوەکییە. وینستۆن بەردەوام لێی دەسڵەمییەوە، تا جولیا دڵنیایی پێدەدات کە ئەویش دژی حیزبە. ئۆرویل بە شێوەیەك ئەم کەسێتییەی لە ناو تەمومژدا هێشتۆتەوە کە تا کۆتایی ناتوانین بە باشیی لێی تێبگەین. بە بڕوای ئێوە،

ئۆبراین لە کام ئەندامەی سەرکردایەتیی حیزبەکانی خۆمان دەچێت؟ من دوو ناوم لە خەیاڵدایە، بەڵام ئەوە لێدەگەڕێم بۆ خۆتان.

ڕۆمانەکەی ئۆرویل زیاتر پرسیارمان لا دەوروژێنێتو زۆرمان دەربارەی ئەم ئەندامەی پارتی ناوەکی پێناڵێت. دەزانین کەسیکی کەتەو زلەیە، ملێکی ئەستوورو سیمایەکی وەحشییانەی هەیە. بەردەوام پۆشاکی ڕەش دەپۆشێت. تەمەنی چل ساڵانێك دەبێت.

(٢)

ئێوە سەرنجی ئەوەتان داوە کە ئۆرویل وردەکارییەکانی ژیانی وینستۆنمان پێدەڵێت، کەچی شتێکی ئەوتۆمان دەربارەی ئۆبراین بۆ ئاشکرا ناکات! هەرخۆی جیهانی تۆتالیتاریزم ئاواهییە، ناتوانیت بە ئاسانیی تێبگەیت کە چی ڕوودەدات. ئایا هەرگیز ئەم پرسیارە بە مێشکتاندا هاتووە: وڵاتی فەیلەسوفانو هونەرمەندان، مەبەستم ئەڵمانیایە، چۆن ئاوا خۆیان ڕادەستی هیتلەر کرد؟ ئەمە پرسیارێکی گرنگە، دەبێت زۆر بیری لێ بکەینەوە.

(٣)

ئۆرویل زۆر شتمان بۆ لێکناداتەوە، زۆر شت لە ژیانی ناوخۆی حیزبو سەرکردەکانی، لە نموونەی ئۆبراین، هەیە نایزانین. بەڕاست! ئێوە چی دەربارەی حیزبەکانو سەرکردەکانیان دەزانن؟ ئەی نابینن چۆن ژیانیان لە تەمومژ هەڵکێشراوەو جۆرەها دیواری کۆنکرێتیو تەلی درکاویو کامێرای چاودێریی، لە ئێوەیان جیادەکاتەوە. من بە چرپە نهێنییەکتان پێ دەڵێم: مێژوو دەریخستووە کە هەمیشە لە پشتی ئەو هەموو خۆپارێزییەوە، ژمارەیەك کەسی ترسنۆك هەن، کە دواجار وەك سەدام حسێن لە کونە جرجێکدا دەستگیر دەکرێن. با ئەمە لەنێوان خۆماندا بمێنێتەوە. ئۆرویل خۆشی هەر ئەمەمان پێدەڵێت: ئەوە سەگەکانن کە کارەکە بۆ شوانەکە مەیسەر دەکەن، بەبێ سەگەکان، شوانەکە هیچ دەسەڵاتێکی نییە. شوانی مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بتوانێت بمێنێتەوە، بەردەوام سەگەکانی لەناو دەباتو سەگی دیکە ڕادەگرێت. نموونەتان بۆ بهێنمەوە؟

(٤)

لە ڕەوتی ڕووداوەکانەوە تێدەگەین زۆر دەمێکە وینستۆن لەژێر چاودێرییدایە؛ ئۆبراین خۆی دەیکات بە ئەندامی گروپی برایانی یاساغو دوای دەستگیرکرانی، هەر ئەو

ئەشکەنجەی دەدات. ئەم تەمومژە لە دەوری کەسێتی براگەورەو ئۆبراینو بگرە تەنانەت حیزبیش، هەتا کۆتایی بەردەوام دەبێت. ئەمە چیە؟ پرۆسەیەکی درێژخایەنی شۆردنەوەی مێشکەکانە. ئۆروێل بە بەردەوامیو لە هەموو جێگایەکدا هاوارەکەی دووبارە دەکاتەوە: لێمەگەڕێن ئەمە ڕووبدات، کە ڕوویدا ئیتر ڕاوەستاندنی زۆر قورسە.

(٥)

پرسیارەکان دەربارەی ئۆبراین زۆرن، بەڵام شتێك کە زۆر سەرنجم ڕادەکێشێت پرسیارێکی وینستۆنە. کە لە کۆتایی ڕۆمانەکە نزیك دەبینەوە، لەناکاو لە ئۆبراین دەپرسێت:"تۆ هەرگیز دەستگیرکراویت؟" ئەویش وەڵامی دەداتەوە:"زۆر دەمێکە منیان دەستگیر کردووە". ئەمە یانی چی؟ ئایا ئۆبراینیش بە هەمان پرۆسەی وینستۆندا تێپەڕیوە؟ من وەڵامی ئەم پرسیارە نادەمەوە، بەڵکو پرسیارێکی دیکە دەکەم: ئایا گروپی برایان داهێنراوێکی دیکەی حیزب نییە بۆ کەشفکردنو دۆزینەوەی نەیارەکانی؟ لە ڕۆمانەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەست ناکەوێت؛ بەڵام سەرنجی دەوروپشتی خۆتان بدەن، هەرکاتێك نەیارێك بۆ فەرمانڕەواکانی هەرێمەکەتان پەیدا دەبێت، یەکسەر پڕوپاگەندەیەك بڵاودەبێتەوە: ئەوانە پیاوی دەسەڵاتن! تا چەند ئەمەتان بۆ یەکلایی کراوەتەوە.

میستەر چارلینگتۆن

(١)

بێوە پیاوێکی پیرەو لە ماڵەکەی خۆیداو لە ناوچەی پرۆلەکان، دووکانێکی فرۆشتنی کەلوپەلی بەکارهێنراوی داناوە. تەمەنی شەست ساڵێك دەبێتو سەروقژی سپی بووەو کەمێکیش کۆماوەتەوە. برۆیەکانی چڕن، بەڵام هێشتا ڕەشن. وینستۆن ڕێی دەکەوێتە ئەوێو هەندێك قسە دەکەنو چەند شتێکی لێدەکڕێتو لە کۆتاییدا ژوورێکی لە نهۆمی سەرەوەی دووکانەکەی لێ بەکرێ دەگرێت، دوایی بۆی دەردەکەوێت ژوورەکە تابلۆیەکی گەورەی لێ هەڵواسراوە، بەڵام تێلیسکرینی لێ نییە. دواتر دەردەکەوێت کە تێلیسکرینەکە لەژێر تابلۆکەدا بووەو هەموو قسەکانی وینستۆنو جولیای بۆ پۆلیسی هزر گواستۆتەوە، ئایا جارینگتۆن خۆی ئەندامی ئەو بەشەی پۆلیس بووە. میستەر

چارینگتۆن وەڵامی پرسیارەکانی وینستۆن دەداتەوە، هەندێك زانیاریی لەگەڵ دەگۆڕێتەوە؛ بەڵام هەرگیز پرسیار ناکات.

(٢)

ئۆرویل ئەم کەسایەتییەی وەها داڕشتووە کە کەم قسە دەکات، ساردوسڕە، وریایە، بەنهێنیی کاردەکاتو چاودێریی رەعییەت دەکات. وینستۆن وەهای بۆ دەچێت ئەم پیاوە کاتی خۆی موزیکژەن یان نووسەر بووبێت. تێبینی ئەوەش دەکات کە بە زمانێکی تا ڕادەیەك لێزانو پاراو دەدوێتو لە شێوازی قسەکردنی پرۆلەکان جیاوازە. زانیاریشی لەبارەی مێژووی لەندەنەوە هەیەو خۆی وا پیشان دەدات کە وەك وینستۆن گرنگی بە ڕابردوو دەدات، بەوەش نێوانخۆشییەك لەگەڵیدا دروست دەکات. ئەو دەفتەرەی پێ دەفرۆشێت کە یاداشتەکانی خۆی لەسەر تۆمار دەکاتو تاوانە کوشندەکە ئەنجام دەدات

(٣)

کاتێك وینستۆن بۆی دەردەکەوێت چارلینگتۆن ئەندامی پۆلیسی هزرە، شێوەی دەگۆڕێت، ئیتر دەبێتە کەسێکی ٣٥ ساڵانو قژی ڕەشەو هیچ چرچو لۆچییەکیش لە دەمووچاویدا نییە. هەروەها نەشچەماوەتەوەو بە ڕێکی دەڕواتو زۆریش لەوە وریاترە کە ئەندێشەی دەکرد، تەنانەت شێوازی قسەکردنیشی دەگۆڕێت. ئۆرویل هەوڵ دەدات تێمانبگەیەنێت کە پۆلیسی نهێنیی زۆر وریایانە کاردەکات، توانای خۆحەشاردانو خۆگۆڕینی هەیە، دەتوانێت وەك مارمێلکە ڕەنگی خۆی بگۆڕێت.
لێرەدا دەوەستم، لەوانەیە لەداهاتوودا باسی پرۆلەکانو براگەورەو گۆڵدشتاینتان بۆ بکەم.

باشی‌و خراپییەکانی مێژوو



فریدریش نیچە

و: لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

"ڕقم لە هەموو ئەو شتانەیە کە تەنیا پڕ زانیاریم دەکەن، بێ ئەوەی چالاکیم زیاد بکەن، یان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ژیانم پێ ببەخشن". بەم قسەیەی گۆتە -کە پێمان وایە لە دڵەوە هەڵقووڵاوە- دەست بە ڕامانەکانی خۆمان لەبارەی بەهاو بێ بەهایی مێژوو دەکەین. بۆیە پێویستە ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: بۆچی پێویستە فێربین بێ ئەوەی هەست بە داڕژانی ژیان بکەین، بێ ئەوەی هەست بەو زانستە بکەین کە دەبێتە

هۆی خەواندنی کارایی‌و چالاکی، مێژوو کە پڕە لە زێدە مەعریفەی بەهادار، بۆچی پێویستە ڕقمان لە هەموو ئەم شتانە ببێتەوە، وەکو ئەوەی گۆتە ئاماژەی بۆ دەکات؟ چونکە ئێمە هێشتا پێویستیمان بە شتی زەروری هەیە، لەبەر ئەوەی زێدەیی دوژمنی پێویست بوونە.

بێگومان ئێمە پێویستیمان بە مێژوو هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز لەو کەسانەی لە ناو باخچەی زانست بە خاووخلیسکی دێن‌و دەچن، بێ ڕەچاوکردنی نیگای پڕ لە ڕق‌و قینەیەی ئەو کەسانەی لە سەرەوەڕا تەماشای پێداویستییە ناشیرینەکانمان دەکەن. ئەمە مانای وایە ئێمە پێویستیمان بە مێژووە بۆ ژیان‌و ئیشکردن هەیە، نەك بۆ ئەوەی بە ئیسراحەت پشت لە ژیان‌و ئیشکردن بکەین، یا بۆ ئەوەی ژیانی خۆپەرستی‌و کاری ترسنۆکانەو خراپ، جوان بکەین‌و بە جوانی پیشانیان بدەین. ئێمە دەمانەوێت بەو ڕادەیە خزمەتی مێژوو بکەین، کە مێژوو لەسایەیەوە خزمەتی ژیان دەکات، بەڵام شێوازێك هەیە بۆ مومارەسەکردنی مێژوو و ئاڕاستەکردنی بەرەو وشکبوون‌و ئاستنزمی پاڵ بە ژیانەوە دەنێت، ئەمە دیاردەیەکە -ئەگەرچی ئازاربەخشیشە- بەڵام پێویستە لەمیانەی نیشانە تایبەتەکانی زەمانی خۆمانەوە توێژینەوەی لەبارەیەوە بکرێت.

من هەوڵمداوە ئەم هەستە ڕوون بکەمەوە کە هەمیشە ئازاری داوم، بۆیە لەمیانەی خستنە ڕووی بۆ بەردەم ڕای گشتی، دەمەوێت تۆڵە لەم هەستە بکەمەوە، ڕەنگە کەسێك هەبێت ئەم جۆرە وەسفە پاڵی پێوەبنێت بۆم ڕوون بکاتەوە، ئەمیش ئەم هەستە دەناسێت‌و منیش بایی پێویست بە شێوەیەکی ڕەسەن‌و پەتی هەستی پێناکەم‌و نەمتوانیووە بە وردی‌و بە شێوەیەکی گونجاو گوزارشتی لێبکەم.

ڕەنگە هەندێك کەس ئەوها بڵێن، بەڵام زۆرینەی خەڵکی پێم دەڵێن مەسەلەکە پەیوەستە بە هەستێکی تەواو هەڵەو بێزراوو نا سروشتی، کە زۆر بە سادەیی ڕێگای پێنادرێت، منیش لەمیانەی ئەم قسەیەمەوە پووچی خۆم بەرانبەر بە ڕەوتێکی مێژووگەرای بەهێز پیشانداوە، کە دەزانین دوو نەوە پێش ئێستا لە ئەڵمانیا سەری هەڵداوە. بەڵام من لەسایەی وەسفکردنێکی سروشتییانەی هەستەکانی خۆم، لەبری ئەوەی زیان بەم پرسە بگەێنم، زیاتر پاڵپشتی لە نەریتە گەردوونییەکان دەکەم، چونکە لەمیانەی ئەم کارەم دەرفەت بە زۆر کەس دەدەم ستایشی گەورەیی‌و کاریگەری ئەم ڕەوتە بکەن. لەبارەی خۆمەوە، من شتێکی زۆر لەوە زیاتر قازانج دەکەم کە ئەم جۆرە

نەریتە هەیەتی، ئەویش بریتییە لەوەی من ئاگاداربم‌و شارەزاییم لەبارەی بابەتی زەمانی خۆمان هەبێت.

ئەگەرچی ئەم شتە لە زەمانی خۆیدا نییەو پێش زەمانی خۆیشی کەوتووە، بەڵام من دەمەوێت لە شتێك تێبگەم زەمانەکان بتوانین بەڕاستی شانازی پێوە بکەن، مەبەستم لە کولتووری مێژوویی خۆمانە، دەمەوێت وەکو جۆرێك لە شەڕخوازی لێی تێبگەم‌و تەماشای بکەم، وەکو نەخۆشییەك یا کەموکووڕییەکی سەردەمی خۆمان تەماشای بکەم، چونکە پێموایە هەموومان تایەکی خراپی مێژووگەراییمان گرتووەو بەرەو وێران بوونمان دەبات‌و پێویستە -بەلایەنی کەم- بزانین تووشی ئەم جۆرە پەتایە بووین.

گۆتە ڕاستی گوتوە کە دەڵێت:" کاتێك ئێمە چاکەکانی خۆمان دەچێنین، لە هەمان کاتیش دا گوناهەکانیشمان دەچێنین"، هەموومان دەزانین چاکەخوازی قەبەکراو -پێم وایە مانای مێژوویی سەردەمەکان وایە- دەتوانێت هەر وەکو گوناهی قەبەکراو ببێتە هۆی وێرانکردنی گەل، بۆیە ڕێگام پێبدەن ئەگەر بۆ یەك جاریش بێت ئەم کارە بکەم. ئینجا پێویستە من بێگوناهی خۆم پیشانبدەم‌و بەرانبەر بەو ئەزموونانەی بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم هەستە ئازاربەخشانە بێدەنگ نەبم، چونکە زۆرینەی ئەم هەستانە لە ناوەوەی من هەڵدەقووڵێن، کاتێك پەنا دەبەمە بەر ئەزموونی کەسانی تریش، تەنیا بە ئامانجی پێوانەکردن یا هاوسەنگی ئەم کارە دەکەم.

بەو سیفەتەی من قوتابی سەردەمە کۆنەکانم -بە تایبەتیش سەردەمی یۆنانی- بۆیە خۆم وەکو منداڵێکی ئەم زەمانەی ئێستا دەزانم فێری ئەو ئەزموونانە بووم‌و ناویان دەنێم: لەکاتی خۆیاندا نین. ئەمەش کەمترین دەستبەردار بوونمە بتوانم وەکو زمانناسێکی کلاسیك بۆ خۆمی بکەم، چونکە من نازانم لە ڕۆژگاری ئیمڕۆماندا فیلۆلۆژیای کلاسیکی چ مانایەکی هەیە، یان چ مانایەك وەردەگرێت، مەگەر ئەو مانایە نەبێت کە کاریگەری بەسەر ئێستامانەوە نییە، بەو مانایەی لە دژی زەمان ئیش دەکات، لەمیانەی ئەم دژایەتییەوە ئیشی لەسەر دەکات، بۆیە هیوادارم بتوانێت لە بەرژەوەندی زەمانی داهاتوو، ئایندەشدا ئیش بکات.

تەماشای ئەو مێگەلە بکە کە لە نزیك تۆوە دەلەوەڕێن، نازانم دوێنێ‌و ئیمڕۆ مانای چییە، لێرە دەچنە ئەوێ گژوگیا دەخۆن‌و دەلەوەڕێن، کە تێریان خوارد پشوو

دەدەنو خواردنەکەیان هەرس دەکەن، پاشان دەست پێدەکەنەوە، ئیتر لە بەیانییەوە تا ئێوارە خەریکی ئەم کارەن، ڕۆژانە ئەمە کاریانە، هەرچەند چێژوەربگرنو بلەوەڕێن، هەرچەند بێزاریش بن لە ژیانی خۆیان، بەڵام قەت نایانبینیت خەمۆکی دایانبگرێتو بێزارییان پێوە دیار بێت. بینینی ئەم دیمەنە بە توندی کار دەکاتە سەر مرۆڤ، چونکە مرۆڤ لەلایەك بەرانبەر بە ئاژەڵ شانازی بە لایەنی مرۆیی خۆی دەکات، لەلایەکی تریش کاتێك شادیو خۆشی ئەو مێگەلە دەبینیت ئیرەییان پێدەبات، بۆ؟ لەبەرئەوەی مرۆڤ خۆیشی هەر ژیانێکی ئەوهای گەرەکە: وەکو ئاژەڵ هەست بە بێزاریو ئێشو ئازارو خەمۆکی نەکات، بەڵام ئەمە خواستێکی بێهوودەیە، مرۆڤ نایەوێت بە هەمان شێوەی ئاژەڵ ئەم خواستانەی بەدیبهێنێت.

ڕۆژێك دێت مرۆڤ لە ئاژەڵ بپرسێت: بۆچی بەس تەماشام دەکەیتو باسی شادیو خۆشییەکانی خۆتم بۆ ناکەیت؟ ئاژەڵیش حەز دەکات وەڵامی بداتەوەو پێی بڵێت: مەسەلەکە پێوەندی بە لەبیرچوونەوەی هەمیشەیی هەموو ئەو شتانەوە هەیە کە دەیەوێت بۆ مرۆڤی باس بکات. لێرەدا بیری دەچێتەوە وەڵامی ئەم پرسیارەش بداتەوەو بێدەنگ دەبێت، مرۆڤیش بە بینینی ئەم دیمەنە زیاتر سەرسام دەبێت.

بەڵام مرۆڤ بەرانبەر بە ڕەوشی خۆیشی سەرسام دەبێت چونکە نەیتوانیوە فێری لەبیرچوونەوە بێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ هەمیشە دەستی بە ڕابردووەوە گرتووە، ئەگەر ڕابکات یا بە خێرایی بڕواتو دووریش بکەوێتەوە، هەمیشە کۆتو بەندی ڕابردووی بە دواوەیە. سەیرو سەمەرەیی چرکەسات لێرەدایە، بە چاو قوچاندنێك ون دەبێت، چرکەساتی پێشتر بوونی نامێنێت، چرکەساتی دواتریش هێشتا بوونی نییەو نەهاتووە، بەڵام چرکەساتی ڕابردوو وەکو تارماییەك دێتە ناو چرکەساتی داهاتوویو تووشی دڵەڕاوکێو شڵەژانی دەکات. لاپەڕەکانی شریتی زەمان بێ وەستان هەڵدەوەرێن، دەکەونە سەر زەویو بەر لەوەی لەناکاو بگەڕێنەوەو بکەونە کۆشی مرۆڤەوە، ڕەشەبا بەرەو دوورترین شوێنیان دەبات.

ئەو کات مرۆڤ دەڵێت:" بەبیرم دێتەوە"، بۆیە بەرانبەر بەو ئاژەڵەی زوو شتەکانی بیردەچێتەوە هەست بە ئیرەیی دەکات، ئاژەڵ کە هەموو چرکەیەك مردن بە چاوی خۆی دەبینێتو نوقمی سەدیمو تاریکی دەبێت، بۆ یەکجارو هەتاهەتایی دەبێت بە هەڵمو لەناودەچێت. بەم شێوەیە ئاژەڵ بە شێوەیەکی نا مێژوویی دەژی: لە ناو ئێستادا دەبێت بە هەڵمو هیچی لێ نامێنێتەوە. ئاژەڵ ناتوانێت خۆی بە شێوەیەك پیشانبدات کە وا

نییە، هیچ شتێك ناشارێتەوە، هەموو چرکەیەك بەو شێوەیە دەردەکەوێت، کە خۆی هەیە، هەمیشە ڕاستگۆیەو نازانێت درۆ بکات.

بە پێچەوانەوە، مرۆڤ کەوتۆتە ژێر بارگرانی ڕابردوو، ئەم بارگرانیە هەمیشە زیاترو زیاتریش دەبێت، فشاری دەخاتە سەر یا پاڵی پێوەدەنێت خۆی لێ بەلاوەبنێت، وەکو بارێکی نەبینراوو تاریك هەنگاوەکانی قورسو سەختتر دەکەن. مرۆڤ دەتوانێت خۆی وا پیشان بدات گوایە نکۆڵی لە مێژوو دەکاتو بایەخی پێنادات، لە ئامادەگی ئەوانیتر ئەم کارە دەکات بۆ ئەوەی بیان ورووژێنێتو بەرانبەری هەست بە ئیرەیی بکەن، بۆیە مرۆڤ کاتێك مێگەل لە مێرگ دەبینێت هەست بە سەرسووڕمان دەکات وەکو ئەوەی بیر لە بەهەشتی لە دەستچووی خۆی بکاتەوە. کاتێك منداڵێك دەبینێت کە هیچ ڕابردوویێکی نییە تا نکۆڵی لێبکات، هەست بە سەرسووڕمان دەکات. منداڵ لەنێوان شووراکانی ڕابردوو و ئایندەدا بە شادییەوە خەریکی گەمەکانی خۆیەتیو بایەخ بە هیچ شتێك نادات. ڕاستە ئەو منداڵەش ناتوانێت هەمیشە هەر خەریکی گەمەکانی خۆی بێت بێ ئەوەی بێزاری بکات، بەڵام لە ڕۆژگارێکی نزیکدا ئەو منداڵەش لە ناو لەبیرچوونەوە دێتە دەرەوە، ئەو کات فێردەبێت بڵێت:"ڕۆژێك لە ڕۆژان."

ئەم وشە کلیلییەی لەسایەیەوە خەباتو ئازارو بێزاری من، حەقیقەتی بوونی خۆی بیردەخەنەوە: ڕابردووم ناتەواوەو هەرگیز کامڵ نابێت. ئەو کاتە مەرگ لەبیرچوونەوە لەگەڵ خۆی دەهێنێت -کە مرۆڤ هەمیشە حەزی لە لەبیرچوونەوەیە- مەرگ دێت ئێستاو بوونیشی لێ دەسێنێتەوەو کۆتایی بەو مەعریفەیە دەهێنێت، کە دەڵێت بوون تەنیا بریتییە لە زنجیرەیەکی نەپساوەو بە دوایەکدا هاتنی ڕووداوەکانی ڕابردوو، شتێکە بۆ ئەوە هەیە تاوەکو نکۆڵە لە خۆی بکاتو وێرانی بکات، هەمیشە دژکارە لەگەڵیدا.

ئەگەر خۆشبەختی یا حەزی شادبوون پاڵ بە بوونەوەری زیندووەوە بنێت تا دەست بە ژیانەوە بگرێت، پاڵی پێوەدەنێت لە ژیان بەردەوام بێت، لێرەدا ئێمە هیچ فەلسەفەکارێك نادۆزینەوە وەکو سینیزمەکان لەسەر حەق بووبن، چونکە شادی ئاژەڵ - کە نمایندەی فۆرمی هەرە کامڵبووی سینیزم دەکات -بەڵگەیەکی ڕاستە لەسەر هەڵوێستی سینیزمەکان. دەکرێت شادیو خۆشبەختی بچووك بێ وەستان بە دەستبهێنرێت و مرۆڤیش بایی ئەوەندە شادو خۆشحاڵ بێتو لە شادی گەورە نزیك بکەوێتەوە، کە تەنیا وەکو نەزوەیەك بەدی دێت، تاوەکو خەیاڵێکی جوان لە ناو بێزارییەکی گەورە دەربکەوێت، وەکو حەزو بێبەشبوون دەربکەوێت، بەڵام شادی -ئینجا

بچووك بێت یا گەورە- هەمیشە بەرهەمی یەك شتەو لەسایەی ئەم شتەوە دەردەكەوێتو بەرجەستە دەبێت، ئەویش توانای مرۆڤە لەسەر لەبیرچوونەوە، یا ئەگەر بمانەوێت بە زمانێكی جیهانی گوزارشتی لێبكەین، دەڵێین: بریتییە لە توانای هەستی نا مێژووییانە بە درێژایی بەردەوامبوونی مرۆڤ.

كەواتە، هەر كەسێك نەتوانێت لە ناو چركەساتی ئێستا نیشتەجێ بێتو هەموو ڕابردوو لەبیر نەكات، هەر كەسێك نەتوانێت لە خاڵێكدا وەكو خواوەندی سەركەوتن بووەستێت، بێ ئەوەی هەست بە سەرسووڕانو گێژبوون بكات، بێ ئەوەی هەست بە ترسیش بكات، هەرگیز هەست بە شادیو خۆشبەختی ناكات. لەوەش خراپتر، ناتوانێت هیچ شتێك بكات كە خۆشیو شادی بخاتە ناو دڵی ئەوانیتر.

با تەماشای نموونەیەكی كامڵتر بكەین: مرۆڤێك بە تەواوی لە توانای لەبیركردن بێبەشەو ناچارە هەموو شتێك لە وەرچەرخانێكی بەردەوام ببینێت، ئەم جۆرە مرۆڤە دواتر بڕوا بە بوونی تایبەتی خۆی ناكات، كاتێك هەموو شتێك وەكو خاڵی جووڵاو دەبینێت، بڕوا بە خۆی ناكات، لە ناو گێژاوی ئەم وەرچەرخانەدا ون دەبێت، وەكو قوتابییەكی ڕاستەقینەی هیراكلیتس ناوێرێت پەنجەی خۆی بەرانبەر بە ڕووداوەكان بەرز بكاتەوە. لەبیركردن بەشێكە لە هەموو كردەیەك، وەك چۆن ژیانی ئۆرگانی تەنیا ڕووناكی تێدا نییە، بەڵكو تاریكیشی تێدایە.

ئەو كەسەی نایەوێت هەست بە ڕووداوەكان بكات تەنیا بە شێوەیەكی مێژوویی پەتی نەبێت، بێگومان وەكو ئەو كەسە وایە كە ناچاركراوە هەمیشە بەئاگابێتو نەخەوێت، وەكو ئاژەڵێك وایە كە ناچار كرابێت هەمیشە ئالیك، یان چەوەڵ بخوات بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە. كەواتە، ڕەنگە بتوانین بەبێ یادەوەری بژین، بتوانین بە شادی بژین وەكو ئەوەی ئاژەڵ دەژی، بەڵام ئەستەمە بەبێ لەبیركردنی ڕووداوو شتەكان، بتوانین لە ژیان بەردەوام بین.

بۆ ئەوەی بە سادەیی گوزارشت لە بابەتەكەم بكەم دەڵێم: لە هەڵهێنجانی مانا لەنێو مێژوودا ئاستو ڕادەیەك لە شەونخوونی هەیە، كە زیان بە بوونەوەری زیندوو دەگەیەنێتو لە كۆتاییدا لە ناوی دەبات، ئەم قسەیە بۆ مرۆڤ و گەلو كولتووریش هەر ڕاستە. لەمیانەی دەستنیشان كردنی ئەم ئاستو ڕادەیەدا، ئەو سنوورە هەیە كە بۆ لەبیركردنی ڕابردوو پێویستە. تاوەكو مرۆڤیش نەبێتە گۆڕهەڵكەنی گۆڕی ئێستا، پێویستە بە وردی هێزی خولقێنەرانەی مرۆڤ و گەلو شارستانییەتەكان بزانین. مەبەستم

ئەو هێزەیە کە لە دەرەوەی خود ڕێگا بە گەشەکردن دەدات، ڕێگا بە وەرچەرخانی شتەکانی ڕابردوو و سەرلەنوێ خاوەندارێتیان دەدات، برینەکانی تیمار بکات، قەرەبووی ئەو شتانە بکاتەوە کە فەوتاونو لە دەستچوون، تا سەرلەنوێ فۆرمە پەراوێزخراوو خاپوورکراوەکان لەمیانەی توانستەکانی خود خۆیەوە بونیاد بنێتەوە.

خەڵك هەیە ئەم توانایەیان لاوازە، زۆر جاریش بە هۆی ستەم، یان برینێکی بچووك خوێنیان لێ دەچۆڕێتو هیچ هیواو ئومێدێکی چاکبوونەوەیان نییە. خەڵکی تریش هەیە ڕووداوە هەرە تۆقێنەرەکانیش زۆر بە کەمی نەبێت، کاریان تێناکات. بۆیە ئەوانە لە ناو قەیرانی هەرە توندوتیژدان، پاشانیش هەست بە حەسانەوەو ویژدان ئاسوودەیی دەکەن. هەر چەندە سروشتی ناوخۆی مرۆڤ خاوەنی ڕەگوڕیشەی بەهێز بێت، ئەوەندە زیاتر دەتوانێت خاوەندارێتی شتی زۆرتری ڕابردوو بکات. ئەگەر بمانەوێت وێنای سروشتێکی هەرە بەهێزو مەزن بکەین، ئەوها پێناسەی دەکەین کە بریتییە لە فەرامۆشکردنی سنووری مانا مێژووییەکان، ئەو مانایانەی دەتوانن بە شێوەیەکی زیانبەخشو مشەخۆرانە کاریگەرییان بە سەریداهەبێت.

سروشتی لەم شێوەیە دەتوانێت هەموو ڕابردووی تایبەت بە خۆیو نامۆ لە خۆیشی بەلای خۆیدا ڕابکێشێتو کۆنترۆڵیان بکاتو بە شێوەیەك لە شێوەکان بیانکات بە خوێن. ئەو شتانەشی کە سروشتی لەم جۆرە ناتوایێت بەسەریاندا زاڵ بێت، دەزانێت چۆن فڕێیان دەداتە ناو گۆشەی لەبیرچوونەوە. هیچ شتێك لێرە نییەو ئاسۆش بە تەواوی داخراوە، هیچ شتێك نییە بتوانێت بیرمان بخاتەوە کە لە پشت ئەم ئاسۆیەدا مرۆڤ و ئارەزوو، ڕێبازو ئامانج هەن.

مەسەلەکە لێرە پێوەندی بە یاسایەکی گەردوونییەوە هەیە. هەموو شتێکی زیندوو تەنیا لە سنووری ئاسۆیەکی دیاریکراودا نەبێت، ناتوانێت ڕاستو بەهێزو بەپیت بێت. بەڵام ئەگەر نەیتوانی ئاسۆی خۆی دەستنیشان بکات، ئەگەر لەلایەنێکی ترەوە پاڵی پێوەنرابوو تا بەرەو ئامانجی کەسییانەی خۆی بڕواتو مۆرکی تاکانە بە شتە نامۆکان ببەخشێت، ئەو کات بە شێوەیەکی خێراو نەزۆك بەرەو ڕووخانو داڕمان هەنگاودەنێت. دڵنیاییو ویژدان ئاسوودەییو ئیشکردنو شادیو متمانەکردن بە ئایندە، هەموو ئەوانە لەلای تاكو لەلای گەلیش پەیوەستن بە هەبوونی هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەو شتانەی ڕوونن: دەتوانین بە چاوی خۆمان بیانبینین، لەگەڵ ئەو شتانەی تاریکنو پەیوەستن بە توانای لەبیرکردن لە کاتی گونجاوی خۆیدا. چۆن بەبیرهاتنەوە لە کاتی گونجاو -ئەگەر

پێویست بێت- بەستراوەتەوە بەو وارسکە بەهێزەی ئێمە بەکاری دەهێنین، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا هەستبکەینو بتوانین لە ڕوانگەی مێژووییەوە تەماشای شتەکان بکەین، یا کەی پێویستە لە ڕوانگەی نا مێژووییەوە تەماشایان بکەین. ئەمە یەکێکە لەو پرنسیپانەی داوا دەکەین خوێنەر لێی ڕابمێنێت: ڕوانگەی نا مێژوویی‌و ڕوانگەی مێژوویی بۆ تەندروستی تاك‌و گەل‌و کولتوور پێویستن.

لەم سیاقەدا هەموو کەسێك دەیەوێت بەم تێبینییە دەستپێبکات: مەعریفەو هەستە مێژووییەکانی هەموو مرۆڤێك زۆر سنووردارن، ئاسۆیشی سنووردارە وەکو کەسێك وایە لە ناو دۆڵێك لە دۆڵەکانی شاخی ئەلپ نیشتەجێ بوو بێت، دەشێت لە هەر حوکم‌و بڕیارێکی خۆیدا ستەمکار بێت، لە هەموو وێناکردنێك دەشێت هەڵەیەك بکات‌و پێی وابێت خۆی یەکەم کەسە ئەم جۆرە وێناکردنەی هەبوو بێت. سەرەڕای هەموو ستەم‌و هەڵەکانیشی، بەڵام پارێزگاری لە تەندروستی و زیندەداری خۆی دەکات، بە شێوەیەك هەر کەسێك ببینێت پێی شادو خۆشحاڵ دەبێت. هەر کە لە تەنیشتی ئەم کەسە، کەسێکیتر هەبێت خاوەنی هەستی دادپەروەری‌و مەعریفەیەکی بێکۆتایی بێت، ئەم کەسە زوو دادەڕمێت‌و دەگاتە کۆتاییەکانی خۆی، ئاسۆی جێگیر نییەو هەمیشە لە جووڵەدایە، چونکە ناتوانێت خۆی لەو شوورا بەرزە ڕزگار بکات، کە عەقڵی ڕۆچوو بە ناو دادپەروەری‌و ڕاستگۆیی لە دەوری خۆی دروستی کردووە، بۆیە بەر ویستێکی بەهێزو پتەوو ئارەزوویێکی سەرکێش دەکەوێت.

بە پێچەوانەی ئەمە، ئاژەڵ بە تەواوی لە هەموو وێناکردنێکی مێژووییانە دامالڕاوە، لە ناو ئاسۆیەك دەژی بە خاڵ دیاریکراوەو دیاریش دەکرێت، بەڵام هێشتا لە خۆشییەکی ڕێژەیی دەژی، بەلای کەم نازانێت ڕیاکاری بکات. پێویستە لەسەرمان بە شێوەیەکی نا مێژووییانە تەماشای توانای هەستکردن بکەین، وەك ئەوەی توانایەکی هەرە گرنگ‌و ڕەسەنە، چونکە دەبێتە بنچینەیەك بۆ ئەوەی شتێکی ڕاستەقینەو ڕاست‌و گەورەی مرۆڤانەی ڕاستەقینەی لەسەر بونیاد بنێین. ئەو شتانەی نا مێژووین هاوشێوەی کەش‌و هەوایەکی پڕنەواو سەقامگیرن، ژیان دەتوانێت تێیدا سەرهەڵبدات بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لەگەڵ ونبوونی ئەم کەش‌و هەوایە ئەمیش ون بێتەوە.

لەڕاستیدا مرۆڤ نابێت بە مرۆڤ، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لەمیانەی بیرکردنەوەو سەرلەنوێ بیرکردنەوەداو لە میانەی هاوسەنگی‌و جیاکردنەوەو کۆکردنەوەوە، دەگات بەم توخمە نا مێژووییە، مرۆڤ بەو مەرجە دەبێت بە مرۆڤ، کە بتوانێت لە ناو ئەو تەمومژەی

کەوتۆتە ژێر تیشکێکی ڕووناك زیندووبێتەوەو سەرهەڵبدات، ئەوەش لەسایەی خاوەندارێتیکردنی هێزی بەکارهێنانی هەموو ئەو شتانەوە دەبێت کە لەپێناو ژیاندا بوون بە ڕابردوو، ئەمەش لە میانەی توانای پێکەوە بەستنەوەی ڕووداوەکانو دروستکردنی مێژوو لە ڕێگای ئەم ڕووداوانەوە دەخوڵقێنێ. کاتێك زێدەڕۆیی لە مێژوودا دەکرێت مرۆڤ سەرلەنوێ دەوەستێتەوە، ئەگەر پەردەی نا مێژوویی نەبووایە هەرگیز نەیدەتوانی دەستی بگاتەوە بە سەرەتاکان، ئەگەر پەردەی نا مێژوویی نەبووایە ئازایەتی ئەم کارەیشی نەدەبوو.

باشە ئەدی ئێمە لە کوێ ئەو کارانە دەدۆزینەوە کە دەکرا مرۆڤ بەدییان بهێنێت، بێ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر تەمومژی نا مێژووییدا هەبوو بێت؟ یا -بۆ ئەوەی وێنە بخەینە لاوەو بەڵگە بۆ نموونەکەمان بهێنینەوە- با خەیاڵی ئەوە بکەین پیاوێك هەیە هەستێکی زۆر توندو بەهێزی بەرانبەر بە ژنێك یا بەرانبەر بە ئایدیایەکی گەورە هەیە، جیهان چەند لەپێش چاوی ئەم پیاوە دەگۆڕێت؟ کاتێك ئاوڕ لە دواوەی خۆی دەداتەوە هەست دەکات کوێرە، کاتێك گوێ لە ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی دەگرێت گوێی لە دەنگی نەناسراوو بێمانا دەبێت. پێشتر هەرگیز شتەکانی بەم شێوەیە نەبینیووە، هەست دەکات نزیکن، ڕەنگاوڕەنگن، ڕۆشنن، وەکو ئەوەی بە هەموو هەستەکانی پێکەوە هەستیان پێبکات. هەر شتێك لەلای ئەم جێگای ڕێزو ستایشن، شتەکان گۆڕاونو بەهای خۆیان لە دەستداوە، هەست دەکات زۆر شت هەیە چیتر ناتوانێت ڕێزیان لێبگرێت، چونکە بە ئاستەم هەست بە شتێك دەکاتو پرسیاری ئەوە لە خۆی دەکات: ئایا دەبێت ماوەیەکی زۆر بێت بە وشەی بێگانەو ڕاوبۆچوونی بێگانە فریوی خواردبێت؟

بە یادگەی خۆی سەرسام دەبێت، چونکە یادەوەرییەکانی بێ وەستانو ماندوبوون لە ناو هەمان بازنەدا دەسووڕێنەوە، خۆی وا دەبینێتەوە زۆر لاوازو ماندووە، ناتوانێت تەنیا یەك بازیش بدات بۆ ئەوەی لەم بازنەیە بچێتە دەرەوە. ئەمە خراپترین ڕەوشە مرۆڤ بتوانێت بیری لێبکاتەوە، ڕوانگەیەکی تەسك بەرانبەر بە ڕابردوو، نابینا بەرانبەر مەترسییەکان، کەڕ بەرانبەر هۆشدارییەکان، مرۆڤ لەو دۆخەدا وەکو ڕەشەبایەکی بچووك وایە لە ناو دەریایەکی مردووی پڕ لە شەوگارو لەبیرکردن. سەرەڕای ئەوەش ئەم ڕەوشە - نا مێژوویی بە تەواوی لەگەڵ مێژوودا دژکارە- تاکە باوەشە کە هەموو کردارێکی دادپەروەرانەی تێدا لە دایك دەبێت، نەك تەنیا کرداری ستەمکارانە.

هیچ هونەرمەندێك نادۆزیتەوە بتوانێت کارەکانی خۆی تەواو بکات، هیچ ژەنەراڵێك نادۆزیتەوە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، هیچ گەلێك نادۆزیتەوە ئازادی خۆی بە دەستهێنابێت، ئەگەر خۆی حەزی لێ نەبووبێت، هیوای ئەوەی بتوانێت لە ڕەوشێکی نا مێژوویی بەدی بهێنێت، وەکو ئەوەی کارێك بکات -بەپێی گوزارشتی گۆتە- ئەو کارەش هەمیشە بێ ویژدانە، چونکە ئەم خۆی ئێستا لە زانست دامالراوەو هەمیش زۆرینەی شتەکانی بیردەچێتەوە، تاوەکو یەك شت تەواو بکاتو بە دەستی بهێنێت. ستەمکارە بەرانبەر بەو شتانەی لە دوایەوە بوونیان هەیە، تەنیا یەك شت وەکو حەق دەناسێت ئەویش ئەو حەقەیە کە پێویستە هەبێت.

بەم شێوەیە هەموو بکەرێك ئەوەندە زۆر حەزی لە ئیشو کارەکانی خۆیەتی، حەزەکەی زیاترە لەوەی کارەکە شایانیەتی. کاری باشو شاکاری گەورە لەسایەی ئەم زێدە خۆشەویستییە وای لێدەکات شایانی ئەم خۆشەویستییە نەبێت، تەنانەت ئەگەر بەهای ئەم خۆشەویستیە زۆرو گەورەش بێت، لە خەملاندن و ژماردنیش نەیەت.

ئەگەر کەسێك توانی شوێنی ئەم کەشو هەوا نا مێژوویە بکەوێت، بتوانێت لەنێو ئەم کەشو هەوا نا مێژوویە هەناسە بدات، ڕەنگە وەکو جەوهەرێکی عاریف بتوانێت بالابێت بۆ سەر ئاستی -مێژوویی وەکو ئەوەی جارێك نیبور Niebuhr وەکو ئەنجامێکی بەدەستهاتووی پێودانگە مێژوویەکان وەسفی کردووە. نیبور دەڵێت:"بەلایەنی کەم بۆ یەك شت."

هەروەها نیبور دەڵێت:" مێژووی ڕوونو ورد تێگەیشتراو پێمان دەڵێت هەست بەوە بکەین گەورەترین عەقڵەکانی ڕەگەزی مرۆییو بالاترینیشیان نازانێت چ ڕێکەوتێك چاوی پێدەبەخشێت تاوەکو لەمیانەی ئەم چاوەوە شتەکان ببینێتو لەسایەیەوە بە توندی داوا لە هەر کەسێك بکات ئەو شتانە ببینێت کە ئەم دەیانبینێت. دەڵێم بە توندی، چونکە هوشیارییەکەی زۆرو چڕە، هەر کەسێکیش هێشتا لەمە دڵنیا نەبووبێت، هەر کەسێك لە زۆر حاڵەتدا نەیزانیبێتو هەستی پێنەکردبێت، ئەوا لە کاتی سەرهەڵدانی ڕوحێکی بەهێز کە هەڵگری سۆزێکی هەرە مەزنە، خۆی بە دەستەوەدەدات."

پێویستە ناو لەم ڕوانینە بنێین سەروو-مێژوویی، چونکە ئەو کەسەی ئەو هەستە وەخۆدەگرێت، ناتوانێت هەست بە ئیغراکانی بەردەوام بوون لە ژیان بکات، ناتوانێت بەشداری لە مێژوو بکات، لەمیانەیەوە هەست بە مەرجی هەموو ڕووداوەکان دەکات، مەبەستم کوێری بیناییە، ئەو ستەمەی ڕوحی هەموو بکەرێك داگیر دەکات، هەموو

مەیلێکیش بۆ تەماشاکردنی مێژوو، لێرە بە دواوە -لەبەردەم هەموو مرۆڤێك‌و هەموو ڕووداوێك- لەلای گریکەکان یا تورکەکان، چیتر زێدەڕۆیی تێدا نابێت. ئەگەر مەسەلەکەش پێوەندی بە یەك کاژێری سەدەی یەکەم یا سەدەی نۆزدە هەبوو، فێربوو وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: پێویستە لەسەرمان چۆن بژین؟ بۆچی؟ لە ناسیارەکانی خۆی بپرسێت ئایا حەز دەکەن جارێکیتر دە یا بیست ساڵی ڕابردووی ژیانی خۆیان بژینەوە، ئەو کاتە بە ئاسانی دەزانێت کێ لەوانە بۆ ئەم ڕوانینە سەروو-مێژووییە Uberhistorisch. ئامادەیە. بێگومان ئەو کات هەموویان دەڵێن نەخێر حەز ناکەین! بەڵام هەر یەکێك لەوانە هۆیەکی جیاواز بۆ ئەم ڕەتکردنەوەیە دەهێنێتەوە، هەیە وەکو دڵنەواییەك بۆ خۆی پێی وایە "بیست ساڵی داهاتوو باشتر دەبێت بۆی."

لەبارەی ئەم جۆرە کەسانە داڤید هیوم بە گاڵتەوە دەڵێت:" هیوادارن پاشەڕۆی ژیان شتێکیان پێ ببەخشێت کە تەمەنی گەنجی پێی نەبەخشیون."

ئێمە دەمانەوێت ناو لەو کەسانە بنێین مرۆڤی مێژوویی، چونکە ڕوانگەیان بۆ ڕابردوو بەرەو ئایندە پاڵیان پێوەدەنێت‌و ورەیان بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن بەرگری بکەن، ئومێدی هاتنی ڕۆژگارێکی باشتریان لەلا بە ئاگادەهێنێت. ئەو جۆرە مرۆڤانە پێیانوایە خۆشبەختی لە پشت ئەو شاخەیە کە خەریکن بەسەریدا هەڵدەگەڕێن. ئەم جۆرە مرۆڤە مێژووییانە پێیانوایە مانای بوون زیاترو زیاتر لەسایەی ڕامان لە ڕێڕەوی ڕێڕۆیشتنەکەی خۆیان بۆ ئاشکرا دەکات. لەبەر ئەم هۆیە ئەوان ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەنەوە بۆ ئەوەی لەسایەی پێودانگەکانی ڕابردووەوە لە ئێستا تێبگەن، بۆ ئەوەی فێربن چۆن بەو پەڕی هێزەوە حەزیان لە ئایندە دەبێت. ئەوان سەرەڕای هەموو مێژوویشیان، هێشتا نازانن بە شێوەیەکی مێژووییانە بیردەکەنەوەو ئیش دەکەن، نازانن سەرقاڵییان بە مێژوو بەو ڕادەیەی خزمەتی ژیان دەکات، ئەوەندە خزمەتی مەعریفەی پەتی ناکات.

ئەو پرسیارەی وەڵامی یەکەمان بیست، دەکرێت بە شێوەی تریش وەڵامی بدەینەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە پازیڤکردنەوە! پاسیڤکردنەوەیەك لەسەر بنەمایەکی جیاواز دامەزراوە، چونکە ئەو پاسیڤکردنەوەیەی مرۆڤی سەروو-مێژوویی گوزارشتی لێدەکات، ڕزگاربوونی خۆی لە ڕێڕۆیشتنی مێژوو نادۆزێتەوە، بەڵکو پێیوایە جیهان لە هەموو چرکەیەك دەگاتە ئامانجی خۆی. باشە دە ساڵی داهاتوو دەتوانێت چ شتێکمان فێربکات کە دە ساڵی ڕابردوو نەیتوانیووە فێرمان بکات؟!

پرسیاری ئەوەی ئایا مانای ئەم وانەیە لە خۆشبەختیدایە یا لە جێگیری، لە چاکەخوازیدایە یا تۆبەکردن، ئەمە مەسەلەیەکە هەرگیز هیچ ڕۆژێك مرۆڤە سەروو-مێژووییەکان لەسەری کۆك و تەبا نەبوون. بەڵام لە دژی هەموو شێوەکانی پێودانگی مێژوویی بۆ ڕابردوو، دەبینین کۆکن لەسەر ئەوەی ئێستاو ڕابردوو دوو ڕووی یەك دراون، واتا سەرەڕای جیاوازییان، زۆر هاوشێوەن. نمایندەی پێوەری گشتی و جێگیر دەکەن، نمایندەی کیانێکی بەها جێگیر دەکەن کە وەرچەرخان قبوولناکات، خاوەنی دەلالەتێکی جێگیرە وەك چۆن سەدان زمانی جیاواز هاوشێوەن، لەگەڵ پێداویستی جێگیریشدا بەهەر شێوەیەك بێت، دەبێ هەموو کەسێك لەو پێداویستییانە تێبگات، چونکە لە ناو ئەو زمانانەدا فێری هیچ شتێکی نوێ نابێت.

هەمان شتیش بۆ بیریاری سەروو-مێژوویی ڕاستە کە لەمیانەی ڕۆشنکردنەوەی مێژووی گەل و تاکەکان لە ناوەوە بە بینایەکی ڕووناکەوە، مانای ئەسڵی هیرۆگلیفیای جیاواز دەخەملێنێت، هێدی هێدی خۆی لەو هێمایانە لادەدات کە بەردەوام دادەڕژێن. - بە ڕەچاوکردنی فرەیی بێکۆتایی ڕووداوەکان- ئەم چۆن دەتوانێت نەگات بە قۆناغی تێربوون، نەگات بە قۆناغی زێدەخۆری، ئەوە ئەگەر هێڵجیشی نەیەتەوە! بۆیە لێرەدا تەنانەت ئەو کەسانەش کە زۆر ملهوڕن، ئامادەن لە دڵەوە لەگەڵ جیاکۆمۆ لیۆپاردی بڵێن":

هیچ شتێکی زیندوو شایانی هەڵچوونەکانی تۆ نییە،
زەوی شایانی یەك ئاخ هەڵکێشانیش نییە،
بوونی ئێمە ئازارو بێزارییە، پاشەڕۆی ئەم جیهانەیەو هیچی تر نییە.
هێمنو جێگیر بە."

بەڵام با ئێمە بێزراوی و حیکمەت بۆ مرۆڤە سەروو-مێژووییەکان جێبهێڵین، ئێمە ئیمڕۆ لە کانگای دڵەوە دەمانەوێت ئاهەنگ بۆ نەبوونی حیکمەتی خۆمان بگێڕین، وەکو پیاوی کردارو پێشکەوتن چێژ لە ڕۆژەکەی خۆمان وەربگرین، وەك پیاوانێك کە سەرسامن بە پێشڤەچوون. ڕەنگە خەملاندنی ئێمە بۆ مێژوو تەنیا بریتی بێت لە بڕیارێکی پێشوەختەی خۆرئاواییانە! خۆش دەبێت ئەگەر ئێمە بەلایەنی کەم لە ناو ئەم بڕیارە پێشینەییە هەر بەرەو پێشەوە بڕۆین و ڕانەوەستین! یان فێردەبین چۆن بتوانین باشتر لەپێناوی ئامانجی ژیان مومارەسەی مێژوو بکەین! یان بمانەوێت بە خۆشی خۆمان بۆ ئەوانەی سەروو-مێژووین دان بەوەدا بنێین، ئەوان خاوەنی حیکمەتێکی زۆرترن لە

حیکمەتی ئێمە، ئەوە ئەگەر ڕێگامان پێدرا دڵنیابین لەوەی ئێمە بەراورد بە ئەوان خاوەنی ڕێژەیەکی زۆرتری ژیانین، چونکە لەم ڕێگایەوە بێ حیکمەتی ئێمە ئایندەیەکی گەورەتری دەبێت لە حیکمەتی ئەوان. بۆ ئەوەی هیچ گومانێك لەبارەی مانای دژکاری نێوان حیکمەتو ژیان سەرهەڵنەدات‌و بوونی نەبێت، دەمەوێت پەنا ببەمە بەر شێوازێك کە ڕاست دەرچووەو هەندێك تێزیشی لەبارەیەوە بخەمە ڕوو.

مەعریفە وەك دیاردەیەکی مێژوویی بە شێوەیەکی پەتی‌و کامڵ، ئینجا لە دۆخی وەرچەرخانی بۆ دیاردەیەکی مەعریفی، لەلای ئەو کەسەی هەستی پێکردووە، دەبێتە دیاردەیەکی مردوو، چونکە شێتی‌و ستەم‌و ئارەزووی کوێرانەی تێدا ناسیوەو زانیوە، بگرە هەموو ئاسۆی زەمینی‌و تاریکی ئەم دیاردەیەی ناسیوە، لەمیانەی ئەم ناسینەشەوە هێزە مێژوویی‌یەکەیشی زانیووەو ئەم هێزەی لا بۆتە خودێکی عاریفی بێهێز، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە وەکو بوونەوەرێکی زیندووش، هێشتا هێزی خۆیشی لە دەست نەدابێت.

کاتێك وەکو زانستێکی پەتی‌و سەربەخۆ بیر لە مێژوو دەکەینەوە، مرۆڤایەتی دەبێتە خاوەنی جۆرێك لە گوزارشت بۆ ئەنجامی ئەو شتانەی پێشکەشی کردووە. مەعریفەی مێژوویی پێچەوانەی ئەمەیە، بۆ ئایندەش بەسوود نابێت ئەگەر هاوشانی سەرهەڵدانی ڕەوتێکی بەهێزی ژیان نەبێت، بۆ نموونە ئەگەر هاوشانی کولتوورێك نەبێت لە کاتی سەرهەڵدانیدا، چونکە ئەو کات تەنیا لەلایەن هێزێکی باڵاوە حوکم دەکرێت‌و بڕیاری لەبارەوە دەدرێت، یا کاتێك ئەم هێزە ئاڕاستەی دەکات‌و بەڕێوەی دەبات نەك خودی خۆی ئاڕاستە بکات‌و بەڕێوە ببات.

کاتێك مێژوو خۆی دەبینێتەوە لە خزمەتی ژیاندایە، مانای وایە لە خزمەتی هێزێکی نا مێژووییدایە، بۆیە لێرەدا نابێتە پاشکۆی زانستێکی پەتی، بۆ نموونە نابێتە پاشکۆی زانستێکی وەك ماتماتیك‌و پێویست ناکات وایشی لێبێت. بەڵام پرسیار لەبارەی ئەوەی تا چ ڕادەیەك ژیان پێویستی بە خزمەتەکانی مێژوو هەیە، یەکێکە لەو پرسیارو ترسە گەورانەی لەبارەی تەندروستی مرۆڤ، تەندروستی گەلێك یا کولتوورێك دەکرێت. لە کاتی زێدەڕۆیی کردنێکی دیاریکراویش لەبارەی پشت بەستن بە خزمەتەکانی مێژوو، ژیان وردوخاش دەبێت‌و دەشێوێت، لە کۆتاییدا ئەم شێواندنە یەخەی خودی مێژووش دەگرێتەوە.

سەرچاوە: محاسن التاریخ و مساوئة، فریدریش نیتشة، ت: رشید بوطیب.

ئالان تۆرین، کۆتایی کۆمەڵگاکان

مستەفا ناجی
وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: ئیسماعیل کوردە

ئالان تۆرین نزیکەی چل کتێبی نوسیوونو رایەڵەی نێوان کتێبەکانیشی خۆی لە هەوڵی دامەزراندنی تیۆرێکی نوێی سۆسیۆلۆژیا دەبینێتەوە، کە تیۆری کردەی کۆمەڵایەتیە-l'action sociale. سەرەتاکانی ئەو تیۆرەش هەر لە نوسینی کتێبی سۆسیۆلۆژیای کردەوە-sociologie de l'action، بەدەرکەوتووە کە لەساڵی 1965 بڵاوبۆتەوەو بە کتێبی "کۆتایی کۆمەڵگاکان" کۆتایی بە تیۆرییەکەی هێناوە.

تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی، لە "تیۆری فرمانگەرایی"و " تیۆری بونیادگەری" جیاوازە. تیۆری فرمانگەرایی" لێکۆڵینەوە لە بارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانو

ڕێوشوێنی ئاوێتەبوون لەنێو کۆمەڵگا دەکات"، تیۆری بونیادگەریش "گرنگی بە سیستمی گوزراشتی ڕەمزی" دەدات. چەندی تیۆری کردەی کۆمەڵایەتییە گرنگی بە جوڵەی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی دەداتو لە گۆشەنیگای ئاراستکردن بەرەو ئامانجەکان سەیری کردەی کۆمەڵایەتی دەکات، بەو پێودانگەی کردەی کۆمەڵایەتی پرۆسەی داهێنانو نوێگەریو ئەفراندنی مانایە.

سۆسیۆلۆژیای کاریش ڕەگەزێکی سێنترالی نێو ئەو تیۆرەیە. بەپێی چەمکی مارکسیانە "کار" وەك چالاکیەك بەکاردێت کە دەبێتە هۆی ڕوودانی وەرچەرخان لە "مرۆڤ و سروشتدا"، هەروەها ئەزموونێکی مانداری دوولایەنەیە سەبارەت بە خودی کارگەر. ئەمەش گوزارشت کردنێکە لە ئیرادەی کەسی کارگەر لەپێناو ئەفراندنی کارێکی دیاریکراوو ئارەزووی چاودێریکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی لە بەرهەمهێناندا.

ئالان تۆرین بۆ بواری تیۆری سۆسیۆلۆژیای کردە، پشتی بە کۆمەڵێك چەمکی بنەڕەتی بەستووە کە ئەمانەن: شیکردنەوەی خود، چینەکانی کۆمەڵگا، جوڵە کۆمەڵایەتیەکان.. واشی دەبینێت کە کار وەك پێویستیەك هاوکاری "خود"ی مێژوویی دەکات، تاوەکو نموونەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆییانە دابمەزرێنێت. ئەو خودە مێژووییەش لە یەککاتدا خودێکی کۆمەڵیو تاکە کەسیانەشە. بەڵام پەیوەندی بە خودگەرایی کارەکتەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە نییە، بەڵکو سیستەمێکی ئاراستەکردنی کردەی کۆمەڵایەتیە.

کارەکتەرە کۆمەڵایەتیەکانیش لەرێگەی پرۆژەی تایبەت بەخۆیانەوە بەشداری لە پێکهێنانی خودی مێژوویانە دەکەن، لەرێگەی ئەو بەشداریەشەوە بەهای نوێ پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکەنو چاو بە دامەزراوە لە ئاراکاندا دەخشێننەوە.

کتێبی "کۆتایی کۆمەڵگاکان"یش، ئەوجی دامەزراندنی ئەو تیۆرەیە. ئالان تۆرین لەو کتێبەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکان هەر لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری 2007-2008ەوە، کە سەرەتاکانی لەساڵی 1929وە بەدەرکەوتوون، ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوەی سیستەمی سەرمایەداری پیشەسازی بۆتەوە، لەگەڵیشدا هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان هەڵوەشاونەتەوە، لەوانەش: خێزان، قوتابخانە، شار، دامەزراوەکانی بیمەی کۆمەڵایەتیو چاودێری کۆمەڵایەتی، کۆنتراکتو چالاکی سیاسی مانای خۆیان لەدەست داوە. لێرەوە پرسیار لەبارەی ئەو هۆکارە دەکات

کە بۆتە هۆی ونبوونی ئەو کۆڵەگانەی کۆمەڵگای دیموکراتی پشتی پێ دەبەستێت، لەکاتێکدا جیهانگیری دەیەوێت بەهێزیان بکات.

بەڵام ئەو کتێبە ڕادەستی ئەو تێڕوانینە رەشبینە نابێت، کە پێشبینی داڕمانی ئەو سیستەمە دەکات، بەڵکو تەماشای شێوازی جیاوازی ژیانی تاك و کۆمەڵیانەی دەکات، کە لەسەر بنەمای مافی مرۆڤی گەردوونی، دژ بە لۆژیکی بەرژەوەندی و دەسەڵات بەندە.

تۆرین تێڕوانینی وایە رووداوی وا هەن، پشتڕاستی ئەو ئاراستە ئەرێنیە دەکەنەوە. سەدەی بیست و یەکەم بەشێوەیەکی کردەکیانە لەگەڵ رووخانی دیواری بەرلین لەساڵی 1989 و خۆپیشاندانەکانی هەمان ساڵی مەیدانی تیان ئانمین-Tian' anmen لە چین، دەستی پێکردووە، دوای ئەویش لە ساڵی 2011 رووداوەکانی بەهاری عەرەبی و خۆپیشاندانەکانی داگیرکردنی مەیدانی وول ستریتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بزوتنەوەی ناڕەزایی توڕەبووەکانی-los indignados ئیسپانیا رووباندا. هەروەها تۆرین ئاماژە بە کارێزمای نیلسۆن ماندێلا وەك رابەرێکی ئیتیکی éthique دەکات، پێیوایە زۆر لە گاندی دەچێت، دەڵێ ماندێلا لە ڕوانگەی ئەخلاقیانەی مرۆڤی گەردوونیەوە، دژ بە سیستەمی ئاپارتاید وەستایەوە، نەك لەڕوانگەی سیاسی، یان نەتەوەییانەی ئەخلاقی-moral بەرتەسك.

هەموو رووداوانەش ئەوە بەدەردەخەن کە ئێمە لەسەدەی بیست و یەکەمدا رووبەڕووی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی خاوەن داواکاری بنەڕەتی بووینەوە، داواکارییەکانیشیان هیچیتر سیاسی و وابەستە بە بازنەی دەوڵەت و چوارچێوە دامەزراوەییەکەی نیین، بەڵکو داواکاری ئەخلاقی بوون و جەختیان لەسەر شکۆی مرۆڤ لە هەموو شوێنێك و سەرلەنوێ گێرانەوەی پێگەی خود دەکردەوە، ئەو داواکاریانەش هەڵگری سیمای هاوبەشی نێوان هەموو مرۆڤەکان بوون لە هەموو شوێنێکدا.

کەواتە ئەوە کۆتایی هاتنی ئەو شێوازە کۆمەڵگایەیە، کە کۆمەڵگای کۆمەڵایەتی پیشەسازییە. بەڵام تۆرین بانگەشەی هەڵویستێکی ئەرێنی دەکات و دەیەوێ ئەڵتەرناتیڤێکی وا بێنێتەدی، ترس لە سەرمایەداری دارایی قازانجویستی دژ بە کۆمەڵگا تێپەڕێنێت و پێگەی گەردوونیانە بۆ خودی مرۆڤ بگێڕێتەوە. بۆ ئێمەش پێویستە ئەو مەرجانە بزانین کە وا لە خودی مرۆیی دەکات، ببێتە خاوەن ماف و

کارەکتەرێکی ئەرێنیانەی بە توانا، تاوەکو ئەو چالاکیە ئابوورییەی بۆتە دڕندەیەك دەستەمۆی بکاتو بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

دەقی ئالان تۆرین:

ئاوابوونی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵگاکان

لە بیری خۆمدا دابڕانی نێوان سەرمایەداری دارایی‌و ئابووری پیشەسازیم وەك خاڵی دەستپێك دیارکردووە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی ئەو دابڕانە، هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەو قەیرانە دارایيە بێت کە لە ساڵی 2008دا گەیشتە لوتکەی خۆی، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو دابڕانە هۆکارێکیش بوو بۆ قەیرانی دارایی ساڵی 1929، کە ببووە بابەتێك‌و لەلایەن ئابووریناسەکانی ئەو قۆناغە، شیکردنەوەی چڕوپڕی بۆ کرا، بەتایبەتی لەلایەن ئابووریناسە ئەڵمانەکانی سەر بە کۆماری ڤایمار-Weimar، کە بابەتەکەیان بە "ئیمپرایالیزم" ناوبرد. من لێرەدا وەك زۆرێك لە نووسەرانو لەسەرووشیانەوە وەك "جۆزێف ستیگلیتز"ی بەدەستهێنەری خەڵاتی نۆبڵی ئابووری ساڵی 2001، ناڵێم پێداچوونەوەیەك بۆ شیکردنەوەی ئابوورییانە ئەو قەیرانە پێشکەش دەکەم.

لە سەرەتادا دەمەوێ سیماکانی ئەو قەیرانە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە دیار بکەمەوە. بۆ نموونە، چونکە ئەو دەرامەتەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان هەیانە، بەتایبەتیش دەرامەتی دارایی، بەپێی ئاراستە کلتوورییەکانیان بەکاریدەهێنن، بۆیە دابڕان لەنێوان داهات‌و دەرامەت لەلایەك‌و چاودێریکردنی دامەزراوە کلتووری‌و سیاسیەکان بۆ ئەو دەرامەتە لەلایەکی دیکە ڕوودەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی وێرانکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان‌و لەیەکتر جیاکردنەوەی داهات‌و بەها کلتوورییەکان.

منیش وەك زۆرێك لە كۆمەڵناسەكان، ماوەیەكی زۆرە تێبینی ئەوەم كردووە، دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكانی كۆمەڵگا ناوەڕۆكی خۆیان لەدەست داوە، تا ئەو ڕادەیەی وای لێهاتووە بابەتەكە پەیوەندی بە دامەزراوەی دیموكراتیو شارو قوتابخانەو خێزانو دامەزراوەكانی چاودێری كۆمەڵایەتیشەوە هەبێت. بۆیە من بە گشتی ئەو دۆخەم وەك بەدەركەوتنی كۆتایی كۆمەڵایەتیانە، یان بە دەستەواژەیەكی روونتر بە سەرەتای كۆتایی كۆمەڵگاكان لێكداوەتەوە. دەستپێك لەو تێبینیانەشەوە، بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا گەڕاوم كە بەرژدی خۆی دەسەپێنێت، پرسیارەكەش ئەوەیە: ئایا ئەتوانرێت سەرلەنوێ ئەو ئابوورییە داراییەی ئەمڕۆ بۆتە دڕندەیەك، بونیادبنرێتەوەو جارێكیتر ئاراستە بكرێت؟

لێرەدا دوو جۆرە وەڵامدانەوە بۆ ئەو پرسیارە هەن: وەڵامی یەكەم لەو تێبینیەوە سەرچاوە دەگرێت كە پەیوەندی بە لاوازی، یان لەناوچوونی پێوەرە كۆمەڵایەتیو ئەخلاقیەكانەوە هەیەو دەشزانین كە بەهۆی ئەو ئاراستە زۆرتر ئابوورییەو كەمتر كۆمەڵایەتیەوە، رووبەڕووی رەخنە دەبینەوە، لەوانەش بە گەڕان بەدوای بەرژەوەندی تایبەتیمان، یان بە ئاراستەكردنی كۆمەڵایەتیانەی نا دامەزراوەیی، وەك هەستكردنمان بە ئینتیما بوون بۆ پێكهاتیەكی كۆمەڵایەتی، یان گروپێك، یان رێكخستنێكی كلتووری، یان سیاسی، رەخنە ئاژن دەكرێین. ئەمەش دەبێتە هۆی تێڕوانینێكی پەرتو بلاو، یان تێڕوانینێكی تاكەكەسیانە بۆ دۆخەكە. ئەو جۆرە وەڵامە بژاردەیەكی زۆر ئاسانە، زۆربەی جاریش ئەو وەڵامە بۆ پرسیارەكە هەڵدەبژێردرێت.

وەڵامی دووەم، بژاردەی خۆمەو بەپێچەوانەوە دەڵێت، بەها كلتوورییەكان دەبنە جێگرەوەی پێوەرە كۆمەڵایەتیە بەدامەزراوە كراوەكان. ئەو بەهایانەش زۆربەی جارو بەشێوەیەكی راستەوخۆو لەرێگەی "هێزەوە" لەگەڵ لۆژیكی قازانجو دەسەڵاتدا دژیەك دەبن. ئەو بەهاو بنەمایانەش، بەهای كۆمەڵایەتی نین: لە سەرووی دامەزراوەو بەڵكو بگرە لەسەرووی یاساشەوەن. دەشتوانین بە بەها ئەخلاقیەكان-morales ناویان ببەین، بەڵام ئەو وشەیەش بە پێوەرە كۆمەڵایەتیەكانو بەتایبەتیش بە بنەما یاساییەكان بارگاوییە. بۆیە وا باشترە بە بەها ئیتیكیەكان-éthiques ناوی بێنین، بۆ ئەوەی ئەوە بەدەرخەم كە رەگو ڕیشەكەی بۆ دەرەوەی رێكخستنی كۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوەو ناوەڕوكێكی گەردوونی هەیەو خۆی بەسەر دامەزراوەكاندا دەسەپێنێت. بەدرێژایی ئەو كتێبەشو بۆ چەندین جارە كار بۆ ئەوە دەكەم سەرلەنوێ ئەو پرەنسیپە دابڕێژمەوە كە

دەڵێت: مافەکان لەسەرووی یاساوەن. ئەمەش چ لەلایەنی نەریتی مەسیحیانەی پەیوەست بە مافی سروشتیەوە بێت، یانیش لە لایەنی روحی چاخی رۆشنگەریەوە، بە توندی جەختی لێکراوەتەوە.

سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ململانێکان

تێبینی ئەوە دەکەین لە هەموو شوێنێکدا لەبارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتیەوە ململانێ لەنێوان دوو تێڕوانیندا هەیەو ئەمەش لەگەڵ ئەو دوو وەڵامەدا هاوتایە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا. لە لای یەکەمەوە، بە پلەی یەکەم تێڕوانینێکی عەقڵانی بوونی هەیە، کە روانگەیەکی ئابووریانەیە بۆ هەڵسوکەوتە قبوڵکراوەکان، بەو پێودانگەی بۆ بەرژەوەندی گشتی بەسوودن، ئەمەش ئەو تێڕوانینەیە کە لە فرمانی سۆسیۆلۆژیانەی کلاسیکیەوە سەرچاوەی گرتووە. لە لایەکی دیکەشەوە، لێکنزیك کردنەوەیەك هەیە، کە لە ڕوانگەی بەرەنگاری ئەخلاقیانەی لۆژیکی بەرژەوەندیو دەسەڵاتەوە سەیر دەکرێت. زۆربەی کەسیش ئەو راستیە دەشارنەوە کە گوایە ئەمە هەوڵێکە بۆ هێشتنەوەی "سیاسەت". بەڵکو هەندێك کتێبی گاڵتەجاڕییو رەخنەییش لەبەرامبەر ئەوەدا نووسراون کە بە "مافی مرۆییانە- droit de l'hommisme" ناودەبرێت، بەپێی تێڕوانینیشیان ئەمە رێچکەیەکی شانازیکردنو ناکارایە.

بەڵام کارێکی ئاسانە ئەو شتە بۆ ئەو کەسە بەناو "واقیعیانە" روون بکەینەوە، کە ئامادەن بێنەپاڵ هەر شێوەیەك لە شێوەکانی واقیعیەتی سیاسیو پێیانوایە ئەوەی بە ئاسانی لێی دەرچوون، لە واقیعدا خودی دیموکراسیەتەو بابەتی گەردوونی بوونیش بنەمای هەموو ئەو مافانەیە کە چینو توێژە تایبەتەکان داوای دەکەن، کە مافی کلتووریو کۆمەڵایەتی تایبەتن.

ئەو کەسەی گاڵتەی بە خۆپیشاندەرانی مەیدانی ئازادی قاهیرە، یان ئەوانەی مەیدانی تیان ئینمینی-Tian'anmen پەکین، یان خۆپیشاندانی ژنانی تێکۆشەری indignadas بویرتا دیل صولی مەدرید، یان خۆپیشاندانی خوێندکارانی چیلی لە ساڵی 2011، یان بە خۆپیشاندەرە ئەمرکیەکانی وول ستریت بێت کە دەیانگوت" با وول تریت داگیر بکەین-Occupy Wall Street "، یانیش گاڵتەیان بەو حەشامەتە بێت کە دژ بە خۆهەڵبژاردنەوەی بۆتین بوون لە رووسیا، یان بەوانەی دژ بە بەشار ئەسەدن لە

سووریا، هەر کەسێك گاڵتەی بە هەموو ئەوانە بێت، سەرکێشیەکی گەورە دەکات، کە ئەمانە دژ بە دیموکراسیەت بداتە قەڵەم.

کەسانی دیموکراتخواز تەنها قوربانی نین، بەڵکو ئەوان بەرگریکارو ئۆپۆزسیۆنو تێکۆشەرن. ئەوان خاوەن بوێریەکی زۆرنو سەرکەوتنی زۆریشیان لە هەگبەدایە، کە وا دەکات هەر هێرشکردنێك بۆ سەر بیرۆکەی مافی مرۆڤ رەتبکرێتەوە-چونکە بیرۆکەیەکە وەك پرەنسیپی بنەڕەتی دیموکراتیەت دەستبەرداری لێناکرێت- بۆیەش هەر کەسێك دژی بوەستێتەوە، خۆی تووشی رەخنەی توند دەکاتەوە.

ئەو ململانێیەی نێوان ئەو دوو تیۆرو هەڵسوکەوتە سیاسیە ئابووریە دژ بەیەکەش، شتێکی رەها نییە. ئەگەر وابووایە سەری بۆ جەنگی نێوخۆیی‌و شۆڕش‌و شۆڕشی پێچەوانە دەکێشا. پێشتر دۆخەکە لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا وابوو، بەتایبەتیش لە ئەوروپا، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا بەو شێوەیە نییە، چونکە ئەو جیهانە لەڕووی دارایی‌و پیشەسازی‌و زانستی‌و تۆڕەکانی پەیوەندی‌و ئامرازەکانی میدیاو بەکاربردنی جەماوەرییەوە، بە جیهانگیری کراوە.

ئەوەی خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو دوو وەڵامەی پێشتووریشە ئەوەیە، بابەتەکە لەو نزیککردنەوەیە هەڵقوڵاون کە زیاتر ئاماژە بە کارکردە دەدات، نەك بە رێکوپێکی. بەشێوەیەکی وردترو زیاتر لە گۆشەنیگای تاکگەرایی تایبەتیانەوە سەیری کەسەو کارەکتەرە ئەکتیڤەکان دەکات، نەك بەو شێوەیەی لە گۆشەنیگای کۆمەڵایەتیەوە سەیریان بکات. ئەم بابەتەش بۆ ئەو کەسانە راستە، کە گرنگی بە گەڕان بەدوای بەرژەوەندی‌و عەقڵانیەتی ئامرازەکانی بەدەستهێنانی دەدەن، هەروەها بۆ ئەوانەش ڕاستە کە پێش هەموو شتێك دروشمی مافەکانیان بەڕووی دەسەڵاتدا بەرزدەکەنەوە.

خود، دژبە شوناس

وێرانکردنی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی وێرانکردنی "منی" کۆمەڵایەتیانە، بەو پێودانگەی لە کۆمەڵێك رۆڵگێرانی نێو دامەزراوە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکانی وەك خێزان، کۆنتراکت‌و ژیانی سیاسی پێك دێت. بەڵام ئەو "منە" هەندێك جار لە رێگەی ئارەزووە تاکەکەسیەکان‌و هەندێك جاری دیکەش لە رێگەی پرەنسیپە ئیتیکیەکان قەرەبوو دەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، حەزکردن بە شوناس رۆڵی خۆی هەر دەگێڕێت. ئەو کۆمەڵگایەی رووبەڕووی وێرانکردن‌و لاوازکردن بۆتەوە، زۆربەی جارو لە هەمان کاتدا

لەرێگەی گەڕانەوەی بەرگریکارانەو دوژمنکارانەی بۆ نێو کۆمەڵ، قەرەبوو دەکرێتەوە. ئەو ئەزموونەش بەوپەڕی هێزەوە لە جیهانی ئەمڕۆدا ئامادەیی هەیە، بەشێوەیەك گەلانی جیهان وا هەست دەکەن لەژێر هەڕەشەدانو لەهەموو شوێنێکدا بزوتنەوەی ڕاوبۆچوونو "بزوتنەوەی سیاسی"، بزوتنەوەی رقو کینە بەرامبەر بیانیەکانو بزوتنەوە رەگەزپەرستیەکان سەرهەڵدەدەنو هەوڵ دەدەن ببنە بەربەست لە دژی هاتنە ناوەوەی بیانیەکان بۆ وڵاتەکەیان، یان ئەو کەسانە لە وڵاتەکەیان دەردەکەن ئەگەر هەڵەی سادەشیان کردبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لەو یاسایەی خۆی لە سزادانی دوو لایەنە دەبینێتەوە.

ئەو ترسو گوشارە ئابوورییەی لەسەر ئەورووپایەو کەمتر لەسەر ئەمریکایە، مەترسیو رقو کینەی زیاتر بەرامبەر ئەویتر دەوروژێنێت، لە ڕوانگەی ئەوەی چیش دەکات، بڕیاری لەبارەوە نادرێت، بەڵکو لە روانگەی ئەوەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت کە دەبێ چۆن بێت، یان لە ڕووی "سروشتەکەی" بڕیاری لەبارەوە دەدرێت کە بەزمانی ئەخلاقیو بیۆلۆژیانە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، بەتایبەتی ئەوەی بەرامبەر بە "قەرەجەکان" دەکرێت. ئێمەش بە هۆی "میشێل فییفۆرکا- Michel Wieviorka"وە، باش لەبارەی سروشتی "دژمنانی بزوتنەوەی کۆمەلایەتی" دەزانین، ئەنجامی ئەو کردەوانەشیان دەزانین کە دەگەنە ئاستی کۆمەڵکوژی، یان لەسێدارەدانی بێ دادگایی کردن.

باسوخواسی نەرمونیان، هەمیشە لە باسکردنی دۆزەخیانە قورسترە، باسکردنی چاکەش لە باسکردنی خراپە سەختترە. لەگەڵ ئەوەشدا وای دادەنێین کە ئەرکی سەرەکیمان ئەوەیە، لەوە تێبگەین کۆی ئەو ماف‌و داواکارییانە چین کە لەدوای لاوازبوونی دامەزراوە کۆمەلایەتیەکان، دەبنە هۆکاری هێنانە کایەی تاکە بارودۆخێك، کە بتوانێت بەرەنگاری دۆخەکە بکاتو هەژموونی دارایی‌و دەسەلات لەناوببات. ناوی "خود"یش لەو کۆمەڵە یاسایە نراوە، کە لەلایەن هەر تاکێك، یان کۆمەڵەیەکەوە پەنای بۆ دەبرێت، ئەگەر بیەوێت بنەما گەردوونیەکان بەڕووی ئەو دوژمنانەیدا بەرزبکاتەوە، کە هەر چەند هێزیشیان هەبێت، لەرێگەی پاساوهێنانەوە بۆ بە یاسایی کردنی سەرکەوتنو دەسەلاتیانەوە نەبێت، ناتوانن رووبەڕووی ببنەوە. لێرەدا من ئەو چەمکەم دیارکردووەو هەستیش دەکەم، دەبێتە جێگەو بابەتی رەخنەگرتنی توند لەلایەن کەسانی مارکسیو بونیادگەرو لایەنگرانی رێبازی "مرۆڤی ئابووریانەوە"، ئەمانەش لەکاتی

ئێستاماندا زۆرینەی دوژمنەکان پێکدەهێنن، تا ئەو ئاستەش درندەن، لەو باوەڕەدان چەمکی خود لەگەڵ پاشماوەی ئایدیاڵیزمی ئەڵمانیدا وندەبێتو لەناودەچێت.

لێرەدا ئاماژە بەو بزووتنەوە فیکرییە گەورەیە دەکەم کە سەردەمەکەی ئێمە بەخۆیەوە دەبینێتو دۆخەکەش بەپێچەوانەوەیە. ئەویش گەڕانەوەیە لە هێگلەوە بۆ کانتو گەردوونیانە بوونی چاخی رۆشنگەریو سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکەکە، بەڵام لەگەڵ هێشتنەوەی ئیلهامە بنەڕەتیەکەی. ئەو خودەی لەناخی ئێمەدا بوونی هەیە، تواناو مافی ئەوەمان پێدەبەخشێت داهێنەربین، یان بەهێزبینو داکۆکی لە تواناکانمان لەسەر داهێنانو گۆڕینی سروشتو خودی خۆمان بکەین.

کاتێك هەست بە هەبوونی ئەو توانایە دەکرێت، دەبێتە ئەو مافەی هەمووان داوای بکەن، بەڵام ئەو توانایەش بەخۆی ئاشنا نابێت، ئەگەر لەنێو ئەو کۆمەڵگایاندا بەهێزەوە ڕەگئاژۆ نەبێت، یان لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا نەبێت کە توانای ئەفراندنو گۆڕینی خۆیان هەیە. ئەو درێژدادڕییە بەدەرکەوتووەش لەواقیعدا خود بە باشی دیاردەکات، ئەو خودەی خۆی لە چالاکی بیرکردنەوەی بەردەوامدا دەبینیتەوەو لەمانای ئەو کارانە تێدەگات کە لەڕوانگەی کەسی داهێنەرەوەو لەرێگەی گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخەکە ئەفرێندرێن، ئەم پرۆسەیەش بەرهەمی چالاکی خەڵك، یان "ئەوانی دیکەیە". ئەنتۆنی جێدنس-Anthony Giddens و ئەو کۆمەڵەیەشی لە قوتابخانەی ئابووری لە لەندەن دایمەزراند بوو، شیکردنەوەیەکی باشیان لەبارەی ئەو چالاکیە فیکرییەی خود پێشکەش کردووە.

چالاکی خودیش لەرێگەی دوو پرۆسەی بنەڕەتیو تەواوکەری یەکتر بەدەردەکەوێت. پرۆسەی یەکەم، ئەوەیانە کە پێشتر ئاماژەی پێدراو لەڕووی "هەبوونی هوشیارییەوە" گوزارشتی لێدەکرێت. هەموو ئەو شتەی تاك، یان کۆمەڵگە لە ئینتیماو شوناسەکەیان دادەبڕێتو دووردەخاتەوە، رێگە لەبەردەم ئەو تاکە، یان ئەو کۆمەڵەیە دەکاتەوەو دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی تواناکانیان گەشە بکەنو ببنە لایەنی ئەکتیڤ، یان بەرپرسیارێتیو جموجۆڵەکانیان وەك کەسانی داهێنەر بەهێز بکات.

پرۆسەی دووەم، سەرلەنوێ تێڕامانەوەیە، کە دەبێتە هۆی زیاتر بەرفراوانبوونەوەی کارەکانمان وەك بەرهەمێکی داهێنەرانە. لە سەرەتادا بانگەشەکردن بۆ گەردوونی بوون شێوەی تێکۆشانی بەخۆوە گرتبوو، لەسەرمان پێویست بوو دژ بە هەستو ئینتیماو ئایین، بەرگری لە عەقڵ بکەین، دژ بە کەڵەکە بوونی بەردەوامی نەریتە

کۆمەڵایەتیەکانو پابەندییو مافە تایبەتەکانی پەپوەست بەو کۆمەڵگا داخراوانە بوەستنەوە، کە نەریتەکانیان بەشێوەی کەڵەکەبوونی کۆمەڵایەتی "وەك بۆماوەیی" دەگوازرێنەوەو گرنگیو هێزی زیاتریان لەبەرامبەر پایە بەدەستهاتووەکان هەیە، لەو رێگەیەشەوە دەبوو بەرگری لە مافی مرۆڤ بکەین. بەقەد زێدەبوونی هێزی داهێنانیش، بەتایبەتیش لەبواری ئەپستمۆلۆژیدا، پرۆسەی بەرگریکردن لە عەقڵ زیاتر ئاڵۆز بووە، چونکە بەشێوەیەکی زۆر بەسەر رەگەزە ناعەقڵانیەکاندا کراوەتەوە، بەڵام عەقڵ هەر تێیان رادەمێنێت. زۆربەی جاریش بۆ ئاماژەدان بەو توێژینەوە عەقڵانیانەی رەچەشکێنی ئەو بوارەن کە لەسەرەتادا دژ بە عەقڵ بوون، وەك وێنەیەکی رەمزی باسی فرۆید دەکەین. ئەمەش ئەو کاتە رووودەدات، کە تارادەیەکی زۆر هەستکردن بە خود لەناخماندا بوونی دەبێت، یان ئەوەی بە پرۆسەی گەرانەوە بۆ خود ناوی دەنێین، هەر ئەمەشە کە ئاڵۆزترین دیاردەکانی نێو کەسێتیو ژیانی کۆمەڵایەتیمان، بە پاڵپشتی عەقڵو مافەکان رۆشن دەکاتەوە.

لێەدا دەبینین دابرانێکمان لەگەڵ عەقڵانیەتی زاڵو خۆسەپێن دروستکردووە، کە دەیەوێ دەسەڵاتی بەسەر کلتوورە باڵادەستەکاندا بسەپێنێت. لەلایەکی دیکەوە من - تارادەیەکی زۆر- هەست بەوە دەکەم، کە پێویستە توانای داهێنانمان وەك خاڵی سێنترال بۆ راڤەکردنی ئەو سەردەمەمان وەربگرین، ئەمەش رێگەی سەرکەوتنمان بەسەر هەژموونی وێرانکەرو بێسەروبەری داراییو دەستەڵاتی رەهای سیاسی بۆ دەرەخسێنێت. من بە توندی رووبەرووی دەستبەرداربوون لە روحی داهێنانو قبوڵکردنی ئەو دارمانە دەوەستمەوە، کە بەسەرماندا زاڵ دەبێت، لەکاتی رادەستبوونیشمان بەو دۆخە، دەبێتە قێزونترین ئازار، ئازاری داکشانی زۆرو بێسنوور کە وەستاندنی کارێکی قورسە.

ئایا لەسەرمان پێویستە "ئەگەر حەزیشی پێ بکەین" ئەو دابەزینو داکشانە وەك کەمکردنەوەی هەستکردنمان بە گوناه قبوڵ بکەین، لەبەر ئەوەی ملکەچی ئەو برپیارانە بووین کە "ئەمرۆ" لە لوتکەی گەشەسەندنیان دان، کەمکردنەوەی ئەو هەستکردنەی شایەنی ئاگایی ئەرێنیانەترە بۆ ئێمەو گەلانی کیشوەرەکان وەك یەك؟

ئێمە پابەندی ئەوە نین لەنێوان عەقڵانیەتی هەژمونگەری زاڵو لەنێوان گەرانەوە بۆ سروشت یەکێکیان هەڵبژێرین. پێویستە بەوپەری هێزەوە بەگەردوونی بوونی مافی مرۆڤو عەقڵ لەلایەكو فرە مێژوویيو فرە کەلتووریو پێویستیە ژینگەییەکانی دەوروبەرمانو گۆی زەویش لەلایەکی ترەوە یەکبخەین کە کەوتۆتە نێو ئاژاوەو

دەستدرێژییەکانمانەوە. بۆچی پێویستە لەنێوان هاوسەنگیو جولە، لەنێوان گەردوونی بوونو فرەهەندی، بژاردەمان هەبێت؟ بێگومان ئەو کاتە دەتوانین ئەوە بکەین، ئەگەر بەکردەوە حەز بکەین هەموومان بە یەکسانیو جیاوازییەوە بژینو رێزگرتنی دوولایەنە کۆکمان بکاتەوە.

ئەوەی لە کەسانی دیکە زیاتر هەستی پێدەکەم، ترسمە لە کەوتنی پێشبینی کراو. لەوانەشە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە لەسەردەمی هەرزەکاریمدا، لەتەمەنی چواردەساڵیدا لەنێو ئەو کارەساتەدا ژیابم کە لەو وڵاتەکەمدا روویداوە، لە یەکێك لە گوندەکانی ناوەڕاستی فەرەنسا گوێم لەوە بوو، کە "بیتان-Pétain " رادەستبوونی خۆی راگەیاند، ئەو کاتە هەستم بە شتێکی تێکەڵ لەنێوان شەرمەزاریو ئارامی ترسنۆکانەی دەوروبەرم کرد، ئەوەش وایکرد هەست بە مەترسیەکی وەك گەردەلوول بکەمو حەز بە هەڵکردنی باهۆزی نوێبوونەوە بکەم، باهۆزێك کە لەپێناو ئەزادبووندا گەشەی بەکارەکەماندا.

لەبەرامبەر ناکارامەیی حکومەتەکانو نەبوونی کارکتەرە کۆمەڵایەتیەکاندا، چۆن دەبێ سەیری خومان نەکەینو بۆ بوێریو هیواخوازیو حەزکردن بەکردەیەکو هەوڵدان لە پێناو داهێنانو نوێگەریو مۆدێرنە هانی نەدەین؟ تەنها ئەمەش لە چنگی لە ناوچوونێك دەرمان دەهێنێت، کە بەرەو دۆزەخمان دەبات‌و نەمانتوانیووە خۆی لێ لابدەین. زۆرن ئەو شارستانیەتانەی کاتێك دابەش بوونو کەوتنە نێوان بەرداشەکانەوە خۆڵی بیابانەکان داپێۆشین، یان داگیرکەران وێرانیان کردن. ئەوە جێی گومان نییە کە شکست، یان دارمان چارەنووسێك نییە نەتوانین لێی دەرباز بین. بەڵام ئەوانەی بەڕوونی سەیری ئەو مەترسیانە ناکەن، کە هەڕەشەمان لێدەکەنو لە چەکەکانمان دادەماڵنو بە یارییەکانو هەواڵی سەرپێی بێهۆشمان دەکەنو وا لە دوژمنەکانمان دەکەن بوێری زیاتریان هەبێت، ئەوانە ئەو دوژمنانەن کە لەناومانداین، وەك ئەوەی لەدەوروبەریشماندان.

لەو بارودۆخەشدا پێویست نیە پەنا بۆ چەك، یان یاسا، یان شۆڕش ببەین، بەڵکو پێویستە بە هوشیاری خودیانەمان ئاشنا بینو باوەڕ بەوە بکەین کە مەترسیدارترین دوژمنی ئەمڕۆمان، نەبوونی هوشیارییمانو گەڕانمانە بەدوای قوربانی، ئەمەش لاوازی ئیرادەمانە بۆ ژیان، دواجاریش لاوازی خۆشەویستیمانە بۆ یەکسانیو ئازادییەکان. من بە پەرۆشم لەبەرامبەر پیرۆزکردنی گەنجەکان، یان شکۆدارکردنی پیریی‌و ئەو ئەزموونانەی کەڵەکەیان کردووە. ئەو پیرۆزکردنەش لە هیچ شتێکدا سوودمان پێناگەیەنێت، بەڵکو تەنها توانای ئەوەی هەیە وامان لێبکات بۆ ئایندەو بۆ خودی

خۆمان کەسانی خاوەن کردارو داهێنەر بین، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا ئەو خودە لەگەڵماندا بدوێتو وامان لێبکات هەستەکانمان ئازاد بکەین.

ئیرادەی ویست

گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە، یان گۆڕینی شێوازی ژیانکردن، لە گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتداری، یان گۆرینی زمان سەختترە. لەو کاتەوەی هەستمان بەوە کردووە هێزی پێوسیتمان هەیە، هەست ناکەین خوڵقینراوی خوداین، بەڵکو وا هەست دەکەین خۆمان خوڵقێنەری خوداین، لەو کاتەوەی هەڵوەدای ئەو بیرۆکەیەشین، کە بەدوای خودی خۆماندا بگەڕێین "دەستبەرداری ئازادی بژاردەکانمان بووین"و وامان لێهاتووە هۆگری کارو ئامێرەکانمان بینو لەگەڵ بڕیارە سیاسیەکانمان- بەتایبەتیش لەگەڵ زانینەکانماندا وێك بێینەوە. گەیشتوینەتە ئەو باوەڕەی هێزەکەمان خۆی لەو بیرۆکەیە دەبینێتەوە کە پێویستە رادەستی ببین، چونکە زمانەکەمان زمانی بیروباوەڕەکان، یان زمانی هەستو سۆزە کەسیەکانمان نییە. "بەڵام" چۆن دەکرێت ئەو بارودۆخەی ئێستامان دیاربکەین، کە ئەمڕۆ بە بارودۆخی پۆست-کۆمەڵایەتی، یان بە پۆست-مێژوویی لەقەڵەمی دەدەینو دوای سەدەیەك، یان دووسەدەش لە دروستبوونی کتێبە مێژووییە کۆنەکانمان کە بە جیهانی نوێ ناویان بردووە- ئەو جیهانەی وەك فەرەنسیەکان دەڵێن لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسیو ئەڵمانەکان دەڵێن لەگەڵ بزوتنەوەی چاکسازیو ئیتاڵیەکان دەڵێن لەگەڵ بزوتنەوەی رێنیسانسو ئینگلیزەکان دەڵێن لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیو ئیمپراتۆریەتی بەریتانیو ئەمریکیەکان دەڵێن لەگەڵ سەربەخۆیی ئەمریکاو یابانیەکان دەڵێن لەگەڵ سەرەتای سەردەمی میجی Meiji لەدایك بووە، ئەو جیهانەی شوناسەکەمانی لەگەڵ کارەکانماندا گونجاندووە.

دوای ئەوەی جادوی داگیرکردنی جیهانمان تێپەڕاند، هیچ پاساوێکمان نییە کە لەنێو دابونەریتە لۆکاڵیەکانماندا گۆشەگیر ببینو بمێنینەوە. پێویستە رێگایەکی جیاوازو پێچەوانە بگرینەبەر، پێویستە سوود لە هوشیاربوون بەخۆمانو مافەکانمانو توانای وێناکردنو قسەکردنو دروستکردنو کێشانی وێنەی ئایندەمان ببینین. وشەی کێشانی وێنە ئەو وشەیەیە کە دەستنیشانم کردووە، چونکە ئەو نیگارکێشەی ئەو وشەیەی دیارکردووە "ڤالێریۆ ئادامیە-Valerio Adami"و لێرەدا پەنای بردۆتە بەر جاك دریدای فەیلەسوف، تاوەکو پاساو بۆ پێویستی نیگارکێشانو هێزی داهێنەرانەی بێنێتەوە. لەوانەیە ئەوە بەس بێت کە بەوپەڕی هێزەوە باوەڕ بەوە بێنین، رێچکەی بیرو نیگارکێشان، رێچکەی ئەفراندنی بەردەوامی سیمای نوێگەرین، بۆ ئەوەی ئەو حەزو بوێرییە بگێڕینەوە، تاوەکو لە دامەزراندنی سەرهەڵدانێکی پێشکەوتووتر لە سەرهەڵدانی ئیتاڵیای سەدەی نۆزدەهەم سەرکەوتوو بین.

ئیرادە تاکە شتێکە دەبێتە هۆی دروستکردنی ئامرازەکانی ئازادبوونمانو ئەو حەزە بەهێزەشە بۆ ئەوەی وەك کەسانی داهێنەری ئازادبینو بەقەد رێزگرتن لە مافەکانمان، رێز لە مافی ئەوانیتر بگرین.

بیرۆکەکانی پێشووترم لەبارەی قەیرانی ئابووری ساڵی 2008 کە بە هەمان هێزی قەیرانی ساڵی 1929 بەر جیهان کەوت، ئێمەی خستەنێو پانتایی ترسو جەنگەوە، کە بەهۆی بێدەنگی کارەکتەرە کۆمەڵایەتیەکانو بەڵکو نەبوونیان گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی، زیاتر لەوەی بەپێی ئەنجامە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان دیاربکرێت، بۆ ئەوەی ئەو سەرمایەدارییە دارایيە سەربکەوێت، کە خیانەتی لە ئەرکە ئابوورییەکانی کرد. هەر لەو کاتەوە تاڕادەیەکی زۆر لە هەڵدێران نزیك بووینەتەوە، تاوەکو ئەوانەی لە برۆکسلو فرانکفۆرت حوکمان دەکەن هەست بە پێویستی دەست خستنەناوەوە بکەن.

"هەروەها" هەر لەو کاتەشەوە بارودۆخەکەمان زیاترو چەندین جار بەرەو داڕمان چووە، بەڵام دۆخەش بۆخۆی بووە هۆی حەزکردنمان بە دەستخستنەناو. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو رۆژە بەسەر جیهانەدا هەڵنەهاتووە، کە ئیرادەو زانیینو ئارەزوومان دەیجوڵێنێت، بۆ ئەوەی جیهانێکی پێشکەوتوو بۆ نەوەکانی دواتر بگوازینەوەو خۆشەویستیمان بۆ ژیان وامان لێبکات بەو ڕادەیە هوشیار بینەوە کە ئێمە خوڵقێنەری ئەو جیهانەین.

یەك جیهان، بەڵام جیهانێك لەسەر بنەمای پلۆرالیزم

ئەوەی لەجیهانی ئەمڕۆدا لە ئارادایە ئەوەیە، ئەورووپیەکان بیسەلمێنن کە توانای ڕێکخستنی هەستانەوەی تایبەتی خۆیان هەیە. بەڵام ئەوەی ئەورووپا دروستی دەکات بەکەڵکی جیهان نایەت. ئەمڕۆ وڵاتی دیکەی پانو پۆڕ هەن بۆ هێزی ئابووری کاریگەر دەگۆڕێن. دەبێ لەوە بڕوانین ئەو وڵاتانە لەو سەدەیەدا لەسەرەتای ئەوەدان، ببنە دروستکەری سیستەمی دیموکراتیو مێژووی تایبەت بەخۆیان، وەك ئەوەی پێشتر لە وڵاتانی دەرەوەی ئەورووپا رووویدا لەوانەش-ویلایەتە یەگرتووەکان، کەنەدا، هیندستان، بەرازیلو ئوسترالیا، بەشێوەیەك ئەو وڵاتانە دەکەونە نێو جیهانی گەردوونی، جیهانی مافی هەمووان، جیهانی یەکسانیو جیاوازییە دانپێنراوەکان، کە لەگەڵ یەکسانی هەموواندا دەگونجێت.

ئەمڕۆ پێویستیمان بە جیهانێکی یەکگرتوو نییە، بەڵام پێویستیمان بە بیرێك هەیە کە هەموو جیهان لەخۆی بگرێت، بیرێك تا ئەوپەڕی ئاسۆی خۆی بڕواتو کێشەکان چارەسەر بکاو لەو تێڕوانینە بەراوردکارییە دووربێت کە ئەگەر یەکەمجار هەست بە یەکبوونی کێشەکان نەکەین، هیچ سودێکمان پێ نابەخشێت. ئەوەش جێی گومان نییە من لە چوارچێوەی یەك کتێبدا ناتوانم جگە لە وەرچەرخانە فیکرییو ئەزموونیەکانی جیهان، چیتر چارەسەر بکەم. بەڵام بەو هیوایەم کەسانی دیکە زۆر لەوە دوانەکەون کە لە کتێبی دووەمدا ئەوە تەواو بکەنو باشترین شێوازەکانی تێگەیشتن لەبارەی یەکبوونو هەمەجۆری جیهان شرۆڤە بکەنو لە کتێبی سێیەمیشدا پەیوەندی نێوان کۆتایی کۆمەڵایەتیانەو گۆڕانی کەسێتی ئاشکرا بکەن.

هەنگاوێکی گرنگ لەبواری دووەمدا لەلایەن "ئامارتیا سین-Amartya Sen" نراوەو ڕەخنەی لە هەڵسەنگاندنی ئاستی بژێویییو دواتر ڕەخنەی لە دیارکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی گرتووە، ئەمەشی لە ڕێگەی تاکە پێوانەیەکەوە کردووە، کە ئاستی داهاتی تاکە بە دۆلار. جگە لەمەش، چەمکی "توانستی هێز-capabilité"ی بەکارهێناوە، کە پێشتر لەلایەن "مارتا نوسبۆم-Martha Nussbum"و پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان "PNUD" بەکارهێنراوە، ئەوەش بەدەرکەوتووە کە ئەنجامی بەدەستهاتوو بەپێی کاتەکان جیاوازی هەیە، ئەگەر توانای کردەییانەی کەماسی خزمەتگوازی فێرکردنو تەندروستیو دادوەری لەبەرچاو بگرین، ئەمە ئەو ئەنجامەیە کە زانای کۆمەڵناس "پۆلیڤی فێرناندۆ کالدیرۆن-Fernando Calderón" لە ڕێگەی

نووسنی راپۆرتە نیشتیمانیەکانی لە ئەمریکای لاتین، کە لە بەرژەوەندی پڕۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان نوسیوویەتی بە باشی باسی کردووە.

هەروەها حەز دەکەم لەرێگەی توێژینەوە لەبارەی هۆکارە توانادارەکانەوە لەسەر ئەو کردەیە لە بواری سێیەمدا وەك چالاکیەك بخەینەڕوو، کردەیەك کە زۆربەی جار ئەو کەسانەی بە دەست هەژاریی‌و نەداری، بەهۆی نەبوونی خێزان‌و هیچ پاڵپشتیەك دەناڵێن‌و رووبەڕووی هەموو جۆرە پەراوێزخستنێك دەبنەوە-ئەمەش ئەو دۆخەیە کە هەندێکجار لە وڵاتانی ئەورووپیدا دەیبینین، وەك ئەوەی لەو وڵاتانەدا هەیە کە تا ماوەیەك بەر لە ئێستا بە وڵاتانی جیهانی سێیەم ناودەبران،"پێویستە ئەو لێکدانەوەیەش لە جۆر، یان وڵاتانی هەژاردا قەتیس نەکەین". لە وڵاتانی دەوڵەمەنددا ئەو بابەتە بەشێوەیەکی راستەوخۆو بێ پلان لە روانگەی هەڵسەنگاندنی خودەوە وەردەگرێت، ئەمەش ئەو چەمکەیە کە من رەتی دەکەمەوە، چونکە لەڕووی تێڕوانینمانەوە پەیوەندی هەژموون‌و پاشکۆیەتی وەلادەنێت، لەکاتێکدا زۆربەیجار بۆ گەنجێکی بێبەش کارێکی ئاسانە لەپێناو گۆڕانکاریدا بەشداری لە دەستپێشخەرییەکی کۆمەڵیانەدا بکات، لەجیاتی ئەوەی بەشداری لە پڕۆگرامێکدا بکات، تاوەکو لەگەڵ سیستەمی لە ئارادا تێکەڵ ببێت.

بەڵام بەر لە هەموو شتێك لەسەرمان پێویستە شێوازی باسکردنی بارودۆخ‌و کارەکتەرەکان بگۆڕین. جیهانگیریش تەنها بنەمای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتە داراییەکان نییە: ئەمڕۆ هەمان ئەو تەکنیکانەی بەیەکگەیشتن لە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، وڵاتانی ئەورووپاش، جگە لە فنلەندا ئەوەیان ئاشکراکردووە، کە کۆرییەکان‌و یابانی‌و چینیەکان لە هەندێك بواری تاقیکردنەوەی خوێندنگاکاندا ئەنجامی باشتر لەوانیان بەدەست هێناوە، وەك پیزا-Pisa، ئەو بابەتەش ناکرێت وەك گوزارشتکردن لە هەڵگەڕانەوەی ئاستی پێشکەوتن لەنێوان ئاسیاو رۆژاوا سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێ وەك پێویستیەکی خێرای تێگەیشتن لە "چۆنیەتی" سەیری بکرێت، کە هەموو لایەك لە هەمان جیهانی تەکنەلۆژیادا تێیدا بەشدارن، لەگەڵ بوونی جیاوازی لەنێوان ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیەی بە لایەنە بۆ ماوەییە زۆر جیاوازەکانەوە پشت ئەستوورە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتیش وابەستەی ئەو پەیوەندییە جیاوازانەیە، کە گەنجان لە هەموو تەمەنێکدا ئایندەی خۆیانی پێ هەڵدەسەنگێنن. هەموومان لەرێگەی دامەزراوەکان‌و شێوازی پەروەردەو ئایدیۆلۆژیاو ئاراستەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانەوە دروست بووین، کە هەمان ئاست، یان ئاستی زیاتری دروست بوونمان

لەرێگەی شێوازی بەرهەمهێنانی "ئابووری"، یان شێوازی ژیانکردن لەخۆ دەگرێت. بەڵام ئەگەر لەڕووی توانامان لەسەر بڕیاردان، یان رێگریکردن لە بڕیاردان سەیری ئەو نکۆڵیکردنانە بکەین کە بونەتە بارگرانی بەسەرمانەوە، جێگەی ئەوەن باشتر لێیان تێبگەین، نەك وەك ئەنجامێك سەیری بکەین کە بەهۆی دۆخی ئابووری، یان بەهۆی شێوازێك لە شێوازەکانی شارستانی بوونەوە دیار دەکرێت.

ئەو دەستەواژانە کەمن کە باس لە مەترسیەکانی کۆمەڵگای میللی دەکەن. ئەو کۆمەڵگایانەی دەیانەوێت وا باسی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بکەن، کە لەگەڵ بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا بابەتی بەیەکگەیشتنو پەیوەندیو بەکاربردنی بەرفراوان بڵاوبۆتەوە، ئەمە ئەو بابەتەیە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەوروپاو یاباندا رووویداوە. دەکرێ مەبەست لە کۆمەڵگای میللی، ئەو کۆمەڵگایە بێت کەوا جگە لە توانایەکی دیاریکراوی هەڵبژاردنی بژاردەکان هیچی تری بۆ مرۆڤ نەهێشتبێتەوەو ئەو ئێستاو ئایندەو رابردووەیان بەسەر گەلاندا دەسەپاند، کە ڕابەرە دەستەبژێرەکان دیاریان کردبوو، وەك ئەوەی پێش ماوەیەکی کەم سیستەمە دیکتاتۆرە سەربازییەکان، فەرمانیان بە هاوڵاتیانی بەرزایل دەکرد، تا بڵێن:" خۆشمدەوێت، یان غەدری لێدەکرد". لە بەرامبەر ئەو واقیعەدا، پێموایە ئەوەی پێویستە ئێمە بە خێرایی ئەنجامی بدەین، ئەوەیە بەدوای کردەیەکەدا بگەڕێین، ئەگەر کردەیەکی سنووردارىش بێت. دەتوانین ئەو توانا راستەقینەیەی ئەنجامدانی کردار لەلایەن زۆرترین خەڵك بدۆزینەوە، لەکاتێکدا ئەگەر خەڵکەکە باوەڕی بە بوون خۆی هەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر حەزی بینینی ئەوکردەیە لای ئێمە هەبێت، لەکاتێکدا کەسانی دیکە هەن جگە لە ملکەچی ناچاریانە شتی تر نابینن. پێویستە ئەو هەڵوێستە بەرەو دواوە پاشەکشە نەکاتو بەشێوەیەك بێت، ببێتە ئایدیۆلۆژیا، یان گوتارێکی ئەخلاقیانە، بەڵکو وەك میتۆدێك بێت لەپێناو زانینی هەموو شێوازەکانی تاكو جۆرەکانیان جێبەجێ بکرێت. دەبێ لە ناخی هەر تاکێکدا بەدوای خوددا بگەڕێن، چونکە خود لەنێو هەر یەکێکیاندا وەك پێویستیەکی گەردوونیانە بۆ ئازادیو یەکسانی بوونی هەیە.

جیهانی ئێستا، گەواهی لەسەر توانای ئەنجامدانی ئەو کردەیە دەدات، کە بەردەوام پێویستی بە ئامرازە دەستەجەمعیەکان هەیەو ئەمڕۆش زیاتر لە هەر کاتێکی رابردوو بوونی هەیە، زیاتر لەو کاتەی هەمووان، یان زۆربەی جیهان لەرێگەی دەسەڵاتی خێزانو دەوڵەتەوە کۆتوبەند کرابوون. ئەو توانای کردارەش وای لێهاتووە بە هەموو جۆرە

چالاکیو ئارەزوویك بۆ ئازادیو هەستکردن بە خودو ئەوانیترو بە مافی هەمووانو بەو پەیامانەوە پشت ئەستوورە، کە لەو سەری جیهانەوە تا ئەوپەڕیو بە خێرایی لەگەڵ یەکتردا هەماهەنگن.

ئەوانەی زوو هەستیان بە بوونی ئەو هێزە ئازادیخوازییە کردووە، پێویستیان بەوە نییە وانە بە ئەوانی دیکە بڵێنەوە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، پێویستە هەست بە پاڵشتیکردنی ئەوانە بکەن، کە لە هەمان دۆخی ئەو ململانێیانەدان کە ئەوان پێشتر پێیدا تێپەڕیونو ئەوەی لێ فێربوون چۆن لەرێگەی هێزە ئازادیخوازەکانەوە ڕووبەڕووی ئەو کۆتوبەندە زۆر قورسانە ببنەوە، کە پەیوەندیان بە مافی هەموو تاکێكو مافی هەمووان لەبارەی ئازادیو یەکسانیەوە هەیە.

هۆکارەکانی نووسینی ئەو کتێبە

سەردەمەکە کۆتایی هاتو مەترسی کۆتاییهاتنەکەش هۆشداریەك بوو بۆ گەلانی ئەو وڵاتانەی لە ڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتووترنو وایان لێهاتووە لەژێر هەڕەشەی ئاژاوەو توندوتیژیو بێ ئومێدیدا بن. دەتوانین ئاراستەی کلتووریو ئیتیکی نوێی وا دابهێنین، کە بتوانێت-بە هەمان ئاست، یان ئاستێکی پێشکەوتووتر لەوانی تر- جۆرێکی نوێی ئەو کارەکتەرانە بخولقێنێت کە هەستکردن بە خودێك دەیانجولێنێت، هەستکردنەکەش لە دۆخە مێژوویییەکانی دیکە روونترو ڕاستەوخۆترە.

من لێرەدا باس لە رابردوویێکی دوورو ئایندەیەکی نادیار ناکەم. بەڵکو وەك نووسەری مێژووی ئێستا قسەدەکەم، وەکو سۆسیۆلۆژیستێك لەبارەی ئەو گۆڕانکارییە زۆر قووڵە قسە دەکەم کە بەسەر بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکاندا هاتووە.

دەوتوانرێت بە کورتی باس لە دوو وەرچەرخانی بنەڕەتی بکەین، کە تێیاندا دەژین. یەکەمیان ئەو وەرچەرخانەیە کە پێشتر ئاماژەم پێکرد: ئەویش دابڕانە لەنێوان بەشێکی گەورەی سەرمایەداری دارایيو شێوە نوێکانی چالاکی ئابووری- ئەمە ئەو دۆخەیە کە هەندێك کەس بە سەرمایەی بێ کارکردن، یان کارکردنی بێ سەرمایە دیاریان کردووە. هەر ئەمەشە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان وێران دەکاتو بەها ئیتیکیە زۆرەملێکانی دژ بە هەژموونی ئاڵوێری داراییانەمان بەسەردا دەسەپێنێت. گرنگترینی ئەو بەهایانەش بەو خودە ناو دەنێم، کە بەرگریکردن لە مافە سۆسیۆ سیاسیو کلتوورییەکان لەخۆ

دەگرێتو تێشیان دەپەڕێنێت. ئەو "خود"ەی تاك، یان کۆمەڵ داوای دەکات، ڕێگەیان پێدەدات وەك کاراکتەری ئازادو داهێنەر هەڵسوکەوت بکەن.

وەرچەرخانی دووەمیش هەمان گرنگی وەرچەرخانی یەکەمی هەیە. دوای هەژموونی دوورو درێژی ڕۆژاوا، کە مێژووی تایبەتی خۆی بەهەمان مانای مۆدێرنیتە پێشکەش کردووە، دەبینین ئەمڕۆ هەموو نموونەیەکی تایبەت ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش ئەو بابەتەیە کە لەناوەڕۆکدا هەڵگری مەترسی ملکەچکردنی مۆدێرنێتەیەو تەنها بەپێی بەرژەوەندیو بیروباوەڕی دەسەڵاتدارەکان پێناسە دەکرێت. ئایا لەنێو ئەو مەرجانەدا چۆن دەتوانین سەرلەنوێ پێشەنگی بە مۆدێرنێتەی گەردوونیانە بدەین؟ کەواتە، لە کۆتاییدا ئامانجی ئەو کتێبە چیە؟ بۆچیم نووسیووە؟ کارێکی ئاسانە باس لە مەترسیەکانم بکەم. لەوانەیە جیهانو ئەوروپاو بەتایبەتیش فەرەنسا ڕووبەڕووی قەیرانی خنکێنەری ئابووری بووبنەوە. ڕاستە لەوانەیە ئێمە بەهۆی دەستپێشخەرییەکەی "ماریۆ دراگی- Mario Dragui" سەرۆکی بانکی ناوەندی ئەوروپا "BCE " لە کارەساتەکە دەرباز بووبین، ئەمەش لەڕێگەی دەسەڵات پێدانی زیاترو فراوانتر لەوەی پێشترەوە بوو، کە بەو بانکە درابوو، بەمەش توانی ڕێگری لەو هێرشانەی بازاڕی دارایی بۆ سەر یۆرۆ بکات- بەتایبەتیش لەبواری "جیاوازیی لەو نرخانەی-spreads " بازاڕە داراییەکان کە بەسەر وڵاتانی خاوەنی ئابووری فشۆڵدا دەیسەپاندن، ئەو وڵاتانەی هەمان گرێنتیان بۆ ئەو خوێندکارە سەرکەوتووانە نەبوو، کە ئەڵمانیا دەستەبەری دەکرد. بەڵام ئێستا ئەوروپا وەك کارەکتەرێکی سەرەکی لەڕێگەی تواناکانیەوە خۆی سەپاندووە، ئەوەی لەسەر وڵاتانی ئەوروپا پێویستە، دەبێ ئەو دەرفەتی کارە بقۆزنەوە کە بانکی ناوەندی ئەوروپا بۆی ڕەخساندوون. ئایا ئەتوانن ئەمە بکەن؟ زۆربەی ئەو وڵاتانە لە ساڵی 2008دا زێدەڕۆییان لە قەرزکردن کردو ئەمڕۆش بەدوای کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەو بارگرانی قەرزەکانیاندا دەگەڕێن. بۆ نموونە لە فەرەنسادا، ئەو حکومەتەی ئێستا لانی کەم لە مانگەکانی یەکەمی دەستبەکاربوونیدا، جگە لە زیادکردنی باجو کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتەکانو خوڵقاندنی بارودۆخێکی دژ بە کۆنتراکتەکان، چیتری نەکرد. نە بەریتانیاو نە ئیسپانیاش لە مەودای کورتیشدا ڕێگەچارەیەکی ئابووری دڵخۆشکەریان نەخستە بەردەست، دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانیش هیچ متمانەیەکیان بە گەشبینیەکانی فرانسوا هۆلاند نەبوو، کاتێك گوتی ئاستی بێکاری لە کۆتایی ساڵی 2013دا دەگۆڕێت. بەپێچەوانەوە لە واقیعدا ئەوە بەدەرکەوت کە فەرەنسا پێنج ساڵ دەبێت لەنێو دۆخی

داڕماوی ئابووریدا دەژیت. دەنگدەرانی ئیتاڵیاش سەرزەنشتی "ئادانوا ماریۆ مۆنتی- Mario Monti"یان کردو، بیب گریۆو سیلڤیۆ بیرلوسکۆنیان پێ باشتر بوو. سەرۆك جیۆرجیۆ نابۆلیتانۆش شانسی ئەوەی هەبوو متمانەی هەردوو ئەنجومەنەکە بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی لەو پەرلەمانەدا بەدەستبێنێت، کە چەپی میانڕەو بەڕێوەی دەبەن.

ئایا لەو بارودۆخەدا شتێکی جیاوازو مەترسیدار نییە پێشنیازی شیکردنەوەیەکی دوور لە شیکردنەوەی ئابووریانە بۆ دۆخێکی گشتی وا بکەین، کە هۆکاری ئابووری روونی لەپشتەوەیە؟

لە کتێبێکدا کە "لەدوای قەیرانی 2010" دەرچووە، گرنگیم بە دەرنەکەوتن‌و نەمانی تەواوی ئەو کارەکتەرە کۆمەڵایەتی‌و بێدەنگییە داوە کە بەسەر ژیانی سیاسیدا زاڵە. هەر لەو کاتەوە، لە فەرەنسادا بە ئاگاهاتنەوەی ئەو کەرتە ئابووریانەمان بینی کە داواکارییان هەبوون‌و دەرگای کارگەکانیان داخستن، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری. بەڵام دواجار ئەو داواکاریانە بەرەو وەستان دەچوون، نە کۆنتراکتکاران‌و نە حکومەتیش ئەو کەرستانەیان نەبوو کە دانووستانی لەسەر بکەن. داڕشتنەوەی سیاسەتی بوژانەوەی ئابووریش مانگ لەدوای مانگ قورستر دەبێت.

رەنگە کەس باوەڕم پێنەکات، کاتێك جەخت لەوە بکەمەوە لێکدانەوەکانم، یەکەم: لەبارەی هۆکارە قووڵەکانی قەیرانی ئابووری‌و سروشتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێکان‌و دووەم: لەبارەی کارەکتەرە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیە نوێکان‌و سێیەمیش لێکدانەوەیە لەبارەی شانسی گەڕانەوە بۆ دیموکراسیەتێك، کە زیاتر لە نیو سەدەیە بەسەر جیهاندا زاڵەو سیستەمە نیشتیمانیە تۆتالیتارەکانی زیاتر کردوون، ئەرکەکەش ئەوەیە لە بواری ئابووریدا ئەو جڵەوگیرییە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیە بگێڕینەوە، کە جیهانگیری برەوی پێداوەو بەهۆشیەوە ئەرکە ئابووریە بێگەردەکانی لەدەست داون، جگە لە کەڵەکە کردنی قازانجەکانیش، هیچ ئامانجێکی دیکەی نەماوە. ڕێگە بەخۆم دەدەم کە بڵێم، ئەو ئابووریە جیهانیەی ئەمڕۆ لە ڕەهەندە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکانی داشۆراوە، لەڕێگەی کارەکتەری نوێ‌و دیاریکردنی پێشەنگی ئامانجەکانی کارو گەشەسەندنی سەرلەنوێی بوارە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکانەوە نەبێت، ناتوانێت ئەو ئاژاوەو توندوتیژیە تێپەڕێنێت‌و جۆرە متمانەیەك لەبواری توانستی کردارو توانای بەسەردا زاڵبوونی بەدەست بێنێتەوە.

گومانی تێدا نییە، ناتوانم وا دابنێم بە تەنها شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە لەو کارەساتە رزگارمان بکات، کە بەهۆی هەندێك سیاسەتی ئابوورییەوە تووشی بووین. کارێکی قورسیشە لە بارودۆخێکی وای هێزە کۆمەڵایەتیەکاندا وا مەزەندە بکەین، بتوانرێت سەرمایەداریی بازاڕو پاداشتە زۆرەکانی خاوەن سامانەکان بە بڕیاردانی سیاسی راست بکرێنەوە. لە بەرامبەریشدا دەزانم هەندێك چاکسازی قووڵ پیادە ناکرێن، ئەگەر یەکەم شت کارەکتەری "هوشیارو رێکخەر" بوونیان نەبێت.

تاوەکو ئەو کارەکتەرانەش دروست بن، پێویستیمان بە بیرکردنەوەی قووڵو رێنیشاندەرو رۆشنکەرەوەی ئەو جیهانە هەیە، کە کاری تێدا دەکەین.

ئەوەی دەگوترێتو ئەوەی بێدەنگی لێدەکرێت، گوتراوو نەگوتراو

بەر لەوەی خوێنەر رابکێشمە نێو جیهانی ئەو کتێبەوە، پێویستە هەستکردنی توندم بەو دژیەکیە شیبکەمەوە کە رووبەڕووی دەبمەوە. پێدەچێت مێژووی سەدەی بیستەم لەگەڵ گرنگی ئەو بەها سێنتراڵە جیاواز بێت، کە بە بابەتەکانی وەك ئازادی، دادپەروەری، مافەکان، خود، گەردوونی بوون، یەکسانی، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆی، یەکبوون، هوشیاری، رێزگرتنو بیروباوەڕو شتی زۆری دیکەی دەدەم. چۆن رێگری لە یادەوەری ئەو سەدەیە بکەین، کە لەسەر ئاسنو خوێن بونیادنراوە، تاوەکو "بەبێ کەوتنەژێر کاریگەری راستەقینەی رووداوەکان، هەستکردن بەو چاکەیە رەتبکاتەوە؟

باش دەزانم خستنەڕووی ئەو دەستپێشخەرییەم هانی هانی دروست دەکات، ئەو ئەلبومی وێنانەش دەخەمە بەرچاوم کە "بروس بیرنار-Bruce Bernard لەچوارچێوەی بلاۆکراوەکانی فیدۆنو لە کۆتایی ساڵی 1999دا، لەسەر شێوەی شەش پاڵو داینابوونو بلاویکردبوونەوە: ئەلبوومەکە لە هەزار وێنە پێك هاتبوونو لایەنە جیاوازەکانی جیهانو هەموو دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ڕووکارە کەسیەکانی بەدەردەخستنو وێنەکانی سەدەی بیستەمی خستبوونەڕوو، بەڵکو سەپاندبوون. لەوانەش جەنگە نێوخۆیی، یان سەربازییەکان، توندوتیژیو توندڕەوی، هەموو ئەو شتانە بوون کە لە هەموو شوێنێکدا هەنو قوربانیشیان لێکەوتۆتەوە، وەك ئەوەی هەڵسوکەوت کردنی خەڵك لەگەڵ یەکتردا، بە شێوەیەکی ئاسایی لە رێگەی کۆمەڵکوژیو سوکایەتپێکردنو رقلێبوونەوە ئەنجام بدرێن. راستە کاتێك ئێمە بەرە بەرە ئەو لاپەڕانە هەڵدەدەینەوە وێنەی ماندیلاو گاندیو

چی گیڤاراو مارتن لۆتەر کینگ دەدۆزینەوە، بەڵام مردنو زیندانیش ئەوانی بێبەش نەکردوون. بەرهەمهێنانو بەکاربردنی ناچاری لەلایەن جەماوەرو لە کۆمەڵگاکانماندا ڕوو لە زیادبوونەو سۆزو خۆشەویستیش لەژیانی ڕۆژانەدا وەلانراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کارەسات بەسەر ژیانی گشتیدا زاڵ بێت. بەڵام ئایا ئەو راستیە زۆرو توندوتیژانە، بەرەو پەیامێکی دیکەمان نابەن؟ ئەو وێنانە وامان لێناکەن هەست بە بوونی ئەو شتە بکەین کە دژ بە دەسەڵاتو سەروەتو سامانو چەکە؟

هەموو ئەو ژنو پیاوانەی بوونەتە قوربانی توندوتیژی ئەوە دەزانین، بەڵام ئەوەش دەزانین کە زۆر خەڵکی دیکە هەن، جا قوربانی بن، یان نا، ئەگەر لە سێبەرو پشت پەردەشەوە ژیابن، ژیانیان تامێکی دیکەی هەیە.

هەر چەند هێزی تەکنەلۆژیو سەربازیو سیاسیو ئابووریمان زیاتر ببێت، جیهانی شتو کردەوەکانمان زیاتر بێ چاودێری دەمێننەوەو بەهێزەوە بیرۆکەی "جیهانی راستەقینەمان" بەسەردا دەسپێنرێت، ئەو جیهانەی لەپێناو ئازادکردنی هێزەکەی خۆی نا، بەڵکو بۆ گێڕانەوەی مانای کردەوەکانی لە ململانێدایە. ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت ئەو ململانێیە کۆتایی نایەت. زۆریش لەو کەسانە دەبینین، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەتەوەو هەست دەکەین چاوو دەنگیان بەدەورمانەوەنو هەموویان رادەستی بێدەنگی نەبوون. ئایا ئەرکی ئێمە نییە گوێ لەوانە بگرین کە قسەدەکەن، ئەوانەی لەناخیاندا بنەمای ڕێزگرتنو خۆشەویستیان بۆ ئەوانی دیکە هەڵگرتووەو هیواو بوێرییان هەیە، تاوەکو لەرێگەی بزوتنەوەیەك، یان لە رێگەی وشەیەکەوە باوەڕبوونیان بە شکۆی ئەوانە بەدەربخەن، کە هەرگیز نەبوونەتە قوربانی؟

گەڕان بەدوای چوارچێوەیەکی مێژوویدا

سەدەی نۆزدەهەم کەوتنی میرو پادشاکانی بەخۆوە بینی. بەڵام سەدەی بیستەم بووە هۆی قەسابخانەیەك بۆ هاوڵاتیانی ڕۆژاوایەك کە لەسەر ئاستی ئابووریو سیاسیدا زۆر "پێشکەوتوو" بوو. لە قۆناغی شۆرشی سۆڤیەتیشدا بۆ کۆمەڵێك گروپی وەك بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی-ژنانو بزوتنەوەی رزگاری نیشتیمانیو مەیلی داگیرکاری گۆڕا- ئەمەش ئەو بزوتنەوانە بوون کە لەلایەکەوە سیستەمە نەتەوەییە تۆتالیتارەکانو لەلایەکی دیکەشەوە سیستەمە دیکتاتۆرییەکان بەناوی پرۆلیتاریاوە ڕووبەڕووی بوونەوەو دواتر هەر بەزوویی دیکتاتۆریەتی خۆیان بەسەر پرۆلیتاریادا سەپاند.

ئەو سیستەمە سەرمایەدارییەی ڕۆژاواش کە بەهۆی قەیرانی ساڵی 1929وە هەژا، تەنها بەهۆی ئەو وەرچەرخانە قووڵەوە رزگاری بوو کە لەساڵی 1945دا، وڵاتو گەلانی لەبەرامبەر نازیزم کۆکردنەوە. بەڵام دوای چەندین دەیە لە هەڵسەنگاندنی دۆخەکە لە ڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتیەوە، سیستەمی سەرمایەداری پیشەسازی لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاوادا توشی قەیرانی دارایی نوێ بووەوە، پێشتر ڕووداوی مەترسیدار ڕوویانداو دواتر تووشی قەیرانی نەختینەو بارودۆخی دارمان، یان داکشانو لاوازبوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان بوون.

لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستو یەکەمیشدا، ئەو کۆمەڵگا ئایدیاڵیانەی کۆکەرەوەی شێوازی نوێکردنەوەی ئابووریو تەکنەلۆژییو دەستخستنەناوەوەی دەوڵەتو پێکەوتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوون، بەرەو لەبارچوون ڕۆیشتن. خودی عەقڵیش لەبەردەم وەڵامدانەوەی ئەو هێرشانەدا دەستەوەستان بوو، کە بوونە هۆی وێرانکردنو شێواندنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان. هەر یەك لە "جۆن راولس-John Rawls و یۆرگن هابرماس-Jürgen Habermas "یش، ئەزموونی ئەرێنیانەی سیستەمە دیموکراتیە کۆمەڵایەتیەکانیان بۆ تیۆری فەلسەفی گۆڕیو چەندین تیۆری "کۆمەڵایەتیان" لەبارەی چەمکی دادپەروەری دارشتن، ئەو تیۆرانە لەگەڵ مەرامی چاکسازیخوازان دەهاتنەوە، بەڵام ئەو توانایەیان نەبوو، تا هێزی درندەئاسای سیستەمە دیکتاتۆرییە پرچەکەکانو دارمانی ئەو کۆمەڵگا خۆشبژێوانە بوەستێنن، کە قەیرانە ئابوورییە یەك لەدوای یەکەکان تێکی شکاندبوون.

ئەگەرچی بزوتنەوە کرێکارییەکان شێوەیەکی نوێی دەسەڵاتو ململانێی دژ بە دەسەڵاتو سیاسەتی چاکسازییان بەدیهێنا، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لە سەرەتای سەردەمێکی نوێدا دەژین، دەسەڵاتو بزوتنەوە ئازادیخوازەکانو پرۆژە چاکسازییەکان چیتر ناتوانن وەك سەدەی نۆزدەهەم سیاسەتێك دابڕێژنو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیش لە شێوەی ئەوەی سەدەی بیستەم بەرهەمبهێنن. هەردوو سیستەمی سەرمایەداریو سۆسیالیستی پیشەسازیمان تێپەڕاندنو لەو سەدەیەش دەرچووین کە بە سەدەی نەتەوەییو کۆماری دەناسرێتەوە. بیرکردنەوەشمان لەو بابەتە دەبێ ئەو چەمکانە بەگەڕ بخاتەوە کە لە سۆسیۆلۆژیاوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام دەبێ لە چوارچێوەی مێژوویشەوە سەیری بابەتەکە بکرێت. ڕاستە قەرەبووی سیستەمی سەرمایەداری پیشەسازی نەکراوەتەوە، بەڵام بەشێوەیەك بەرفراوان کراوە، دەتوانین بەو سەرمایەداریە تۆتالیتاریە ناوی بنێین، کە

شێوەی نوێ بە هەموو بوارەکانی ژیانمان دەبەخشێت: بەقەد ئەوەی بواری بەرهەمهێنانی شتومەکە پیشەسازییەکانی گۆڕیوون، بەهەمان ئاستیش جۆری بەیەکگەیشتن و بەکاربردن و سێکس و شێوەی سەرقاڵبوونی بیرو هۆشیشمانی گۆڕیووە.

ئێمە لەنێو ئەو شڵەژانە گشتیەداین و لە تواناشماندا نییە، ڕاستەوخۆ ڕوو لە چاکسازییە نوێیەکان بکەین. ئەو بابەتە ئەرکی نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەمان، یان سەدەی دوای ئەوەیە. لە سەرەتای ئەو سەدەیەی بیست و یەکەمداو لەگەڵ دەستپێکی قەیرانە جۆراوجۆرەکاندا، پێش هەموو شتێك لەسەرمان پێویستە، یەکەم: هاوکارو پاڵپشتی ئەو بزوتنەوە ئازادیخوازانە بین و تێیان بگەین، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هوشیاربوونەوەمان خودێکی توانادارى وامان بۆ دروست بکەن، تا بەسەرکەوتوویی بتوانێ بەرگەی ئەو هەژموونە گشتگیرە بگرێت، کە لە لایەن کەسانی خاوەن دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و کلتووریەوە سەپێنراوە. وەك ئەو بزوتنەوانەی خاوەندارێتی ڕەهایان لەناو بردو دواتر ڕووبەڕووی سیستەمە سەرمایەدارییە تایبەتەکان و سەرمایەداری دەوڵەت بوونەوە. -بە پلەی یەکەم- چارەسەرەکە ئەوە نییە پانا ببەینەبەر روحی دادپەروەری نێو کۆمەڵگا، بەڵکو دەبێ پەنا ببەینەبەر هوشیاربوونەوە بەخۆمان، کە وەك خودێکی خاوەن مافی گەردوونیانە، کە لەسەر ئازادیەکانمان بونیادنراوەو لەسەرووی یاساکانیشەوەیە، تاوەکو لەسەر باڵاترین ئاست و تاکگەرایی زیاتردا دژ بە هەموو شێوە پاشکۆیەتیەك، داکۆکی لەخۆمان بکەین.

دووەم: بەر لەماوەیەکی کورت، لەنێو ئەو ڕاپەڕینانەدا ژیاین کە دژ بە هەژموونی ڕۆژاوا بوون. ئێستا پێویستە ژیانێکی نوێ وەبەر ئەو دیموکراسیەتەدا بکەینەوە، کە لە ڕۆژاوا لەدایك بووە، تاوەکو بتوانێت لە هەموو جیهاندا، ڕووبەڕووی هەموو دەسەڵاتە تۆتالیتاریەکان ببێتەوە. کۆتایی سەردەمی کۆمەڵگاکان، کە قەرەبووی سەردەمی دەوڵەتەکانی کردبووەوە و بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بەرەو ململانێی گەردوونی وا گۆڕین و پرسیاری لەبارەی کەسێتی و لەهەمان کاتدا لەبارەی ڕێکخستنی ئابووری و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و سەرەتاکانی سەرلەنوێ بونیادنەوە مافەکان خستنەڕوو، کە هەر لە سەرەتای مۆدێرنێتەوە بە مافی مرۆڤی گەردوونیانە ناومان نابوون: ئەمانەش ئەو سیما بنەڕەتیانەی ئەو قۆناغە مێژووییەن کە تێیدا دەژین و پێویستە کاری تێدا بکەین، دواجار ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە ئەو کتێبە هەوڵدەدات تێیبگات.

سەرچاوە: سایتی بالعربیة..دیسمبەری-2019.

چەمکسازی لە ڕەوتی بیرکردنەوەدا

نووسینی: مەسعوود بابایی

جیهان، وەك مانا، وەك شوێن، تەنیا لە زماندا درکی پێدەکرێت. زمانو دەرهەست "زەین" وەك جمکی پێکنووساوو لە دەراوێکی پەیبەرانەوە درك بە شتێك دەکەن، کە لە ڕێگەی ناولێنانەوە بوونی بە بەردا دەکرێت.

ئەو شتەی کە هەیە؛ هەبوونەکەی بەبێ زمان لە تاریکاندایە، یان لە "سیاچاڵی بێواتایی"دایە. جیهان و بوون، بەبێ زمانیش هەن؛ بەڵام بەبێ زمان بۆ مرۆڤ نین! لە ڕەوتی مانابەخشیندا بۆ دەرهەستی مرۆیی بەرهەست دەبنەوە. بەرهەستەکی (عینی) بەو مانایە کە دەرهەست ناتوانێت لە دەرەوەی زمان یان زمان لە دەرەوەی دەرهەست، جیهانو بوون پێناسە بکەن. زمان مانایەك بە "بوون" دەبەخشێت کە پێش هەموو شتێك "ڕاڤەی هزری" دەخاتە جەغزی خۆیەوە، وەك ئەوەی هەرچییەك کە هەیە تێیدا زەقوزۆپ دەبێتەوە. لەو دیوی زمانەوە هیچ شتێك مایەی پەیبردن نییە. "ناولێنان" تاکە ڕێگەیە کە بەهۆیەوە جیهان لە بێواتایی ڕزگار بکرێت، یان باشترە بێژین مرۆڤ لە

ڕێگەی "ناولێنان"ەوە خۆی لە تاریکی جیهان ڕزگار دەکات! لەم خۆڕزگارکردنەدا، هیچ بوونەوەرێکی دیکە یارمەتی مرۆڤ نادات. "ئاگایی"یەك کە لە پێوەندی لەتەك جیهاندا دێتە بەرهەم، مرۆڤ ناچار بە "داوەری" دەکات؛ داوەری لەم بارەوە کە "ئەوە چییە؟" لە وەڵامدا "ناو"ێك کە بەسەر "دیاردەدا دەسەپێنرێت، داوەرییەکی مرۆییە. داوەرییەك کە هەرچەند بە ڕواڵەت جیهان لە بێمانایی ڕزگار دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا خودی مرۆڤ لە "بێمانایی" هەبوونی خۆی قورتار دەکات. واتە هەبوویەك (مرۆڤ) وەك گیانەوەرێکی مریو(فانی) پاسکال گوتەنی: "مانا بە گەردوون دەبەخشێت، دەیناسێت و دەیناسێنێت. مرۆڤ بەو بچووکیە کە گیانی بە قامیشی هەناسەدانێکەوە بەندە، گەردوونێك مانا دەکاتەوە. گەردوون بێبنەتایی (لایتناهی)یە، بەڵام مرۆڤ لەگەڵ بنەتایی (متناهی)یەکەی، لە گەردوون بەنرختره." ئەم نرخە ڕەنگە لە بەرهەمهێنانی "ئاگایی"یەکدا بێت کە بە دەربڕینی هایدگەر "بوون - لەوێدا" دەخولقێنێت. لەمەدا کە ئەم "ئاگایی"یە ساختەیە یان نا، سەلماندنی ئاسان نییە؛ دڵنیا نین کە جیهان بەو جۆرە بێت کە ئێمە دەیبینین، شێوەی بینینی ئێمە ڕاڤەی ئێمە بەرهەم دەهێنێتو ڕاڤە "داوەریی" لێدەکەوێتەوە. ئێمە دەتوانین وا بیر بکەینەوە هەتا کەی جیهان لەبەرانبەر داوەریی ئێمەدا بێدەنگە، دەکرێ هیوادار بین "ئاگایی"یەکەمان ساختە نەبێت. مرۆڤ وەك "ناسکار" خۆی دەخاتە نێو جوغزی جیهانی "زانین"ەوە. درك بە "هەبوون لە جیهاندا" مافی زاڵبوون بە مرۆڤ دەبەخشێت. مافێك کە لە سایەی "هۆشیاری"یەوە بە خۆمانی دەبەخشینو لە بەرانبەریدا خۆمان دەخەینە نێو داوەریکردن لەبارەی جیهانەوە، لەوانەشە بەو شێوەیە نەبێت کە دەیبینین، بەڵام "بێدەنگیی بوون (جیهان)" هیچ ڕێگەیەك بۆ ئێمە ناهێڵێتەوە بێجگە لەوەی لە ڕێگەی گوزارەسازیی لۆژیکییەوە لە "زانین"ەکەمان دڵنیا ببینەوە. نیچە گوتەنی: "ئێمە تەنیا درك بە جیهانێك دەکەین کە خۆمان دروستمان کردووە". "درك بە جیهانێك کە خۆمان دروستمان کردووە" ڕەنگە ئەو مانایەش بگەیەنێت کە "ئاگاییی ساختە" مەترسییەکی هەمیشەییە، بەڵام بەختی مرۆڤ، یان بەدبەختیی مرۆڤ لەوەدایە هیچکات ناتوانین بزانین ئەو مەترسییە چەندە لێمانەوە نزیکە یان لێمانەوە دوورە. داوەری هەرچییەك بێت لەو لۆژیکەدا دەسەلمێنرێت کە داهێنانی دەرهەستو زمانەو تەنیا لە ڕێگەی ڕێکخستنی پێوەندییە لۆژیکییەکانەوە بە پشتبەستن بە سۆنگەهێنانەوە (احتجاج)ی ئاوەزەکییەوە دەسکاریی ئەم لۆژیکە دەکرێت. لۆژیکێك کە وێڕای چەسپاوییەکەی پابەندی ڕەوتی "فراژووتن"ەو ڕاستیەکانی

کەتوارو ڕاستییەکانی ئاوەز لە دیالکتیکی دەرهەستدا ئەزموون دەکاتو هەموارو ساخیان دەکاتەوە.

چەمك چییە؟

واتە ماناو ئاماژەپێکراوێکە (دال)، کە پەیڤ ئاماژەی بۆ دەکاتو لە پەیڤەوە دێتە تێگەیشتن. لە دیدی بیرمەندانێکی گەورەی وەك "ئەرستۆ"و "هێربێرت پۆتنام" چەمك بەشێوەیەکی سادە ناساندن یان چڤانی (ترکیب) هەڵهێنجانە هەستەکییەکانە. هەرچییەك کە لە دەرهەستدا بنەخشێت، چەمکەو واتادارە (وەڕاستگەڕاو، ماصدق/ مصداق). هەروەها؛ هەرچییەك چەمك تێیدا وەڕاست بگەڕێت، واتادارە.

پەیڤەکان، قاڵبو دەفرن بۆ ئەو شتەی کە بە چەمك ناودێر دەکرێت. واتە ئیسکەپەیکەری دەرەکی چەمك لە بیچمو سەروسیمادا وەك "پەیڤ" دەردەکەوێت. پەیڤ هەم فۆرمی دەنگییە و هەم فۆرمی مانایی.

وەڕاستگەڕاو (ماصدق، مصداق): بریتییە لەو شتەی چەمك لێی وەڕاست دەگەڕێت. واتە "واتادار". بۆ نموونە: "مرۆڤ" چەمکە، جۆرێکە لە بوونەوەر کە "ژیریو ئاوەزو ئاخاوتنو فۆرمی گیانەوەریی" هەیە. هەم بەشێوەی هەمەکی (کلی) و هەم بەشێوەی هەندەکی (جزئی) دەرکەوتی هەیە.

بەڵام هەردووك ناوی "ئازاد"و "نەوزاد" وەڕاستگەڕاوی چەمکی "مرۆڤ"ن. واتە ناوەکە دەچێتە خانەی چەمکی مرۆڤەوە. بە بیستنی ناوی ئازاد، چەمکی "مرۆڤ" لە دەرهەستماندا دەوروژێت.

چەمکی هەندەکی: ئەو چەمکەیە کە تەنیا یەك واتاداری (وەڕاستگەڕاو) هەیە؛ وەك "هەولێر".

چەمکی هەمەکی: چەمکێکە زیاتر لەیەك واتاداری (وەڕاستگەڕاو) هەیە؛ وەك مرۆڤ.

زاراوەکان لە چەمکەکانەوە بەرهەم دێن، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە زاراوە سەر بە باوی تایبەت (عرف خاص)و چەمك سەر بە باوی گشتی (عرف عام)ە.

زاراوە بەگشتی لە ڕوونکردنەوەی بەشێك لە دەزگایەك یان بەشەکانی زانستێك بەکار دێت. بەشەکانی زانست یان سیستم کە لە باری نیشانەناسییەوە ئاماژە بە "هەندەك" دەکەن، پێی دەگوترێت زاراوە.

ڕەوتی بیرکردنەوە:

زمان وەك بوونەوەرێکی زیندوو گەشانەوەو پووکانەوەی هەیە، ڕەوتێکی فراژووتنی هەیەو دەبێ لەگەڵ گۆڕانی ژینگەی مرۆیی، فەرهەنگو ژیاردا مانای نوێ لە خۆی بگرێت. لەو ڕووەوە کە هەموو زمانێك لەنێو ئەزموونێکی تایبەتی فەرهەنگیدا دەژی، ئاشکرایە کە ئەزموونە فەرهەنگییەکان بەگوێرەی کۆمەڵگە دەگۆڕدرێن. ژینگەی جیاوازی جوگرافیایی لەباری دیاردەییەوە، دەبێتە هۆی جیاوازیی مانایی‌و هەموو دیاردە جوگرافیاییەکان بە یەکسانی بەسەر زەویدا بڵاو نەبوونەتەوەو ژینگەی فەرهەنگی کۆمەڵگەکانیش لە هەنگاوی یەکەمدا بەرکەوتیان لەتەك دەوروبەردا هەیە و ئەمە دەبێتە هۆی هەبوونی هەندێ وشە بۆ دیاردەیەك کە ئەو دیاردەیە لە ژینگەیەکی دیکەدا نییە. ئەمە جیاوازییەکی سروشتیە کە دەکرێ بە جیاوازییەکی ئاسایی ناوی بهێنین؛ چونکە نەبوونی دیاردەیەك لە ژینگەیەکدا دەبێتە هۆی نەبوونی وشەیەك بۆ ئەو دیاردەیە لە زمانی خەڵکی ناوچەیەکدا. هەر بۆیە هەم بەشێوەیەکی وشەنامەیی‌و هەم بەشێوەی خوازەیی وەها دیاردەیەك ناتوانێت لە زمانەکەدا سەرهەڵبدات. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا "داربەڕوو" وەك ناوێك بۆ درەختێکی کێویلە، بەکار دەهێنرێت. تایبەتمەندییەکانی ئەم درەختە لە باری چەمکی هەندەکییەوە شوێنپێی لە زمانەکەدا بەشێوەی وشەیەکی لێکدراو داناوەو "داربەڕوو" لە فەرهەنگی زمانەکەدا مانایەکی چەسپاوی ڕاستەقینەی وەرگرتووە. لە هەمان کاتدا "داربەڕوو" لە باری خوازەییشەوە واتاگەلی هاوتەریبی لە فۆلکلۆرو ئەدەبیات وەرگرتووە کە ئەم واتایانە بەکارهێنانی خوازەیین. بۆ نموونە "داربەڕوو" بە مانای "داری ڕیشەدار" نیشانەی ڕەسەنایەتی‌و خۆڕاگرییە، ئەم چەمکە لە ڕەوتی بیرکردنەوەدا بەگوێرەی ئەزموونی فەرهەنگی هەم واتای وشەنامەیی‌و هەم واتای خوازەیی وەرگرتووە.

ڕەوتی بیرکردنەوە دەبێتە مایەی زانی زەینی زمانی. ئەم زایەندەییە دوو قۆناخی هەن؛ قۆناخی یەکەم لەدایکبوونی ناوێك بۆ دیاردەیەك. واتە هەر دیاردەیەکی سروشتی دەتوانێت ببێتە مایەی سەرهەڵدانی تاك واتایەکی زمانی. یەکەی واتایی، لە یەکەیەکی دەنگیدا جێ دەگرێت. بەپێی ڕاهاتن زایەڵەی دەنگی‌و مانا وەها پێکەوە دەنووسێن شێوەی "جمکی پێکنووساو" بە خۆوە دەگرن، بە بڕوای من ئەمە دەبێتە هۆی "ڕاهاتن بە مانا" کە سەرەڕای ئەوەی تەنیا جۆرێکە لە ڕێککەوتن، لە دەرهەستدا وەك پێوەندییەکی لۆژیکی دێتەبەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا "ڕاهاتن بە مانا" تراویلکەی

پێوەندیی لۆژیکیی دەنگ-مانا دروست دەکات، کە دەبێتە مایەی ئاسانکاری بۆ ئاخاوتن. کاتێك باسی پێکنووسان دەکەین مەبەستمان دوو ڕووپەڕن کە یەکێکیان لە سروشت (دەنگ) وەرگیراوەو ئەوی دیکەیان واتایە کە لە زەیندا چەسپێنراوە.

هەموو بیرکردنەوەیەك پێویستیی بە دابینکردنی کەرستەی مانایی هەیە. وشەکان ئەو کۆدانەن کە لە پرۆسەی مانادارکردندا وەك نیشانە بەکار دەهێنرێن. ئەم نیشانانە ڕێچکەی بیرکردنەوە دەستنیشان دەکەن. واتە وێستگەکانی بیرکردنەوە وەك "شوێنپێ"و "زناك" دەستنیشان دەکەن. بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین ئەو ڕێگەیەی لە ڕەوتی بیرکردنەوەدا بڕیومانە دیاری بکەین. بۆ نموونە وێستگەی A ئاخێزگەی بیرکردنەوەیە (چەمکەکان)، وێستگەی B دەستنیشانکردنی پێوەندییەکان (گوتەزاکان)، بەم مانایە کە دیاردەو تێکبەستو شەقڵەکان دیاری دەکەین. لە وێستگەی C دا بەشێوەیەکی پێڕەوبەند (سیستماتیك) ناو لە بەشەکان دەنێین، کە دەرکەوتی گەڵاڵەی دەرهەستیینو مەبەستمان ئەوەیە کە بەرەنجامی بەرهەستەکی بیرکردنەوەمان زەقوزۆپ بکەینەوە. ئەو بەشانەی بیرکردنەوە کە لە سایەی چەمکی هەمەکیدا بەرهەم دێنو لە چەمکی هەندەکیدا دەپەڕژێن، بە نیشانەی هەندەکی پێك دەبەسترێنەوە، ئەمانەش زاراوەکانن کە یارمەتی ڕوونکردنەوەی دەزگای چەمکی دەدەن.

هەر نیشانەیەك "زناك - شوێنپێی" دیاردەو بوونێکە. لە هەر کێڵگەیەکی واتاییدا "شوێنپێ"یەك هەیە، شوێنپێی بوونەوەرێك کە بۆ "شتێك" گەڕاوە. هەر گەڕانێك "نیشانە"یەکەو هەر نیشانەیەك "نیاز"ێك، هەر نیازێکیش "مانا"یەکە. هەر مانایەك "دەراوێکی بیرکردنەوەیەو هەر بیرکردنەوەیەك "هێز"ێکە کە دەتوانێت "بیرۆکە"کان دابڕێژێت. ئەم بیرۆکانەش لە چەمکدا زەقوزۆپ دەبنەوە. پێموایە هەموو ئەم پرۆسەیە دەگات بە پێناسەکەی چۆمسکی لەبارەی چەمکەوە: "چەمك گولاج (کەپسوول)ێکە" کە تەنیا بە شکاندن، یان کەرتکردنی دەتوانین پەی بە پێکهاتەکەی ببەین. پەیبردن بە پێکهاتەی شتێك بە شکاندنی نێوەرۆکی پێکهاتەکە دەلوێتو دروستکردنی پێکهاتەیەکیش بە "وەسەریەکنان"ی ئەو پێکهاتەیە دەلوێت. کە وابوو "بیرکردنەوە" بریتییە لە "بونیادنان"و "وێرانکردن"؛ واتە "تێکوپێکنان" بۆ ئەوەی جیهانی کۆن جێی خۆی بۆ جیهانی نوێ چۆڵ بکات. بەڵام مەرج نییە هەمیشە ناچار بین بۆ "بونیادنان" هەموو شتێك وێران بکەین. بۆیە پابەندبوون بە ڕەوتی دیالکتیك سیستمی پێشوو نۆژەن دەکاتەوەو "نۆژەنکردنەوە" واتە "سەقامگیری". سەقامی

مانایی، واتە "سەقامی دەرهەست"و سەقامی دەرهەستیش بە چەمکسازی دێتە بەرهەم. چەمکسازی جیهان ڕوون دەکاتەوە. یەکە واتاییەکان ڕێك دەخات، بەروبوونی ئاوەز "نیشانەدار" دەکاتو قۆناخە هزرییەکان بە سیستمی چەمکی سەقامگیر دەکات. چەمکەکان دەتوانن "بیرۆکەکان" پۆلێن بکەنو بەم شێوەیە کەڵەکەکردنی گۆترەی زانیاری لە "سیستمێکی ڕاڤەیی"دا کۆنترۆڵ دەکەن. هەڵبەت ئاشکراشە کە چەمك خۆی بەرەنجامی ڕاڤەیە.

دەتوانین بڵێین کە درکپێکردنی هەستەکی، کە بەرەنجامی ئەزموونی هەستەکییە دەبێتە مایەی بەرکەوت لەتەك جیهانی بەرهەستەکی (عینی). کە وابوو بەم ڕوونکردنەوەیە دەتوانین لە گوتەکەی ئەرستۆ تێبگەین: "هیچ شتێك لە ئاوەزدا درك ناکرێت تا پێشتر لە هەستدا ئەزموون نەکرێت".

کە وابوو:

پێدراوەکانی هەست ---- چەمکەکانی هەست - ﴿جوانی﴾

پێدراوەکانی ئاوەز ---- چەمکەکانی ئاوەز - ﴿ژیری﴾

درك بەوەی شتێك "جوان"ە، لەوەوە چاوگە دەگرێت، کە هەماهەنگیو شیرازەیەك لەنێوان پاژە پێکهێنەرەکانیدا هەبێت. هێڵەکانی درێژی و پانی و قەبارەو ڕەنگو بۆنو ...هتد، ئەگەر ببنە مایەی بزواندنی سەرنج و کارتێکەرییەکی هەستەکی "خۆش" لە ناخدا بورووژێنن ڕەنگە ئەمە بە "جوان" لەقەڵەم بدەین. دەتوانین بێژین کە تایبەتمەندیی هەرچییەك کە جوانە ببێت، بەوەی کە چەمکی "جوانی" دروست ببێت. واتە پێوەرێك کە هەر شتێکی "جوان" هەیەتی، ببێت بە پێوەری جوانی. واتە "جوان" ئەو شتەیە کە هەموو سیفەتەکانی "جوانی" تێیدا بەرجەستە ببنەوە. کە وابوو "جوانی" چلۆنایەتیەکە، کە دەناسرێتەوە. ڕەنگە بتوانین بێژین لە ڕێگەی "جوان" وەك چلۆنایەتیەك، "جوانی"مان بۆ دەردەکەوێت. ئەو "جوان"ەی بەر هەستەکانمان دەکەوێت، دەبێتە مایەی "خاڵی ڕاڤەیی" هەرچییەك جوانەو هەرچییەك کە جوانە لە ئەنجامی "خاڵی ڕاڤەیی"ەوە دەناسرێتەوەو دەبێت بە پێوەری "جوانی". کە وابوو "ناسینەوە" بەرەنجامی "خاڵی ڕاڤەیی"ە کە وا لە ئێمە دەکات بە بینینی پێوەرەکانی شتی "جوان" بە پێناسەی جوان دەگەین. "پێناسە" چەسپاندنی چلۆنایەتییەکانەو لەم ڕێگەیەوە ماناکانی "جوانی" دەچەسپێنو بەم شێوەیە "ڕێککەوتنی نیشانەناسانە" دێتە کایەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیاردان لەسەر شتی "جوان" بەندە بە چلۆنایەتییەکی هەستەکیەوە،

بەو پێیەش دەگوترێت "جوانی" ڕێژەییە؛ چونکە دواجار کاردانەوەی هەستەکی ناسکار کاریگەری لە پێناسەکاندا دادەنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بێژین پێناسەی جوانی پێناسەیەکی ڕێژەییە. هەموو ئەوەی گوترا، دەبن بە پێدراوانێك لە چەمکی "جوانی"دا. بۆیە کاتێك لە چەمکی جوانی دەدوێین، لە ڕێگەی "ماناکێشەکێ (تداعی معانی)"وە ئێمە لەم چەمکە تێدەگەین. بە لەبەرچاوگرتنی کۆی مانا ئاخنراوەکانی چەمکی جوانی، دەتوانین لە زاراوەی "جوانیناسی" تێبگەینو ئنجا پۆلێنکردنی "جوانیناسی" وەك بابەتێك لە هونەرو ئەدەبو فەلسەفەو... هتد ئەو تەنینەوە واتاییەیە کە بە تێگەیشتن لە "چەمکی جوانی" دروست دەبێت.

پێدراوەکانی ئاوەز، چەمکە ئاوەزەکییەکان دروست دەکەن. بۆ نموونە "ژیری" چلۆنایەتیەکی ئاوەزەکیە. ئەم چلۆنایەتیە لە پێدراوی ئاوەزەکییەوە چاوگە دەگرێت. توانایی ڕاوڕایەڵو ڕاپەڕاندنی کردەیەکی ئاوەزەکییە. کە وابوو کاتێك باسی "توانایی" دەکەین، لە جووڵەیەکی نێوەکی دەدوێین کە بۆ هێزی ئاوەز دەگەڕێتەوە. دەکرێ بێژین "ژیری" لە "ئاوەزە"وە دەدەڵێنێت یان دەرهاویشتەی ئاوەزە.

ئایا دەتوانین بڵێین هەرچییەك لە ئەزموونەوە وەرگیرابێت، ڕەگێکی لە "هەست" دا هەیە؟ ئەگەر ئەزموون بە مانای "بەریەککەوتن لەتەك هەرامەی کەتوار (امر واقع) پێناسە بکەین، بەدڵنیاییەوە "کەتوار" لە جیهانی بەرهەستەکی دایەو هەرچییەك "بەرهەست" بێت، بەر یەکێك لە هەستەکان دەکەوێت! کە وابوو هەرکە باس لە "ژیری" دەکەین، مانای "بە ئەزموون"یش لەم وشەیەدا پەپکەی داوە! خۆ ئەگەر لە "ژیری پیری بەئەزموون" بدوێین، "ژیری"و "ئەزموون" وەك دوو دەرهاویشتەی "دەرهەست"و "بەرهەست" هەردووکیان لە جیهانی کەتوارەکی (واقعی) دەرکەوتیان هەیە. دەرهەست-دانا (عالم)، بەرهەست-دیار (معلوم) لە ڕەخساندنی "خاڵی ڕاڤەیی"دا بەشدارن، یان باشتر بڵێین لە پێوەندییەکی دیالکتیکیدان. بۆیە ئێمە ناتوانین پێش بە بەریەککەوتنی "پێدراوەکانی ئاوەز"و "پێدراوەکانی هەست" بگرین. ئەگەر هیگڵ گوتەنی "ئەوەی کەتوارەکیە ئاوەزمەندانەیەو ئەوەی ئاوەزمەندانەیە کەتوارەکیە"، دواجار "ژیری" وەك بەشێك لە ئاوەز وەك توانست، سەر بە چەمکی ئاوەزە کە ئەرکی ڕاوڕایەڵی "کەتوار"و "ئەزموون" دەگرێتە ئەستۆی خۆی. واتە "ژیری" دەرکەوتی ئاوەزە، یان نیشانەی بە ئاوەز بوونە. ڕەنگە یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی کە پێدراوەکانی ئاوەز لە پێدراوەکانی هەست جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە

بڵێین پێدراوەکانی ئاوەز "توانست"، یان "کارکرد"ن. بەو مانایەی ئەرکی "داوەری"دواجار بەوان سپێردراوە. خاڵی هاوبەشیان بە بڕوای من "پەیبردن"و "تێگەیشتن"ە. لەبەر ئەوەی پەیبردنی هەستەکی بە یاریدەی ئەزموون ڕەخسێنەری تێگەیشتنن. لێرەدا پێدراوەکانی هەست و پێدراوەکانی ئاوەز یەکانگیر و هەماهەنگن. بەڵام هەروەك گوتمان "داوەری" لە ئەستۆی پێدراوەکانی ئاوەزە. لە پێوەندی لەتەك داڕشتنی چەمك، بەگوێرەی ئەوەی گوترا، پێویستە ئاخێزگەکان بناسین. ئەگەر وشەیەك "دەراوی" مانایەکە بێت، دەبێ ئەو وشانەی لێی دەدەڵێنن لە هەمان ئاخێزگەوە هاتبن. چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی "کێڵگەی واتایی"و لە باری نیشانەناسیشەوە "ئاماژەکان"و "ماناکان" لەتەك "کێڵگەی واتایی"دا یەکانگیر دەبن. بۆیە ئەو دەمەی کە چەمکێك دادەڕێژین دەبێ هەم بزانین سەر بە چ پێدراوێکە (هەست یان ئاوەز)و هەم لە تەکنیکی ڕێزمانیو وشەڕۆناندا کەرستەکانی داڕشتنو داتاشین بناسین. چونکە بە بڕوای من ئەوەی کە دەبێتە مایەی "وردی"و "مووئەنگێویی مانا" بینینی ئاراستەی واتاییو ئەو کەرستە ڕێزمانیەیە کە وەك ئامرازەکان یارمەتیدەری وشەن بۆ ئەنگاوتنی مەبەستی زەین. بۆ نموونە کاتێك دەمانەوێ لە وشەی "ئاوەز"ەوە شەقڵەکانی دیکەی ماناکان دابڕێژین، دەبێ هەوڵ بدەین "ئاوەز" یەکەی پێکهێنەری زاراوەکان بێت.

"ئاوەز - عقل" ، "بەرئاوەز - معقول" ، "دەرئاوەز -نامعقول" "ئاوەزمەندانە - عقلانی" -"ئاوەزەکی - عقلی".

بە کورتی "بیرکردنەوە" پێداویستییەکانی خۆی دەدۆزێتەوە؛ تێکبەستنی بابەتە بیرلێکراوەکان پێویستی بە داڕشتنی چەمكو گوتەزاو زاراوەکان هەیە، کە دەبێ لە ڕێڕەوێکی لۆژیکیدا پۆلێن بکرێن. لەم پێناوەدا هۆشیاری بە ئاخێزگەکانی مانا، بەستێن، پێدراوەکانی هەستو پێدراوەکانی ئاوەز گرنگەو لە باری زمانەوانیو زماننناسیشەوە ئاشنایەتی بە "کێڵگەی واتایی" ئاماژەو نیشانەو کەرستەو ناسینی ئاراستەی واتاییو جەمسەری واتایی لەگەڵ شارەزایی لە کەرستە ڕێزمانییەکانو هەروەها "وشەڕۆنان" دەبێتە هۆی یەکانگیریو پەیکاڵو هەماهەنگی داڕشتن؛ چونکە باشترین یەکەی واتایی ئەو یەکەیەیە کە دەرخەری وێنای زەینی بێت. واتە گونجاویی پەیڤ و بیرۆکە تێیدا بەدیبکرێت.

زیائەدین سەردار: ئیسلام بۆ ئایدلۆژیا بگۆڕدرێت لە ناوەڕۆکە ئەخلاقی و روحییەکانی دادەماڵدرێت



وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: جەمال پیرە

پرۆفیسۆر زیائەدین سەردار، نووسەرو ڕەخنەگرو راگەیاندنکارێکی بەریتانی بەرەچەڵەك پاکستانییە، زیاتر لە 50 کتێبی چاپ کردووە. بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی ئایندەیە لە زانکۆی ئیست وێست لە شیکاگۆو سەرۆکی پەیمانگای ئیسلامییە لە لەندەن، هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری وەرزیی "کریتیکەڵ موسلیمە" "موسڵمانی ڕەخنەگر". ماوەیەك وەك پەیامنێرێکی زانستی بۆ گۆڤارەکانی نیجەرو نیو

ساینتس کاری کردووە، هاوکات بۆ گۆڤاری سیاسی ناسراوی نیوستێتمانی بەریتانی دەنووسێت. لە ساڵانی 2006-2009 وەك کۆمیساری کۆمیسیۆنی یەکسانیو مافی مرۆڤی بەریتانیا کاری کردووەو لە ساڵانی 2008-2019 ئەندامی کۆڕبەندی ئاسایشی نیشتمانی بەریتانیا بووە. چەندین فیلمی دیکۆمێنتاری بۆ ژمارەیەك کەناڵی تەلەفزیۆنی بەریتانی وەك بی بی سیو کەناڵ چواری بەریتانی ئامادە کردووە.

زیائەدین سەردار پێیوایە ئیسلامی سیاسی هەرگیز ناتوانێت لەگەڵ ڕێبازی دیموکراسیدا هاوتەریب بێت، هەروەها بەشێك نییە لە چوارچێوەی عەقڵیو دەرهەستی ئیسلام، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئیسلامی سیاسی ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ پلورالیزم و فرەچەشنی بکات، کە لە بنەڕەتدا جەوهەری دیموکراسییەتە، بەوپێیەی دیدێکی تاکلایەنەی هەیەو لەسەر بنەمای فۆرمێکی کۆن دامەزراوە، لە ژێر ناوی شەریعەتدا یاساو ئەخلاقی پشتگوێ خستووە، لە هەمانکاتدا ئاماژە بەوەش دەدات مێژوویەکی دوورو درێژ کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی ئومەویو عەباسیەکان لەناو پێکهاتەی دەروونی عەرەبدا لە گەڕانی بەردەوامیان بۆ "سەرکردە و فەرمانڕەوای بەهێز" بووەتە بەشێکی دانەبڕاو.

-ئایا ئیسلامی سیاسی توانای داهێنانی مۆدێلێکی وای هەیە، ئیسلام لەگەڵ دیموکراسیدا ئاشت بکاتەوە.. چۆنو لەژێر چ چوارچێوەیەکدا؟

بە ڕاشکاوی باوەڕم بەوە نییە شتێك بە ناوی "ئیسلامی سیاسی" هەبێت. ئایینو سیاسەت بەیەك ناگەنو لەو کاتەی کە بەیەك دەگەن، هەمیشە ئەنجامەکەی کارەساتبار دەبێت. دەسەڵات میحوەری سیاسەتە، لە کاتێکدا ئیسلام جگە لەوەی بیروباوەڕێکە، دیدێکی تەواوکارە بۆ ژیان، بۆیە دەکرێ بڵێین هەموو سیماکانی واقیع لە ئیسلامدا لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دیدێکی ئەخلاقی بۆ هەموو لایەنێکی هەوڵو کۆششی مرۆڤ.. ئیسلام پرسیارو وەڵامی ئامادەکراو بۆ هەموو کێشەکانی مرۆڤ پێشکەش ناکات، بەڵکو ئەو دیدە ئەخلاقیو دادپەروەرانەیە بەردەست دەکات، کە بەهۆیەوە موسوڵمانان هاندەدات بەدوای هەموو شتێکدا بگەڕێن کە پەیوەندی بە کێشەکانی مرۆڤەوە هەیە، بە کێشە سیاسییەکانیشەوە.

پێویستە ئەو دیدگایە پێناسە بکرێت کە بانگەشەی بوونی "ئیسلامی سیاسی" دەکاتو ئیسلام وەك باوەڕێك یان شێوازێکی ژیان نابینێت، بەڵکو وەك ئایدۆلۆژیایەکی

هاوشێوەی مارکسیزم یان ماتریالیزم دەیبینێت، کە پرسیارو وەڵامی ئامادەی بۆ زۆر لە کێشەو گرفتەکانمان هەیە. بەڵام کاتێك ئیسلام بۆ ئایدۆلۆژیا دەگۆڕدرێت، ئەجێنداکەی لە بەرژەوەندیی گروپێکی سیاسی دیاریکراودا سنووردار دەبێت، بەمەش مرۆییبوونی خۆی لەدەست دەدات‌و دەبێتە سەرزەمینی ململانێ، لەو کاتەشدا ئەخلاق‌و عەقڵ‌و دادپەروەری لەسەر حیسابی ئامرازە سیاسیەکان‌و بەرژەوەندییەکانیان دەبنە قوربانی. بۆیە گۆڕینی ئیسلام بۆ ئایدۆلۆژیایەکی هەمەلایەنە، ناوەڕۆکی ئەخلاقی‌و مەعنەویی لێ زەوت ناکات، بەڵکو بەشێکی گەورەی مێژووی موسوڵمانان دەکات بە نا ئیسلامی.

ئەوەی تەنها بۆ ئێمە دەمێنێتەوە ئاژاوەیەکی خەوشدار دەبێت، وەك ئەوەی کە لە سعودیە یان ئێران دەیبینین، یان لە کردەوەی گرووپەکانی وەك تاڵیبان‌و بۆکۆحەرامدا دەیبینن، بۆیە ئیسلامی سیاسی، بەبڕوای من، هەرگیز ناتوانێت لەگەڵ ڕێبازی دیموکراسیدا هاوتەریب بێت، هەروەها بەشێك نییە لە چوارچێوەی عەقڵی‌و دەرهەستی ئیسلام.

-ئایا ئیسلامی سیاسی رۆڵی لە ناسەقامگیربونی ریفۆرمی سیاسی‌و دارمان‌و دابەشبوونی شوناسی نەتەوەیی لەبەرژەوەندی خێڵ‌و تایەفەو مەزهەب یان حزب هەبووە؟

بە دڵنیاییەوە.. ئیسلامی سیاسی ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ پلورالیزم‌و فرەچەشنی بکات کە -جەوهەری دیموکراسییە- چون ڕوانگەیەکی یەکلایەنەی هەیەو لەسەر بنەمای فۆرمێکی کۆنی یاساو ئەخلاق لە ژێر ناوی شەریعەتدا دامەزراوە. بۆ نموونە فەرمانڕەوا هەڵبژێردراوەکانی میسر بۆیان دەرکەوتووە کە گەشەکردنی دیموکراسی -لەهەندێك حاڵەتدا- پێویستی بە مامەڵەکردن لەگەڵ سیستمێکی تێکئاڵاوی فەرمانڕەوایی هەیە.

لە دیموکراسیدا حکومەتەکان لە چەند گروپێکی مرۆیی‌و چەندین مەزهەب‌و ئیتنیك‌و بەرژەوەندی کەسی جیاواز پێکدەهێنرێن، لەڕێگەی چوارچێوە دامەزراوەییەکانەوە کە لەلایەن سیستەمەکانەوە دیاریکراون. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەم بەشانە چۆن لەگەڵ یەکتردا بۆ بەرهەمهێنانی هەموویکی تەواوکار کارلێك دەکەن؟ لەوەش زیاتر، یان سەرکردەکانی دیموکراسی لە ژینگەیەکی خێرا گۆڕاوی خاوەن پێشبینییەکی زۆردا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم فرەچەشنی‌و ئاڵۆزییەدا دەکەن؟ ئیسلامی سیاسی چی کرد؟ دیموکراسیەتی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانە بە هەبوونی ئیسلام لە فەرماندەیی دەسەڵاتدا بەکارهێنا.

بەڵگەش بۆ ئەمە موحەمەد مورسی سەرۆکی پێشووی میسرە کە بینیمان چۆن هەوڵیدا بۆ خۆی دەست بەسەر هەموو دەسەڵاتەکاندا بگرێت، خۆی لە فەرمانڕەوایەکی هەڵبژێردراوی شەرعیەوە گۆڕی بۆ فەرمانڕەوایەکی سەرکوتکەرو خاوەن دەسەڵاتی ڕەها، لە کاتێکدا شۆڕش لەتوانایدا هەبوو پەیکەربەندی دەسەڵاتخوازی تاکڕەوی لەناو ببات. بەڵام پارێزگاریی لە دەسەڵاتخوازی دەرهەستی ئیسلامی سیاسی کرد، ئەمەش لەو دەستوورەی مورسیو لایەنگرانی دایانڕشتبوو، روون بوو.

بۆ نموونە لە مادەی (1)ی دەستووردا، کۆماری میسری عەرەبی بە "دەوڵەتێکی سەربەخۆو خاوەن سەروەریو یەکگرتوو و سیستەمێکی دیموکراسی" پێناسە کراوە. لە کاتێکدا مادەی (2) ڕایدەگەیەنێت" ئیسلام ئایینی دەوڵەتە، زمانی عەرەبیش زمانی فەرمییە. لە ڕاستیدا ئەم پێناسەیە دروستە، چونکە میسر لە بنەڕەتدا وڵاتێکی عەرەبیو موسڵمانە، بەڵام مادەی (2) بەم شێوەیە لە پێناسەکردنەکەدا بەردەوام دەبێت: پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلامی بنەمای یاسادانن". ئەمەش پێناسەکردنێکی کارەساتبارە بەهۆی بوونی جیاوازی پلوڕالیو فرەچەشنی، لەوەی کە پەیوەندی هەیە بە پێناسەی شەریعەتەوە، بە تەنیا بۆ موسڵمانان نییە، چ جای غەیرە موسڵمان، ئەمە هەوڵێکی ڕوونە بۆ سەرکوتکردنی پلوڕالیزمو فرەچەشنی لەو کاتەی شەریعەت لە گۆڕەپانەکەدا دەردەکەوێت، هەروەك دواتر ڕووداوەکان پشتڕاستیان کردۆتەوە، میسر بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوەو دابەش ناکرێت. بە دڵنیاییەوە بیرۆکە کۆنەکان دەربارەی جێندەر بۆ نا موسڵمانانو هزرەکانی دیکەی کە بە بۆچوونی شەریعەتی نەریتی، نارەوان، وەك خۆیان دەمێننەوە.

بۆ نموونە لە ماددەی (4)دا، دەسەڵات بە زانایانی ئەزهەر دەدات، کە دەبێت لەوەی پەیوەندی بە شەریعەتی ئیسلامییەوە هەیە ئامۆژگارییەکانیان وەربگیرێت، ئەمەش بێگومان لەگەڵ دەستووری ئێراندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، کە دەسەڵات بە ویلایەتی فەقیه و ئەنجومەنی شارەزایان دەبەخشێت.

گریمانە بنچینەییەکەی کڕۆکی ئەم بابەتانە ئەوەیە کە ناتوانرێت متمانە بە مرۆڤەکان بکرێت، ئەوە خەڵك خۆیانن شۆڕشیان دەستپێکردووە، هەروەها لەسەر پرسە ئەخلاقییە گشتییەکان ڕێنماییاندارشتووە، یان ئەوەیان پێناسەیان کردووە کە موسڵمانبوون لە سەدەی بیستو یەکەمدا مانای چییە، ڕێنماییو ئامۆژگاریکردنی خەڵك وەك گوێڕایەڵ لەلایەن دەستەیەکی هەڵبژێردراوەوە,

لە حاڵەتی بوونی هەر گومانێکدا مادەی (219) لەوەی کە پەیوەندی بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامییەوە هەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ڕێنمایی گشتی لەبارەی ڕێسا بنەڕەتییەکانی ژیانو فیقهی لەخۆدەگرێت، کە لە بنەماکانی ئەهلی سوننەو جەماعەدا وەرگیراون، بەمەش شیعەو سۆفیگەرو ئیسماعیلیو گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە، ئەوانەی کە پەیڕەویکاری پرەنسیپەکانی پێکهاتەی سوننە نین، پێویستیان بە بەدەستهێنانی مافی هاوولاتیبوون نییە. لە لایەکی ترەوە ژنان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە خێزانییەکانیان دەبێ لە ماڵەوە بمێننەوە، غەیرە موسڵمانەکانیش دەبێ لە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیەدا بن.

لە دەستوورەکەدا کۆمەڵێك ماددە هەن بە هەمان ئەندازە خراپن.. بۆ نموونە ماددەی (45) ئازادی بیرکردنەوەو رادەربڕین لە سنووری ڕەهادا دەبەخشێت، بەڵام لە مادەی (44)ی پێشوودا ناوزڕاندنو سووکایەتیکردن بە پێغەمبەران قەدەغە دەکاتو بەم شێوەیە دەرگای کوفرو جنێودان دەکاتەوە، هەروەك پاکستان کاتێك خەڵکێکی زۆری بێتاوان بەدەست ئەم جۆرە یاسادانانەوە نالاندوویانە، تا ئەو ڕاددەیەی کە کوڕانی گەنجی مەسیحی سزای مەرگیان بەسەردا سەپێندرا، بە دڵنیاییەوە تەنها سووکایەتیکردن نییە بە پێغەمبەران، بەڵکو بەپێی ماددەی (31) نابێت سووکایەتی بە هیچ مرۆڤێکی تر بکرێت، ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە سەرۆك مرۆڤە، بۆیە هەر ڕەخنەگرتنێك لەو، هاوولاتی ڕەخنەگر بەتۆمەتی سوکایەتیکردن بە سەرۆك بەرەوە زیندان دەبات، بۆ نموونە تۆمەتبارکردنی سوپا بە گەندەڵی دارایی‌و خراپ بەڕێوەبردن، تۆمەتبار بە تۆمەتی سوکایەتیکردن بە سوپا ڕەوانەی دادگای سەربازی دەکات.. چەندین ماددەی دیکەی دەستووری هەن، ئیسلامی سیاسی ناتوانێت بەهۆیانەوە وەڵامی بەشێکی زۆری ئەو لادانە سیاسییەی ئێستا بداتەوە.

-چەمکی دەوڵەتی مەدەنی لەسەر بنەمای کراوەیی مرۆیی‌و نەبوونی رقی نەتەوەیی‌و ئایینی‌و تائیفی دامەزراوە. ئیسلامی سیاسی چۆن دەتوانێت لە گوتاری دامودەزگاو بزووتنەوە ئایینیەکاندا بۆ گەیشتن بە دیموکراسی، پەیوەندی نێوان کۆمەڵگای‌ئایینی‌و کۆمەڵگای مەدەنی هەڵوەشێنێتەوە؟

جارێکی ترو بەداخەوە، شەریعەت -کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە سەدەی نۆیەمدا بەرهەمهێنراوە، ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دابمەزرێنێت- چونکە لە کرۆك‌و جەوهەرەکەیدا کەموکورتی هەیەو بۆ کات‌و شوێنی دیکە دارێژراوە.

بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە کە ئیسلام بێتوانایە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی. زۆر لە چەمکە ئیسلامییەکان، وەك بەرژەوەندی گشتی، جێنشینی مرۆڤ و شورا، دەکرێ بۆ داڕشتنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی زیندوو بکرێنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە بەدی بێت، پێویستییەکی زۆرمان بە گۆڕانکاریی ئەو ماددە فیقهیو شەریعەتیانە لەو رەهەندە مرۆییو ئەخلاقییانە دوورخراونەتەوە کە ئیسلام وەك چارەسەرێك بۆ کێشەکانی مرۆڤ ببینرێت. ئەندەنوسیا نموونەیەکی باش پێشکەش دەکات، هەندێك لە بزاڤە ئیسلامییەکانی ئەوێ، بۆ نموونە تۆڕی ئیسلامی لیبراڵ، سەرنج دەخەنە سەر ئەوەی کە دەکرێ بە"نافەرمیبوون" ناوبنرێت، ئەمەش بەهۆی گۆڕینو گواستنەوەی لە زۆر جەختکردنە سەر فۆرماڵیزمو هێماسازییەوە، بۆ گرنگیدان بە مرۆڤ و ڕەهەندی مرۆیی لە ئیسلامدا.

یەکەمین ئەرك لە "نافەرمیبوون"دا گەڕاندنەوەی ئەو رەهەندە ونبووەیە، لە رێگەی جەختکردنەسەر لێبوردەییو فرەچەشنیو لێپرسینەوەو کرانەوە لە فەرمانڕەوایەتی کردندا، ئەمەش گرنگترین هەنگاوە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا، چونکە ئەرکی ئایینی بریتی دەبێت لە دژایەتیکردنی گەندەڵیو لێپرسینەوە لە فەرمانڕەوا هەڵبژێردراوەکانو دامەزراندنی میدیایەکی سەربەخۆو دەسەلاتێکی سەربەخۆی دادوەرییو فەرمانڕەوایەتییەکی کراوەو شەفاف بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە بووە بە بنەما بۆ دیموکراسیەتەکەی ئەندەنوسیا.

بێگومان موسڵمانە کۆنزەرڤاتیڤەکان ئەمەیان بەدڵ نییە، سەرکۆنەی دەکەنو بەردەوامن لە تێکدانی ئەو هەوڵانە.. بەڵام وڵاتێکی ئاوەدان بەبێ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێشکەوتوو دروست نابێت.

ئەو هەڵەو کەموکورییانە چی بوون کە کاریگەرییان لەسەر راپەڕینەکانی بەناو "بەهاری عەرەبی"دا هەبوون؟ چۆن ئیسلامی سیاسی لە گۆڕینی بۆ "پاییزی عەرەبی" بەشدار بوو؟

عەقڵی عەرەب ڕەگو ڕیشەی لە دەسەڵاتدارێتی پاوانخوازیدایە، سەرنج بدەن چۆن زیاتر لە نیوەی گەلی میسر "عەبدولفەتاح سیسی" کەسایەتی سەربازیو وەزیری بەرگریی پێشوویان لە باوەش گرتووە، ئەوان حەزیان لە "کەسایەتیە داناو بەهێزەکانە"، واتە فەرمانڕەواو دیکتاتۆرە ستەمکارەکان. رووخانی دیکتاتۆرەکان تاڕادەیەك ئاسانە، وەك لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا تێبینیمان کرد، رەنگە سیسیش بە هەمان رێگادا

بڕوات كە مورسی پێیدا ڕۆیشت، بەڵام لابردنی دیكتاتۆریەتێك لە دەرهەستو عەقڵی عەرەبدا رەگی داكوتابێت، ئاسان نییە. مێژوویەكی دوورو درێژ هەیە -دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئومەوی‌و عەباسی- بەداخەوە ئەو مێژووەبووەتە بەشێكی دانەبڕاو لەناو دروستبوونی سایكۆلۆژیاو دەروونی عەرەبدا.

-ئەزموونی سیاسی تونس چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

تونس كەمێك هیوای هەیە، بەو پێیەی مۆدێلێكی هاوشێوەی مۆدێلی تورکی پەیڕەو دەكات، واتە هەوڵدەدات ئایین لە سیاسەت دوور بخاتەوە، بەم شێوەیەش وەك موسڵمانان لەسەر بنەمای ئەخلاق‌و ئاداب كارنامەی خۆیان چالاك دەكەن، بەڵام لەسەر بنەمای ئیسلامی سیاسی نا، بەمەش بزووتنەوەی نەهزە ئامانجی ئەوە نییە تونس بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێكی ئیسلامی لەژێر دەسەڵاتی شەریعەتدا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت تونس كەمتر ئیسلامی بێت، بەڵكو وا دەردەكەوێت هۆشیارترو ئاگادارترە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتێكی مۆدێرندا.

بزووتنەوەی نەهزە كە حوكمڕانی تونسی كرد، بەرهەمی بزووتنەوەی ئیسلامیەو هاوشێوەی میسریش بە پرۆسەی دارشتنی دەستوورێكی نوێدا تێپەڕی، كە دوای نووسینی چەند ڕەشنووسێك شێوەی خۆی گرت. تونسی ئیسلامی دیباجەی دەستووری نوێی ڕاگەیاند، بەڵام وەك باوەڕدار بە رێنماییەكانی ئیسلام دەمێنێتەوە.

بۆ نموونە لە ماددەی (1)دا هاتووە، "ئاینی تونس ئیسلامەو زمانەكەیشی عەرەبیە"، بەڵام وڵاتەكە متمانەی بە هاووڵاتیانی خۆی هەیە. لە ماددەی سێیەمدا ڕایدەگەیەنێت كە "سەروەری هی گەلی تونسە" (نەك خودا كە سەروەری باڵایە، وەك لە دەستووری پاكستاندا دەیبینین‌و بووەتە سەرچاوەی سەرلێشێواوی بێكۆتایی‌و سەرقاڵكردنی مەعریفی). لەوەش زیاتر، بە هیچ شێوەیەك باس لە شەریعەتی ئیسلامی نەكراوە، بەڵكو باس لە مافی مرۆڤ، مافی كاركردن، چاودێری پزیشكی كراوە، لەگەڵ جەختكردنەوە سەر جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان، بۆیە دەسەڵاتی یاسادانان هی سەرۆك نییە، بەڵكو زیاتر هی ئەنجومەنی نوێنەرانە كە لە رێگەی دەنگدانی نهێنی‌و ئازادەوە. هەڵبژێردراوە،

مادەی (18) كە ئامۆژگاری سەرۆك دەكات‌و بۆ ماوەیەكی دیاریكراوو بۆ ئامانجێكی دەستنیشانكراو دەسەڵاتی پێدەبەخشێت ئەو بڕیارانە دەربكات، كە پێویستن

بۆ پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە. لەوەش زیاتر، هاوکێشەیەك هەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە پەرلەمان نوێنەری هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگایە، لەگەڵ نوێنەرایەتیەکی گونجاو بۆ ناوچەکان، پیشەگەرەکان، جووتیارانو کرێکاران، پەرلەمانتارانیش نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ناکەن، بەڵکو نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی هەموو وڵات دەکەن. دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە، هەندێك دادوەری هەڵبژێردراویش لە ئۆرگانی دەسەڵاتی دادوەریو دەسەڵاتە ناوخۆییەکاندا، لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیاندا سەربەخۆیی تەواویان هەیە.

گرنگە باس بکرێت نەهزە پێداگری لەسەر دروستکردنی سیستەمێکی پەرلەمانی بە چاودێری هاوتەریب دەکرد، لە کاتێکدا لایەنە عەلمانیەکان بۆ سیستەمێکی نیمچە پەرلەمانی خەباتیان دەکرد، کە سەرۆکێکی کارای خاوەن دەسەڵاتێکی فراوانتری هەبێت. ئەم ناکۆکیو دژایەتیانەی کە شایانی سازشکردن نین، لەگەڵ پرسە جێناکۆکەکانی دیکە، لە ڕێگەی دیالۆگو گفتوگۆوە یەکلایی کرانەوە. نەك لە ڕێگەی خۆپیشاندانی جەماوەری گەورە لە شەقامەکانو ناسەقامگیرکردنی ئاسایشی دەوڵەت. ئامانجی نەهزە بوونی دەستوورێك نییە لەسەر بەڕێوەبردن، بەڵکو دەستوورێکە بۆ نوێنەرایەتیکردنی بۆچوون و خواستەکانی کۆمەڵگەی هەمەچەشنو هەموو ئەو سێکتەرانەی کە لە بنیاتنانی وڵاتدا بەشدارن. دەستووری تونس دان بە پلورالیزمو فرەچەشنی ئەو کۆمەڵگایەدا دەنێت کە دەیەوێت بنیاتی بنێت، بەمەش سیستەمێکی ئاڵۆزی حکومەت بۆ کۆمەڵگایەکی ئاڵۆز لە کاتە سەختەکاندا دابین دەکات. سەرەڕای ئەمەش، تونس بێ نارەزایەتی نەبوو، کە زۆربەیان بەهۆی بێکاریی گەنجانو چەقبەستوویی ئابوورییەوە سەریان هەڵدا، بەڵام تاکە نارەزایەتییەك کە بەشێکی زۆری پشێویو ئاژاوەگێڕی بەسەریدا زاڵ بوو، ئەو خۆپیشاندانە بوو کە لە کاتی هێرشکردنە سەر فێستیڤاڵێکی هونەری لە حوزەیرانی ساڵی 2012 لەلایەن سەلەفییەکانەوە ڕێکخرا.

-بەبڕوای تۆ ئالتەرناتیڤی راستەقینە بۆ بزاوتە ئیسلامییەکان لە جیهانی عەرەبیدا چییە؟

بەبڕوای من پێویستە پارتو لایەنە ئیسلامییەکان درك بەوە بکەن، کە خزمەتکردنی ئیسلام بە مانای خزمەتکردنی ئیسلامی سیاسی، یان پرسێکی سیاسی

نایەت، ئەمە بە مانای خزمەتکردنی کۆمەڵگاو پێشخستنە مرۆڤایەتییەکەی دێت، هەروەها دەبێت بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی تۆکمە کار بکەنو پاڵپشتی بکەن، ئەوەش بزانن ئەوان لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخدا هاوتەریب نین کە داوای ڕێزگرتن لە فرەچەشنیو پلورالیزم دەکات، پێویستە لەگەڵ ئالۆزییەکانی جیهانێکی گەردوونی بەیەکەوەبەستراودا مامەڵە بکەن. لەوەش زیاتر، دەبێت لە مێژووی نوێی خۆیانەوە فێربن، هەروەك ئەو شکستە ئاشکرایەی ئیسلامی سیاسی لە پاکستان وسودان و زۆربەی جیهانی عەرەبیدا ڕوویدا، تێڕوانینە تۆتالیتاریانەکەیان بۆ ئیسلام وەك دەوڵەت، سیاسەتی موسڵمانی بۆ میتافیزیکیەتی نیهیلیستی گۆڕیو وایلێهات هەر کارێکی درندانەو نادادپەروەرانە روبدات بە پێی سیاسەتی قازانج بە "ئیسلامی" پاساوی بۆ بهێنرێتەوە. بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزووتنەوە ئیسلامییەکان پێبگەن.

سەرچاوە:

گۆڤاری التنویری-9-4-2019

https://altanweeri.net/

لێکۆڵینەوە شیعر چێژك

نمای ئەدەبی نسێی نما

نمای ئەدەبی

* هەورەکانی دانیاڵی "بەختیارعەلی".....ب-دووەمو کۆتایی.....هاشم سەراج.....85
* بێ دەنگی بەڵای زمانە..... ئەنوەر حوسێن "بازگر".....107
** شاعیری چینی "بێی داو".....و: جەمال پیرە.....111
* یانیس ریتسۆس، شاعیری بزووتنەوەی چەپی یۆنان...عەبدوڵڵا سلێمان "مەشخەڵ".....115
* حوسێن شەبەق، زیندوو ڕاگرتنی ئەستێرە سوورەکانی....ئەنوەر حوسێن "بازگر".....121
*لە شیعری (ئەگەر یەك بێ)ی محەمەد میسری دا.....ئەنوەر حوسێن "بازگر".....127

نسێی نما

*گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو..... عەبدوڵڵا سلێمان "مەشخەڵ".....138
*فەلسەفە لە بەرامبەر زانستو ئایینداا.....یوسف ئیسماعیل.....146

هەورەکانی دانیال

دەروونخانەو سوپای مەمەد حەسارو

لێکچوونی خەونەکان و دوو پرۆفیسۆرەکە

نوسینی: هاشم سەراج
بەشی دووەمو کۆتایی

(١٠)

ڕۆمانی هەورەکانی دانیال زۆر بەوردی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو بەقوولی لە مەرگەساتەکانی جەنگ دەدوێت، هاوکات ڕۆمانێکە بەزمانێك نووسراوە خاوەندی تایبەتمەندییەکی دانسقەیەو پێوەندیگەلێکی نوێی لەنێوان وشەو شتەکانو ڕووداوە یەك

لەدوای یەکەکاندا درووست کردووە، ڕۆمانەکە خاڵی نییە لە جووڵەو دەرچەو تووڵەڕێی جۆراوجۆر، ئەمەش ئاسۆیەکی گرنگی بۆ وەرگر سەبارەت بە وێناکردنو تێڕامانو پرسیارکردن ڕەخساندووە، بەر لەوەی لە کەشی چاپخانەی ئیعتیماد بدوێم لە مەمەد حەسار کە پێشتر ناوی چاپخانەی ڕۆشنگەریی بووە، هەم دیسان دەگەڕێمەوە مەیدانی جەنگ، شاڵاوو پەلامارەکانی سوپای مەمەد حەسار بۆ سەر شاری دێلاوارو دەورو بەرەکەی تادێ فراوانتر دەبێتو سوپای دێلاوارش لە بەرگریدانو لەهەندێ شوێن دەتوانن بەر بە هێرشی حەساریيەکان، بگرن، بەتایبەتی لە بەرزاییەکانی (ئاڤیانبەر) هێزەکەی لیوا هورمز قەرەقازانی دەتوانێ هێرشەکەیان تێکبشکێنیتو شکستیان پێ بهێنێتو هەزاران کوشتە بدەن، ئەم سەرکەوتنە لە دێلاوار دەنگ دەداتەوەو گەنجەکان هاندەدێرن لەسوپا یاخود لەهێزی باغەوانەکان خۆیان ناونووس بکەن، بەڵام حەساریيەکان لە هێرشی گەورەی شەوی یەکەمدا دەتوانن بەسەدان سەربازو ئیشکەری دێلاواری بەدیل بگرن کە زۆربەیان سەر بە بەتالیۆنەکانی کارن، ئێستا بارودۆخی دێلاوار بەتەواوی ڕووی لە مەینەتو نەهامەتیە، نەداریو بێدەرەتانی خەڵکی لەلایەك، کێشەو ململانێی نێوان دەسەڵاتداران لەلایەکی دی، بەتایبەتی دوای تیرۆرکردنی فەرماندار عەبدولسەلامی مارووفی دۆخەکە بەجارێ شڵەژاوە، دەسەڵاتداران لە یەکتر بەگومانن‌و تەنانەت لەدانیشتنی شەوانەی خواردنو خواردنەوەدا کەس متمانەی بە ئەویتر نییە.

سەی ئەسڵان لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی شەڕانییە، ئێستا زۆر دوودڵو شڵەژاوە هەم لە ماروفییەکان دەترسێ هەم لە قەرەقازانییەکان، چونکە هەموو خەڵك دەزانێ ئەوەی فەرمانداری کوشتووە قوتابیو موریدی ئەوبووە، پڕۆفیسۆر بەهنام لای سەی ئەسڵان دیلە، (هەر ئەو ڕۆژە سەی ئەسڵان یەکەم جێگەی کە ناردی دابخرێت مۆزەخانەی دێلاوارو سەنتەری کولتووری هاوچەرخو کتێبخانەی ئەسخیلۆس بوو) سەی لە هەمان کاتدا تیپێکی نهێنی دروستکردووە بۆ جوشدانو پڕوپاگەندە، بەنیازە لە داهاتوودا مۆزەخانە گەورەکەی بەهنام بگۆڕێت بۆ (مۆزەی میران)، لەهەمان کاتدا دکتۆر سیامەند سەنتەرە دەروونییەکەی چۆڵ کردووەو جگە لە هەندێ شێتی دەستەپاچەو بێکەڵك سەرجەم نەخۆشەکانی بۆ پێشەوەی شەڕ ناردووە، سەی ئەسڵان لە تەلەفزیۆنەوە خەریکی وتارە ئاگرینەکانیەتیو خەڵکی هاندەدا، لەزۆر جێگادا ماڵی غەوارەکان دەسووتێنرێن، دکتۆر سیامەندیش بەهەمان شێوە بە جەنگاوەرو دێلاوارا هەڵدەڵێو لەقوتابخانەو سەنتەرە پیشەییەکانو لەزانکۆکان گەنجان بۆ بەرەکانی جەنگ ئامادەدەکا،

ڕۆمانی هەورەکان زۆر بەوردی لەپرس‌و ڕووداوەکان دەدوێت‌و هەست دەکەی بەتێپەڕینی کات ڕۆڵو هەڵوێستی بەشێ لەمرۆڤە باشەکان دەگۆڕدرێت‌و ئیسماعیلی خەڵکی دسکاراو داودی داود ئاغا کە ناودارترین بەرگدرووی دێلاواربوون لە بەرەکانی جەنگدا دەکوژرێن، نەقیب نەجات یوکسەل بەهۆی ئازایەتیەوە مەدالی قارەمانێتی وەردەگرێت‌و شەوێك لەگەڵ سێ سەربازا لەسەر بەردێکی بەرز دادەنیشن پێشبینی دەکاو دەڵێ ئێستا گوللەیەك لەدوور، لە دوور دێت‌و من دەکوژێت لەناکاو گوللەیەکی وێڵ دێت‌و ناوچاوانی دەپێکێت. لێرە بە دوا دەگەڕێمەوە مەمەد حەسارو تۆزێ لەکەشی چاپخانەی ئیعتیماد وکەسایەتی دکتۆر قاسم شابەندەر دەدوێم، شابەندەر دەڵی دایکم دێلاواریيەو باوکم مەمەد حەساری، هەتا تەمەنی پانزە ساڵی لەدێلاوار ژیاوە وباوکی لە سووپای حەساریيەکان پزیشك بووە، دوای سەرکەوتنی شۆڕشگێڕەکانی دێلاوار، بە خاوو خێزانەوە گەڕاونەتەوە مەمەدحەسار، لەدەورانی منداڵیەوە لەگەڵ بەهنام بریکان هاوڕێی لەیەك قوتابخانە خوێندوویانەو هەردووکیان گیرۆدەی وانەکانی میژوو بووینەو بەیەکەوە بیریان لە دامەزراندنی مۆزەخانەی میژوو کردۆتەوە.

(١١)

ڕۆمانی هەورەکانی دانیال کە لە دەسپێکی نووسینەوە ئاماژەم بۆ کردووە دەقێکی دەروونشیکاری‌و سایکۆلۆژییە، لەسەرەتای نووسینەوە کاری لەسەر خەون‌و خەوبینین‌و فەنتازیا (خەیاڵکردن) کردووە، جا لە خەونە ترسناکەکەی کەسێکی وەك میر ئەودالەوە بگرە کە بکوژەکە لەناکاو بە کێردێکەوە دەردەکەوێت‌و پەلاماری خەوبینەکە دەدات خەریکە سەری دەبڕێت، تا دەگاتە توانا فەنتازییەکەی ڕێنوار کە دەچێتە نێو خەونی ئەوانی ترەوەو کرۆکی خەونەکان لە (دەفتەری خەونەکان)دا تۆرماردەکات وبەردەوام دەفتەرەکە لەلای خۆی دەپارێزیت، بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم بابەتەو ڕوونکردنەوەی بەشێك لەو چەمکانەی لە دەقی دانیالدا بە قووڵی‌و بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ کاریان لەسەرکراوە، بەپێویستم زانی بەر لەوەی لە فەزای (چاپخانەی ئیعتیماد) بدوێم لەڕێگەی کتێبی (واقیع وفەنتازیا)ی (وەلید عومەر)ەوە زانیاریگەلێك دەربارەی خەون‌و خەوبینین‌و فەنتازیاوە بخەمەڕوو، فەنتازیا (خەیاڵکردن) جا ئاگایانەبێت یاخود نائاگایانە کە (فرۆید) سەرجەم چالاکییەکانی مرۆڤ لەخەون‌و خەیاڵاتەوە بگرە، تا دەگاتە داڵغەو ختوورە بە (خەونبینینی ڕۆژانە) نێودەنێت، ئەمەش وابەستەی پەیوەندی مرۆڤە بە

جیهانەوە، مرۆڤ لە تێهەڵکێشبوونو دەرگیربوونێکی ئاڵۆزدا دەژیت، بەهۆی چالاکیە فەنتازییەکانیەوە هەوڵدەدات تراوماکانی ژیانی تا کاتی دەرکەوتنی تراومای دووهەم دابپۆشێت، کە تراومایەکی ڕاستەقینەیەو نکووڵی لێ ناکرێت، کە خودی تراومای مەرگە، فەنتازیاکان کۆمەڵێك میکانیزمی بەرگرین، ئاخر واقیعی مرۆڤ هەمیشە واقعێکی نوقسانەو مرۆڤ بەناچاری فەنتازیای جیاجیاو جۆراو جۆر بۆ شاردنەوەی ئەو کەماسیە دادەهێنێت، ئەم ڕستەیە هەمان بۆچوونی (مارتن هایدیگەر)م بیردەخاتەوە کە سەبارەت بە چەمکی بوون دەڵێ بوونی مرۆڤ هەمیشە درزو بۆشایەکی تێدایە، مرۆڤ لە ڕێگەی چالاکییە جۆراو جۆرەکانییەوە هەوڵدەدات درزەکەی پڕبکاتەوەو بەتەواوکۆیی بگات، بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکە ڕووی لە مەرگە، دواجار مەرگ دێتو بۆشاییەکەی نێو بوونی تاهەتایە پڕدەکاتەوە. دەبێ ئەمە بزانین کە ئارەزووی ناو فەنتازیا هەمان ئارەزووی سوبژێکت خۆی نییە، بەڵکو ئارەزووی ئەویتری گەورەیەو ئارەزووی دەوربەرەکەیە بە سەرجەم سیستمە کۆمەڵایەتیو ڕەمزییەکەیەوە، فەنتازیا لای (لاکان) ئەو چاویلکە سوبژێکتیڤەو کەسێتیەیە پەیوەندی ئێمەو واقیع ڕێکدەخاتو لەزەبری تراوماکان دەپپاڵێوێت، هەرکات ئەو پەردە فەنتازیا نەما، ئیدی تووشی شۆكو تراوما دەبینو بەرکرۆکی ترسناکی واقیع دەکەوین کە ڕیاڵە (ناوکە ڕەقو تراوماییو چەپێنراوو زەبراوییو ترسناکەکەی واقیعە)و خودی واقیعی لەسەر بونیادنراوە، ئارەزووی من ئارەزووی ئەویترە، چونکە ئێمە پێش وەخت کۆمەڵایەتین، بەرکەوتنمان بەڕیاڵ لەخەونە ناخۆشەکە دەچێت، بێدابوونەوەشمان دەستکردنەوەیە بە فەنتازیاسازی، فەنتازیا لەدەست بدرێت واقیع دەبێتە یەکپارچە لە وەهمو وڕێنە، فەنتازیا فۆرمەو دروستی دەکەینو کەماسی دەشارێتەوە، ئەوەی شاردوویەتیەوە یاخود دەیشارێتەوە، بریتییە لە هیچو ڕیاڵو تراوما، سەبارەت بە فەنتازیاو سوبژێکتو چاڵە کۆمەڵایەتییەکە، فەنتازیا پەردەیەکە سوبژێکت بەسەر ئەم چاڵەیدا دەدات، کە ئەویتری گەورە، بە پانتایی ڕەمزیو کۆمەڵایەتیەکەیەوە بەر لەوەی من بەئاگابێمەوە کێمو چیم، چاڵێکی لەمندا دروستکردووەو دەبێت من بەردەوام ئارەزووی شتانێك بکەم کە بە سەرمدا سەپێنراوە، خەو بۆ "لاکان" تاکە خاڵە کە لەوێدا لەم ناوکە درو خزو ڕەقەی ڕیاڵ نزیك دەبینەوە، ناوکە تراومایییەکەی واقیعو کۆمەڵگاو ئەویتری گەورە (بەپانتایی ڕەمزیو کۆمەڵایەتیەوە، واتە فەنتازیا ئەو شتەیە کەوا لە سوبژێکت دەکات بتوانێت ئارەزووی خۆی بپارێزێت، فەنتازیاکردن ئارەزووکردنە، چونکە فەنتازیا بەشێوەیەکی گشتی درزو

کەلێنەکانی ناو ژیانی سوبژێکت دەشارێتەوە. نەست لای "لاکان" لەکۆمەڵگاوە دەدرێتەوە بە ئێمەو سوبژێکت لە پرۆسەی ئارەزوو کردندا تێرنابێتو فەنتازیا بڕی چێژوەرگرتنی سوبژێکت ڕێکدەخات، بەڵام ئەودیوی فەنتازیا جگە لە تراوماو شۆك هیچ شتێکی تر نییە، فەنتازیا ڕۆڵی داپۆشینی ئەم هیچییە دەگێڕیت، فەنتازیا لە دەقی دانیالدا زیاتر لە خەونەکانی نەقیبو خەونێك لە دەفتەری خەونەکانەوەو خەونەکانی هەریەك لە سمکۆ سوهەیبو پەیکەری باڵندە ڕەنگاو ڕەنگەی، هەروەها ئیسماعیلی خەڵکی دسکارا ئەو پیاوەی لەخەونەکانیدا هەزاران بولبول دەخوێنێ یاخود خەونو ڕەفتارەکانی کیسراو داودی داود ئاغاو خەونی چەندان کاراکتەری تردا دەردەکەوێتو جۆریك لە چێژو هێزی ئیستاتیکی بە جیهانی تێکست دەبەخشێت.

(١٢)

ئەپارتمانی چاپخانەی ئیعتیماد لە شەقامی حەبیبوڵای داغستانیو لەسەری فولکەیەکی گەورەو بەرامبەر بە مەیدانێکی فراوان دابوو، پێیان دەوت (دەروازەی فیردەوس) دکتۆر قاسم شابەندەر ماڵی گواستبووەوە نهۆمی دووهەمی چاپخانەکە، کرێکارێکی زۆری بیانی لە ئەڵئابادو کەربولو کوفیانەوە ڕوویان لە مەمەد حەسارکردووەو بەشێك لەو کرێکارانە لە چاپخانەکە کاردەکەن، جەنگ بەردەوامەو کاتێ ئەو کارمەندە حەساریانەی لەچابخانەکە کاردەکەن بۆ سەربازیو بەرەکانی جەنگ دەبردرێن، کرێکارە بیانییەکان شوێنیان دەگرنەوە، شار بۆنی خوێنو سووتانی لێدێت، دەسەڵاتێکی فێندەمێنتالیستی تیۆلۆژی حوکمڕانی مەمەد حەساردەکات، ئیمام سوبحانو لەشکرێك بەنێوی پاسەوانەکانی ئیمام ئەم وڵاتەبەڕێوە دەبەن، ئیمام هەرگیز دەرناکەوێت، تەنانەت لەشاشەی تەلەفزیۆنیش نابینرێت، دەرنەکەوتنی ئیمام کەسایەتی سیستانی ئێستای عێراقمان بیردەخاتەوە، سادق میرداد کە بە خواجەی گەورە بەناوبانگە، هاوڕێی نزیكو جێگری دڵسۆزی ئیمام سوحانە، فەرمانەکان جێبەجێ دەکا، ئاخر مەمەد حەساریش چەشنی دێلاوار دووچاری دەردی خەونی ترسناك هاتووە، کەسێك شێوەی شەیتانێکی دزێوی هەیەو دەچێتە خەونی خەڵكو دوای دەرکەوتنی، کەسە خەوبینەکە بە لەرزوتا دەمرێت یان ئەوەتا فێ دەیگرێتو تووشی گەڕوگولی دەبێت، خواجەی گەورە چارەسەری ئەم دەردەو دەرکردنی لەڕۆحو جەستەی خەڵکی

مەمەد حەسار لە ڕەنجدانو فیداکاریدا دەدۆزێتەوە دەڵێ ئەوەی لەم خەونەدا دەردەکەوێت ئیبلیسەو دەبێ بچن بۆ ئەو دیوی سنوورو ئەومۆتەکەیە لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە، بانگەشەچییەکان لە هەموو شوێنێکەوە خەڵك لەو خەونە شەیتانیە ئاگادار دەکەنەوەو هانیان دەدەن ڕوو لە بەرەکانی جەنگ بکەن. لەگەڵ پیاوە زلە سەر ڕووتاوەکە سەرکەوتن، دکتۆر شابەندەر لەناکاو دەرکەوت دەستێك بیجامەی سپی لەبەردابوو، چاویلکەیەکی بەدەستەوەبوو، پیاوێکی کەمێك ورگنو سەرخڕ، ڕیشو سمێڵێکی چڕی هێشتبۆوە، جووتێك برۆی زۆر گەورەی هەبوو، چاوانی ڕەشو گەورە، ڕیشی ماشو برنجی، قژو برۆی قەترانی، گەنجێك بە نێوی مەسعود وەك بەردەستێك ژوورەکەی بۆ پاکدەکاتەوەو ڕێکی دەخات، وتی بەهنام بریکان بەهنام بریکان، ئەو ئێوەی ناردووە بۆ لای من، بەگەرمی پێشوازی لێکردن، چەند ڕۆژە بەڕێگاوەن، کەوتوونەتە ناو گەرمەی جەنگ، ناخۆشی زۆرتان بینیوە، ڕوخسارتان دیارە وەك لە شەڕ ڕاتان کردبێت ڕێنوارو ئاڵ موراد خۆیان پێ ناساندو کتێبەکەی دانیالو نامە داخراوەکەی (بەهنام)یان پێداو، دکتۆر هەر لەوێ نامەکەی دووجار خوێندەوە، کەمێك بۆنی کتێبەکەی کردو وەك توحفەیەکی بەنرخ نای بەسنگییەوەو وتی دوای چەندین ساڵ، دوای چەندین ساڵ دەگەڕێتەوە، کۆنترین کتێبێکە پێشبینی شەڕی ئایینو مەزهەبەکانو نەتەوەکانی ئەم سەرزەمینەی کردووە، منو بەهنام بریکان هاوڕێی منالێنە، وتیان زەهاوی برادەرمان لەبەر دەرگای چاپخانەکە وەستاوە وتی یەکێکتان بڕۆن بیهێنن، لەڕۆژانی داهاتوودا سێ شوناسنامەی فەرمیو دەوڵەتیتان بۆ دەردەهێنم، هەرواشی کرد شوناسنامەی ڕێنوارو زەهاو بەنێوی حەسەن تاجو ئەمین لاهور کە خەڵکی ئەڵاثابادنو ئاڵ موراد بەنێوی موجیب سوفیانو بە خەڵکی بەندەر سادق نێوزەد کرا، ئاڵ موراد پێشتر بڕیاری دابوو ڕووبکاتە کوفیان لەوێ کاربکاتو پاشان بەرەو "بەندەربا"و ترابزۆن سەرهەڵبگرێتو تاهەتایە خۆی ونبکات، چاپخانەکەم تاقە چاپخانە بوو کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مەمەد حەسار هەبوو، پێشتر کتێبی زانستیو فەلسەفیو ئەدەبیم چاپدەکرد، جارێك ئاگریان لە باڵەخانەکە بەرداو ئیتر ناوی چاپخانەکەم گۆڕی لە ڕۆشنگەرییەوە بۆ ئیعتیماد، ئێستا تەنها پۆستەرو کتێبەکانی دەسەڵاتداران چاپدەکەین، دکتۆر ژوورێکی خاوێنو سێ جێخەوەی بۆ دابین کردن وتی پڕۆفیسۆر بەهنام ژیانی چەندەها کەسی پاراستووە کە لە مەمەد حەسارەوە هەڵهاتوون، ماڵی ئەو شوێنی حەشاردانی ئەو کەسانەبوو کە لەدەست فەرمانڕەوایان ڕایاندەکرد، مەمەد حەسار شارێکی قەرەباڵغو

جەنجاڵە، ڕێنوار بەمشێوەیە لێی دەدوێ دەنگی فرۆشیارانو قیڕەی ڕاگوزەران، لەهاتو چۆماندا یەك ژنمان بەرچاونەکەوت، دووساڵی ڕێك تەنیا لە دوورەوە لەعەبای ڕەشو لەژێر پەچەی ئەستووردا ژنم دەبینی، ڕێنوار لە چاپخانەکە کاردەکاو هەست دەکا ڕۆژ دوای ڕۆژ پۆستەری کوژراوەکانی مەمەد حەسار زیادەکەن، کوژراوەکان زۆربەیان کوڕانی گەنجی ڕیش هاتوونو پەڕۆی ڕەشیان بەستۆتە ناوچاوانیانەوە، دەقی دانیال زۆر بەوردیو بەقووڵی لە تراژیدیای جەنگی نێوان مەمەد حەسارو دێلاوار دەدوێت.

(١٣)

ڕێنوار یاخود مستەر گرینۆك، ئێستا لە چاپخانەکە بەتەواوی پەڕژاوەتە سەرکارو ڕۆژانە لەکاتی پشووی نیوەڕۆ دەچێتە ژوورەکەیو لە پەنجەرەکەوە سەیری دەروازەی فیردەوسو شەقامەکە دەکا، ڕستێك ڕووداوو یادەوەری بەشێوەی فلاش باك بۆ دەرهەستی دەگەڕێنەوەو بە ئامادەگییەوە گەمارۆی دڵو دەروونی دەدەن، بە شێوەو شێوازی نۆستالیژیو بەحەنینو خەمناکیەوە بیر لە ماڵەکەیانو خوشكو براکانی دەکاتەوەو چاوانی پڕدەبن لە ئەسرین، خەفەتێك لەناخییەوە هەڵدەقووڵێت لەژیانی پڕمەینەتو چەرمەسەری خەڵكو دۆخی نالەباری دێلاوارو مرۆڤە بەدبەختەکانی بەتالیۆنی کارو خەمی پڕۆفیسۆر بەهنامەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئێستا لای سەی ئەسڵان دیلە، ڕێنواری زەریاواری لە بنەڕەتدا گەنجێکی یاخییەو دژی دەسەڵاتی پەتریارکی (باوکسالاری)و حەزی بە ئازادی خودگەراییو تاکگەراییە، لەهەندێ ڕووەوە ڕوانینی بۆ بوونو جیهانو ڕەوشی مرۆڤایەتی لەگەڵ تێفکرینو بۆچوونەکانی هەریەك لە پڕۆفیسۆر بەهنامو دکتۆر قاسم شابەندەر تێکدەکاتەوە، ڕێنوار بڕوای وایە وێڕای ئەوەی جیهان لە پووچێتیو بێ ماناییو بێ ئامانجیو زەبرو زەنگو توندوتیژیو مەینەتو نەهامەتیو ستەم بەدەر نییە، پێویستە مرۆڤ وەك ئەرك لەڕێگەی چاکەو ئاکاری چاکەکارییەوە ماناو بەها بەژیان ببەخشێتو کۆمەکی ئەیتر بکاو یارمەتی بداو لە بەدبەختیو چەرمەسەری ڕزگاری بکا، ڕوانینی ڕێنوار بەشێوازێکی گەشبینیو مرۆڤدۆستانە بۆ ژیانو بەم شێوەیەی ئاماژەم بۆی دا، تاڕادەیەك لە تێهزرینی (کامۆ)وە نزیکە کە هەوڵدەدات لەڕێگەی کۆمەککردنەوە بەهاو مانایەك بەبێماناییو بێئامانجی بوونو جیهان ببەخشێت، ڕێنوار لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە ئاشوبو پشێوییو ئاژاوەدا

بەدوای دادپەروەریی‌و یەکسانی‌و ئازادییدا وێڵە، لە کاتێکدا لە هەردوو کۆمەڵگای مەمەد حەسارو دێلاواردا دەسەڵات وەك تۆڕێکی چنراوی تیکچڕژاوو بەیەکداچووی شێوە ئاسۆیی، بە ئاستەکانی میکرۆو ماکرۆ (وردو درشت) بڵاوبۆتەوەو سەراپای دامەزراوەو دام‌و دەزگاو ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای تەنیوەتەوە، لای فۆکۆ دەسەڵات لە هەموو شوێنێکدا هەیەو ئایدیۆلۆژیا سادەترین تەکنیك‌و ئامرازی دەسەڵاتە بۆ کۆنترۆڵکردن، بە پێدان‌و ترنجاندن‌و چاندنی ئایدیای سادەو وەهم لە دەرهەستی خەڵکیدا، کە جۆرێکە لەشێوەکانی فریودان‌و لەخشتەبردن، دانیشتوانی هەردوو کۆمەڵگا بەدەست وەهمی خەونەکانەوە دەناڵێنن، کە دەسەڵات دروستی کردوون‌و نوێنەرەکانی بەجۆرەها شێوەو شێواز برەوی پێدەدەن‌و چەشنی ڕاستییەك لەمێشکی خەڵکیدا دەیچەقێنن، گوایە مۆتەکەی خەونە ترسناکەکان لەخاکی دوژمنەوە ڕوو لە خەونی مرۆڤەکان دەکاو بەرەو شێتی‌و دەروونپەشێویان دەباو فێ دەگرن‌و بە لەرزوتاوە دەمرن، یاخود تووشی گەڕوگولی دەبن، چارەسەری ئەم درم‌و پەتایە تەنها شۆکی جەنگە، نەك شۆکی کارەبایی، لەشکری مەمەد حەسار بەلێشاو هێرش دەهێنن‌و پەلاماری لەشکری دێلاوارییەکان دەدەن، تاکو خۆیان لە کابووس‌و مۆتەکەو شەیتانی خەونەکان ڕزگاربکەن، لە دێلاوار سەی ئەسلاڵن‌و قەرەقازانیەکان لەڕێگەی بۆق بۆقیلەو فراسە ڕەشەوە گەنجەکان جۆش دەدەن‌و لەپێناو پلەو پایە وەرگرتن ئاگری جەنگ خۆش دەکەن، لە مەمەد حەساریش ئیمام سوبحان‌و خواجەی گەورە سادق میرداد، لەڕیگەی پاسەوانە فێندەمێندالیستەکانی ئیمام‌و سکینان‌و ئەوانی ترەوە، خواجەی گەورە بڕێجار بەجلی نەریتی‌و جبەو مێزەرو کەواوسەڵتەوە دەردەکەوێ هەنێك جاریش بەجلی مۆدێرن، دوو دەزگاو دامەزراوەی ستەمکاری شاراوەی ئایدیۆلۆژیی خەریکی دیسپلینکردنی کۆمەڵگاو بەرهەمهێنانی مرۆڤی هۆڤێن بۆ بەرەکانی جەنگ‌و کوشتارو کوشتارکاری، دێلاوار لەگەڵ ئەوەی پێشتر لەلایەن مەمەد حەسارەوە داگیر کراوە، دواتر خەڵکە کە لەڕێگەی شۆڕشەوە توانیویانە سەربەخۆیی وەربگرن، لەو ساوەو پێشتریش زۆرینەی خەڵکی دێلاوار بەتایبەتی بازرگانەکان منالەکانی خۆیان ناردۆتە مەمەد حەسار تاکو لە زانکۆو پەیمانگاکان بخوێنن، وەك لە ڕۆمانی دانیالدا بە ناڕاستەو خۆ ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە دێلاوار لە بنەڕەتدا شارێکی ڕۆشنبیریی بووەو چەندین قاوەخانەی هزریی‌و ئەدەبی‌و ڕۆشنبیریی تیابووە یەکی لەوانە قاوەخانەی (عیشق‌و کتیب)ە کە ئەدیب‌و نووسەرو هونەرمەندەکان ڕوویان تێدەکرد، ڕێنوار لەم قاوەخانەیە گەنجە شێوەکارەکانی دۆزییەوەو وێنەی نێو

خەونەکانیان کێشا، وێڕای هەبوونی چەندان بنکەی جۆراوجۆری ڕۆشنبیریی‌و ئەدەبی‌و شانۆیی لەشەقام‌و بازاڕە جوان‌و پڕ جموجۆڵەکەی غەفارییدا، مۆزەخانەی مێژوویی پڕۆفیسۆر بەهنام‌و بنکەی هاوچەرخی ڕۆشنبیریی‌و سەنتەری (ئەسخیلۆس) کە بەناوی شانۆکاری تراژیدی یۆنانییەوە نێونراوە، بەڵام شەیتانەکانی دۆستۆیڤسکی لێ نەگەران دێلاوار لەڕووی هزری‌و هونەری‌و مەعریفیەوە گەشەبکات‌و پەرە بسێنیت، هێدی هێدی بەرەو جەنگ‌و وێرانکارییان برد.

(١٤)

ماڵەکەی پڕۆفیسۆر قاسم شابەندەر بەفەرشە نایابەکانی‌و کورسیە قەشەنگەکانی‌و چلچرا تەڵاییەکانی بەماڵی پیاوێکی دەوڵەمەند دەچوو، دکتۆر قاسم بەزمانێکی سافی دێلاواری دەدوا، وتی پڕۆفیسۆر بەهنام ژیانی چەندەها کەسی پاراستووە کە لە مەمەد حەسارەوە هەڵهاتوون، ماوەیەك ماڵی‌و ژێرزەمینی مۆزەخانەکەی شوێنی حەشاردانی ئەو کەسانە بوو کە لە دەست فەرمانڕەوایانی مەمەد حەسار هەڵدەهاتن، من لێرەوە ئەوانم دەناردو ئەو لەوێ دەیشاردنەوە، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم بەگواستەوەی بڕگە گەلێك لەڕۆمانەکە، چۆنیەتی بیرو بۆچوونی دکتۆر شابەندەر بخەمەڕوو، شابەندەر نامەیەکی پڕۆفیسۆر بەهنامی لە چەگمەجەکەی دەرهانی‌و وتی ئەم نامەیە بەر لەدوومانگ نووسراوەو باسی هەموو شتێکی بۆ کردووم، کوشتارو سەربڕینەکان، سووتاندنی ماڵی غەوارەکان، شابەندەر لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، چاپخانەکەم تاکە چاپخانەی مەمەد حەساربوو کتێبی زانستی‌و فەلسەفی‌و ئەدەبی چاپدەکرد، ڕۆژێك سەرۆکی هەیئەتی کولتوورو پەروەردە بانگی کردم، وتی کتێبە چاپکراوەکانت لەگەڵ سەلیقەی ئێمە ناگونجێت، خۆت هەڵیبژێرە یان کتێب‌و بڵاوکراوەکانی ئێمە چاپدەکەیت، یان چاپخانەکەت بسووتێنین، بەم شێوەییە پیاوە فێندەمێنتالیستەکانی دەسەڵاتی مەمەد حەسار هەڕەشەی لێ دەکەن، ئیتر دەستم کرد بەکارکردن لەگەڵ دەوڵەتدا، سێ ساڵ زیندانیم چەشتووە، چیتر بەرگەی دیلیم نەدەگرت، نا بابە نا من قارەمان نیم، پیاوێکی ئازانیم، کەسێکم دەمەوێت ماڵێکی خۆشم هەبێت‌و بژیم، بەڵام گەر کارێکی باشم لەدەست بێت‌و بزانم ژیانم زۆر ناخاتە مەترسییەوە گەردنم تاژێر چەقۆ نابات دەیکەم، کەسی باش‌و قارەمان دووشتی جیان، قارەمان لە پێناوی ئەوانیتردا دەمرێت، بەڵام مرۆڤی باش مرۆڤی وەك من، تەنیا چاکەیەك دەکات کە بزانێت پێی ناسووتێت،

شابەندەر وەك لەڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت پیاوێکی سەڵتە، بەپێچەوانەی بەهنامی هاوڕێی کە خاوەن ژنو ماڵەو کچێکی ڕۆشنفکرو تێگەیشتووی بەناوی (نادین) هەیە، شابەندەر لەگەڵ دۆزینەوەی کتێبی (هەورەکانی دانیال) بیرکردنەوەی بۆ بوونو جیهان دەگۆڕێتو دیدی لە ئاکاری تەقلیدی خاڵی دەکرێتەوە، دکتۆر شابەندەر ئێستا بەنێو ساڵاکەوتووەو لە کۆمەڵگای جەنجاڵو پڕپشێوی شاری مەمەد حەساردا دەژی، کە دەسەڵاتێکی ستەمکار بەڕێوەی دەبا. شابەندەر هەمیشە خەمناكو نیگەرانە، لەگەڵ ئەوەشدا تا بۆی بلوێ یارمەتی خەڵکی دەداو کۆمەکیان دەکا. ڕۆمانی دانیال بەزمانێکی هەنووکەییو سەردەمییانە گوزارشت لە مەینەتو نەهامەتی هەردووکۆمەڵگا دەکات، خاوەندی زمانێکە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگاو ڕۆشتنی کاتدا، فۆڕمی نوێو جیاوازی وەرگرتووە، میشێل فوکۆ وتەنی: زمان لەڕابردوودا واتاو شوێنی ئەمڕۆی نییە، ژیان لە گۆڕانکارییەکی بەردەوام دایە ڕەنگە بچووکترین دابڕان یا دوورکەوتنەوە لەم بەردەوامیە مەعریفیە وا لە خودی زمانو بیرکردنەوە بکات لە قاوغێکی تەقلیدیی دابمێنێتەوەو توانای کاژ فڕێدان لەدەستبداتو نەتوانێت فۆڕمێکی نوێو ناوازە وەربگرێت، شابەندەر دەڵێ: کاتێك ئەم کتێبەم دۆزییەوە، کە ئەم کتێبەم گرت بە دەستمەوەو پەڕە پەڕە هەڵمدایەوە، دڵنیابووم هەمیشە لە قووڵایی مێژوودا هاوڕێیەکم هەبووە، خەڵکانێك هەبوون (لەودیو مانای دۆستو دوژمنەوە بیریان لە مرۆڤ کردۆتەوە (مرۆڤی ڕاستەقینە کە بیری کردەوە بیر لە مرۆڤی هەموو شوێنەکانو هەموو سەردەمەکان دەکاتەوە).

ئەم ڕستەیەی شابەندەر یەکسەر چەمکی کتێبی جینیالۆجیای ئەخلاق، یان ڕەچەڵکناسی ئاکارو بابەتی ئەودیوی خێرو شەڕ یاخود ئەودیوی خێرگەرایيو شەڕانگێزی (نیتشە)مان بیردەخاتەوە، کە تیایدا نیتشە (نیچە) لەدیدی ویستی هێزەوە خودی مێژوو چین چین هەڵدەکۆڵێتو لەقووڵاییەکەیدا بەدوای بەها ئاکارییەکاندا دەگەڕێت، بەهای ئاکاری باوی کۆیلەکان لە بەهای ئاکاری سەردارو سەروەرەکان جیادەکاتەوەو زۆرتر جەخت لەسەر بەهای ئاکاری تاگگەرایيو باڵا مرۆڤ و سوپەرمان دەکاتەوە، دۆلۆز پێیوایە جینیالۆژیای نیتشە کتێبی جیاوازییەکانە، نیتشە ئایینی مەسیحی بەوە تاوانبار دەکات کە لەگەڵ سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەو پەرەسەندنی چێژی لەخشتەبردو ویستو ئارەزووی وێرانکرانو لەڕێگەی بەزەییو بەزەییگەراییەوە مرۆڤی زەلیلو ملکەچ کردو دەستەپاچەی هێنایە کایەوە، واتە مەسیح چەشنی سوکرات مرۆڤی لەخشتە برد،

ئاخر سوکرات عەقڵی بە تەواوی لە ئەفسانە داماڵیو سرووتی چێژبەخشی جیهانی دیۆنیزیۆسیو ئاهەنگسازی جەستەیی لێ سەندەوە، نیتشە بەهای ئاکاری مێگەلو گاڕانو کۆیلەکان لە بەهای ئاکاری باڵا مرۆڤ جیادەکاتەوە، دواتر میشێل فوکۆ لە کتێبەکانی "وشەکانو شتەکان"و "مێژووی سێکسوالیتە"و "ئەفرۆدیزیاکان"و "مێژووی شێتی"دا، هەمان میتۆدو ڕێچکەی نیتشە لە بواری فەلسەفەی مێژوودا پراکتیزە دەکات. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کتێبی هەورەکانی دانیال کە دکتۆر قاسم شابەندەر دۆزیویەتیەوەو گێڕۆدەی بووە لە پرشنگە هزریی‌و فەلسەفییەکانی نیتشە خاڵی نییە، شابەندەر مرۆڤێکی نیگەرانە، بڕێجار کاتێ لەژێر باراندا ڕێدەکا چەترەکەی بەدەستەوەیەو لێی تێکدەچێتو نازانێت ئاخۆ ئەوە بارانە دەبارێ یاخود هەورەکانی دانیالە لە نێو سەریدا دادەباریت، شابەندەر بیری دەچێت چەترەکە هەڵبدات، هەندێ جاریش باران ناباریو ئەو چەترەکەی هەڵدەدات.

(١٥)

بەرەو دەروازەی مەیدانی فیردەوس بەرەو زەماوەندی خوێن

ڕۆمانی هەورەکانی دانیال گەرچی بەرهەمی خەیاڵو فەنتازیاو نۆستالیژیای دانەرە، بەتایبەتی چۆنیەتی ناونانی هەردوو شارەکە، یا وڵاتەکە دێلاوارو مەمەدحەسار. بڕێجار خوێنەر دووچاری جۆرێك لە سەرسووڕمان دەکاتو وا هەست دەکا ئەم دووشارە وەك ناوو ناونان لە تۆپۆگرافیاو جوگرافیای هیچ سەرزەمینێکی دنیادا بوونیان نییەو لە خەیاڵچنی دانەرن. دەق لە بەشێ لەبەشەکانی ڕۆمانەکەدا وشەی دێلاواری شیکردۆتەوەو سێ واتای پێ بەخشیوە، بەڵام بەهیچ جۆرێك ئاوڕی لەواتای وشەی مەمەد حەسار نەداوەتەوە، تێکستی هەورەکانی دانیال لە فەزای نووسیندا زۆرتر لە توێی ڕووداوەکاندا بایەخو گرنگی بە چەمکی خەونو خەیاڵو فەنتازیاو نوستالیژیا داوە تا پێکهاتەی شارەکان، کەواتە ناکرێت نە دێلاوار نە مەمەد حەسار چەشنی ئەو شارە فەنتازیو خەیاڵییانە لێیان بڕوانرێتو بەو فەزا فەنتازیو خەیاڵییانە بەراوردبکرێن کە لەچەندین تێکستی فەلسەفیو ڕۆمانگەلێکی جیهانیدا بەرجەستەکراون. بۆ نموونە (کۆمار) کە دیالۆگێکە لە دیالۆگەکانی ئەفلاتوونو بەرهەمی خەیاڵییەتی، کەچی لەڕووی سیستمو دەسەڵاتی هەرەمیەوە هەڵگری کۆمەڵێك یاساو ڕێساو بنەمای واقیعیە، وەك پلەو پایەو

پێگە، فەیلەسووفەکان لە ترۆپکدانو دوای ئەوان سەرباز یا پاسەوانو پیشەوەرەکان دێن، یاخود یۆتۆپیای تۆماس مۆر، کە دوورگەو شارێکی خەیاڵیو دیموکراسییە، تەنانەت کتێبخانەی بابل کە لە وێناکردنو خەیاڵچنی بۆرخیسە، یا (ماکوندۆ) ئەو گوندە ئەفسانەییو فەنتازییەی لە زۆربەی کارە ئەدەبیەکانی مارکیزدا دەردەکەوێتو خۆی دروستی کردووە، هەروەها قوتابخانەی ئەفسوونیو خەیاڵی (هۆگۆورتس) لە زنجیرەکانی هاری پۆتەردا، دەتوانین لەم بوارەدا چەندان شاکاری ئەدەبی تر بخەینەڕوو، کە وەك شار هەڵگری فەزای فەنتازیو خەیاڵیین، بەڵام شارەکانی ڕۆمانی هەورەکانی دانیال زیاتر سەر بەفەزایەکی تراژیدین، کە لێوانلێون لە کوشتو بڕو بۆنی مەرگو سووتان، ئێستا دەگەڕێمەوە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، جەنگ لەنێوان لەشکرەکانی دێلاوارو مەمەد حەساردا بەردەوامەو چی وانەماوە هێزە دڕو هارەکانی مەمەد حەسار بگەنە نێو شاری دێلاوار، ئاڵ موراد لە ژوورەکە چاوەڕوانی قاچاغبەریك دەکاو پڕۆفیسۆر شابەندەر بەتەواوی تیاماوەو توانای جیاکردنەوەی بارانەکانی نەماوە، ئەو بارانانەی لە ئاسمانەوە دەبارێن لەگەڵ ئەو بارانانەی لەنێو سەریدا دادەبارێن، بارانی هەورە سوورەکانی دانیال. شاری مەمەد حەسار بەتەواوی شڵەژاوەو پڕبووە لە سیخوورو ڕاپۆرتنووسو چاوی نهێنیو هەواڵگرانی بێڕەحم، پڕۆفیسۆر شابەندەر درەنگانی شەوێك لە دەرگای ژوورەکەی ڕێنوارو برادەرەکانی دەداو دواتر هەرخۆی دەیکاتەوە، بە ئاڵ موراد دەڵێ خێرا خۆت کۆبکەرەوە قاچاغبەرەك لە خوارەوە چاوەڕوانت دەکا، ئەمشەو دەبێت بڕۆیت، دەق ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ نەهامەتیو مەینەتەکانی بوونی مرۆڤ و دۆستایەتیو پێکەوە ژیان دەدا، پەیوەندیگرتنی مرۆڤەکان، سەر بە دۆخی پێکەوە بوونێکی کاتیو لێکدابڕانێکی تاهەتاییە، بەم شەوە مانۆاویی لە ئاڵ موراد دەکەنو مستەر گرینۆك لە پڕمەی گریان دەداو باوەشی پیادەکاو ئاڵ مورد دەڵی دەبێ بڕۆم گوێ بگرە برای زەریاواری ئەگەڕ گەڕایتەوە دێلاوار هەرچۆنێ بێت دایکم بدۆزەرەوەو پێی بڵێ کەمن سەفەرم کردووەو من دەزانم چیت وەڵام دەداتەوە، بەڵام تۆ هەر بچۆو هیچ مەڵێ، دواتر بچۆ بۆلای مامۆستا سمکۆ سوهەیب سەیرێکی پەیکەری باڵندەکە بکە بزانە ئەو پەڕەجوانو ڕەنگاوڕەنگانەی من بۆیم هاوردبوون چی لێ کردوون، ئەگەر کرا سەرێ لەژنو منالەکی فەرماندار مارووفی بدەو بەناوی منەوە داوای لێبوردنیان لێ بکە، دەقی دانیال زۆر بەوردیو قووڵی ڕووداوە یەك لەدوای یەکەکان دەگێڕێتەوە.

(١٦)

دەسەڵاتی مەمەد حەسار سەرجەم فەرمانبەرو دوکاندارو ئیشکەرەکان، ئاگادارەکاتەوە تا لە مەیدانی دەروازەی فیردەوەس ئامادەبن، لەگۆڕەپانی دەروازەی فیردەوس سەدان ئاڵای ڕەش‌و سووری مەمەد حەسار دەشکێنەوە، بە مارش‌و سرودی تیۆلۆژی‌و میوزیکی سەربازی سرووتی زەماوەندی خوێن بەڕێوە دەچێت. مەبەستم لە بەکارهێنانی وشەی زەماوەندی خوێن سرووتی بیابانی (سینا) نییە کە بۆ خەتەنەکردن‌و بەرزراگرتنی پیرۆزگەرایی (یهوه) ئەنجامیان دەدا، بەڵکو مەبەست لە ئاهەنگ‌و زەماوەندی سەربڕینی دیلەکانی دێلاوارە، لەوێ لەنێو حەشاماتەکە پاسەوانانی ئیمام بەدەنگێکی بەرز هەڕەشە لە دێلاوارییەکان دەکەن‌و هوتاف دەکێشن (فیداتبم ئەی خاکی تەڵا، تامەحشەر تامەحشەر سەربازی سوبحانم) ڕێنوارو زەهاوو پرۆفیسۆر شابەدەرو یەدوڵا (کرێکارە لێزان‌و چالاکەکەی چاپخانەکە) بەتەنیشت یەکەوە وەستاون، لەگەرمەی هوتاف‌و سرووەدەکەدا دیلەکانی دێلاوار دەهێنرێنە سەر سەکۆ، لەسەر سەکۆکە، جێگایەکی تایبەتیان بۆ جەلادو زیندانییەکان ڕێکخستووە، پیاوێکی کەتەو باڵابەرز بە دوو چەقۆوە دەردەکەوێت، دووچەقۆی گەورەو تیژ، ئەمە (سکینان)ە خەڵك زەندەقیان لەناوەکەی چووە، وشەی سکینان وشەیەکی عەرەبیە واتای دووچەقۆ یاخود کابرای خاوەن دووچەقۆ دەگەیەنی، سکینان جەلادێکی بێدەگ‌و ترسناکە، خەریکە ئاهەنگی سەربڕین یاخود زەماوەندی خوێن دەسپێدەکاو دیلەکانی دێلاوار دەهێنن‌و سکینان بە چەقۆکەی دەستی سەریان لێدەکاتەوە، وەك لە گێڕانەوەکانی ڕێنواردا هاتووە، پرۆفیسۆ رشابەندەر هەموو شەوێك بەر لەم ئاهەنگە ترسناکە، هەورە خوێنینەکانی دانیالی دەبینی بەسەریدا دەبارێن، بەچپە پێی دەوتم هەورە خوێنینەکانت نەبینیووە، جەنگ بەردەوامەوەو سرووتی خوێنینیش بەردەوام. لە دووهەمین زستانی جەنگدا لەشەقامی حەیبوڵای داغستانی پرۆفیسۆر شابەندەرو ستافی چاپخانەکە ئاگادار دەکرێنەوە کە بۆ ئاهەنگی نوێی سەربڕینی دیلەکانی دێلاوار ئامادەبن، ڕێنوار بەدڵەڕاوکێوە لەناخڕا هەستی دەکرد ئیمرۆ شتێکی ناجۆر ڕوودەدات، شتێ دەقەومێ، پیشبینیەکەی ڕاست دەرچوو، لە سەکۆو سەحنەی قەسابخانەکە نزیك بوونەوە، دەق لێرەو لەم بەشەدا هەمدیسان بەشێوازێکی فەنتازی باس لە مەرگ‌و هەورەکانی دانیال دەکات، بۆ ساتێك چاوم لێکناو سەرم بەرزکردەوە، ئەو هەورانەی لە سەرم دابوون دیسان لە ئاسماندا

دەمبینین، لەگەڵ دەرکەوتنی سکینان بەخۆیو دوو چەقۆتیژەکەیەوە بارانێکی سوور دایکردو هەشت دیلی نوێ بە زنجیرەوە هێنرانە سەر سەحنەکە، تومەز یەکێ لە دیلەکان میرئەودالە، ڕێنوار یەکسەر بۆ یادەوەرییەکانی دەگەڕێتەوە، میرئەودالو دەروونخانەو سەنتەری دەروونیو بەتالیۆنی کار...هتد، خوێنەر لەم دیمەنە تراژیدییە هەستێکی سەیر دایدەگرێت، وای بۆدەچێ ئێستا ڕێنواری زەریاواری لەم زەماوەندی خوێنو ئاهەنگی سەربڕینە، وەك گەنجێکی خەمۆرو یاخی کەناوی دووهەمی مستەر گرینۆکە پەلاماری سکینان دەداو میرئەودالە لەچنگی ئەم جەلادە ترسناکە ڕزگاردەکات، بەڵام ڕووداوەکە بەئاسایی دەڕواو ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت، دوو یاریدەدەری زلو کەتەی سکینان ملی میر دەخەنە سەر تەختی سەربڕینەکەو سکینان بەچەقۆکەی دەستی ملی دەبڕێت، ڕەنگە ئەم هەڵوێستەی مستەر گرینۆك لەگەل هەمان هەڵوێستی دکتۆر شابەندەر تێك بکاتەوە، کە هیچ کات خۆی بە قارەمان نەزانیوەو دەتوانێت تاڕادەیەك کۆمەکی خەڵکی بکاتو یارمەتییان بدات، بە مەرجێك کردەکە کار لە ژیانو بەرژەوەندییەکانی نەکات. دەکرێ کرۆکی چەمکی خۆپاراستنو خۆپارێزی مرۆڤ لە ستەمو بەگژدانەچوونەوەی ستەمکارو جەلادەکان، لە شا ڕستەو دەستەتەواژەیەکی (هێگل)دا بدۆزینەوە، کاتێ دەربارەی پەیوەندی نێوان (کۆیلەو سەردار) دەدوێتو دەڵێت، کۆیلە دەزانێتو درکدەکا کە سەرجەم ماڵو مولکی سەردار، یاخود ئاغا بەری ڕەنجو ماندووبوونی ئەوەو سەردار کەشخەو سەڵتەنەتی پێ لێدەدا، بەڵام ئەوە (ترسی مەرگ)ە ترس لە مردن، کۆیلەی ڕاگرتووەو لێناگەڕێ دژی سەردارەکەی ڕابپەڕێ، یان بەگژ ئاغاکەیدا بچێتەوە، دوای مەرگی میرئەودالە ڕێنوار دەڵێ: حەشاماتەکە لەژێر لێزمەی توندی باراندا ئەوناوەیان جێهێشت، من تاماوەیەك هەردەستی زەهاوم گرتبوو، لە جێگای خۆم وەستابووم، ڕێنوار لەم ڕۆمانەدا گەنجێکی هێمنو نیگەرانو خەمناکە بەدرێژایی ڕووداوە یەك لەدوای یەکەکان لەخەمی ئەویدی دایەو بەردەوام دڵی خەڵکی دەداتەوەو بۆیان دەگری، بۆیە بە مستەر گرینۆك ناوی ڕۆیشتووە.

(١٧)

جەنگ بەردەوامەو لەشکری مەمەد حەسار لە پێشڕەویدان، دۆخی دێلاوار بەجارێ شڵەژاوە، ژەنڕاڵ مەحموودی قەرەقازانیو هورمزیاری قەرەقازانی لەسەنگەرەکانی

پێشەوەدا کوژران، بۆقبۆقیلە بە فرمانی سەی ئەسڵان دیلەکانی مەمەدحەسار سەردەبڕێ، سەی ئەسڵان لە دێلاوار سەنگو شکۆی جارانی نەماوە، کەس گوێ بۆ هوتافەکانی ڕانادێرێ، ژیان لە دێلاوار نرخی نەماوەو ژمارەی کوژراوەکان ڕووی لە زیادبوونە، دوای کوژرانی فەراسە ڕەشی سەردەستەی پاسەوانەکانی سەی ئەسڵان، نەجمەی ئایشەگوڵ شوێنی دەگرێتەوە، کەس نازانێ کێ لەپشت ڕووداوی کوژرانی فەراسە ڕەش بووە، ئاخۆ سەی ئەسڵان بەکوشتی داوە، یاخود ڕەزمئارای قەرەقازانی، هێزەکانی مەمەد حەسار بە پێشەوایەتی موهیب جەنگی ماماد خەریکە دەگەنە بەر دەروازەکانی شار. دەقی هەورەکانی دانیال کۆمەڵێك ناوی بۆ کاراکتەرەکانو شوێنەکان دیاری کردووە، هێزی ناونان لەبنەڕەتدا پەیوەندییەکی گرنکی بە پاشخانی هزریو مەعریفیو قووڵبینیو جوانبینی دانەرەوە هەیە، بە تایبەتی لەڕووی دەلالییەوە، بەشێك لە ناوی کارەکتەرەکان جوانو ئەفسووناوین، دەشێ زیاتر لەگەڵ ڕەفتارو هەڵسوکەوتو چۆنیەتی بیرکردنەوەی کەسێتیان بگونجێت، وەك ڕێنوارو زەهاوو بەهنامو شابەندەرو نادین خانم..هتد بەشێکیتر دزێوو قێزەونن، بە هەمان شێوە وابەستەی هەڵسوکەوتی کەسێتییەکانیانن وەك بۆقبۆقیلەو فەراسە ڕەشو سکینان...هتد سەبارەت بەناونانی شارو شوێنەکانیش، بەشێك لەناوی شوێنەکان هەستێکی ئیستاتیکیو شیعرگەرایی لای وەرگر دروست دەکەن، لەوانە شەقامی غەفاریی کە یەکێکە لە شەقامە جوانەکانی شاری دێلاوارو پڕاوپڕە لە باڵندەی جۆراوجۆری سەیرو دەگمەنو جوان، باڵندە لەم ڕۆمانەدا زیاتر سەمبولی ئازادییە، بەپۆل هەڵدەفڕنو لەسەر گومەزو منارەکانی مزگەوتی غەفاریی هەڵدەنیشنو لەناکاو لەشەقەی باڵ دەدەن، دواتر سەی ئەسڵان فرمان بە باغەوانەکان دەدا لەبەر ئەوەی لەشاری دوژمنەوە هاتوون لەنێویان بەرن. یاخود ناوەکانی وەك قاوەخانەی عیشق و کتیب، ئەلائابادو کوفیانو بەندەر با تەنانەت ناوی هەریەك لە چیای یائیمامو شەقامی حەبیبولاًی داغستانیو دەروازەی فیردوسیش هەڵگری جۆرێك لە توخمی ئیستاتیکیو شیعرگەراییو خوێنەر بەرەو چێژبردنو تێڕامان دەبەن، فەرماندەی هێزەکانی مەمەد حەسار فەرمان دەدا هەرچی لە دێلاوار دەشێت بسووتێنرینو بڕوخێنرێن، لەشکری مەمەد حەسار ژنە دێلاواریەکان وەك دەسکەوتی جەنگ دەخەنە نێو لۆرییەکانەوەو باڵەخانەکان بەتی ئێن تی دەتەقێنرێنو بە بلدۆزەر دەڕوخێنرێن، گردی جیلەوەدار کە شوێنی سەی ئەسڵان بوو موهیب ماماد دەیکاتە بنکەو بارەگای خۆی، لەدێلاوار ڕەشەکوژی دەستپێدەکا، خەڵکێکی زۆر لەگەنجو مرۆڤی

بێ گوناه قەتڵو عام دەکرێنو هێزی ئارئاری پاتاڵبەرو تاڵانچی لە مەمەد حەسارەوە بە لۆرییەکانیانەوە بەرەو دێلاوار دێن، رێنوارو زەهاو بە لۆری یەکێك لەتاڵانچییەکان دەگەڕێنەوە بۆ دێلاوار. دێلاوار خاپوورگاو وێرانەیەکە بۆخۆی، شارێکە نوقمی دووکەڵو بۆسۆو تەپوتۆز بووە، هەندێ گەڕەك بەتەواوی تەختکراون، شوێنە دەوڵەتیو فەرمییەکان ڕووخێنراون، زانکۆی دێلاوار سووتاوە، مۆزەخانەکەی پرۆفیسۆر بەهنام کراوە بە بنکەی حەوانەوەی هێزەکانی مەمەدحەسار، بەرپرسو فەرماندەو کاربەدەستەکانی شاری دێلاوار دیار نەمابوون کەس نازانێ بۆ کوێ هەڵهاتوون، بەتایبەتی سەی ئەسڵانو کاربەدەستە قەرەقازانییەکان، موهیب ماماد ماڵەکەی میر سەلیمی قەرەقازانی کردووە بە کۆشکی نوێی فەرمانڕەوایی خۆی، جەنگ ماوەی دووساڵی خایاندو دێلاواری بەرەو وێرانیو کاولکاری برد، ئێستا ڕێنواری زەریاواریو زەهاو عەبدی بە شوناسنامەی ساختەی مەمەدحەساری بەنێوی حەسەن تاجو ئەمین لاهوور لەدێلاواردا دەسووڕێنەوە وەك دوومرۆڤی وێڵو نیگەرانو بێشوناس، هەست ناکەن شتێ هەبێت بەم وڵاتەیان ببەستێتەوە.

(١٨)

کردەی نووسین بەچۆنیەتی ڕوانینەوە بەندە، قووڵبینی یاخود ڕووکەشبینی بۆ بوونو جیهانو جوانی، لەهزرو بیرکردنەوە سەرچاوەدەگرێت، خاڵی کردنەوەی وزەی ناوەکی ودەروونی لەڕێگەی نووسینەوە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێت، نووسین کردەیەکە زیاتر وابەستەی ئاستی باکگراوندی هزریی‌و مەعریفییە، ئەو تێکستانەی کە ئاژاوەی ئیستاتیکی دەنێنەوەو خوێنەر بەرەو تێفکرینو چێژبردن دەبەن لە باکگراوندێکی قووڵی مەعریفیو ڕوانینێکی فراوانەوە هاتوونەتە کایەوە، (هیچ حەقیقەتێك ناکەوێتە دەرەوەی زمانەوە، مادام زمان کۆمەڵێك "دال"ەو پەیوەندی توندوتۆڵو ئەبەدی لەگەڵ مەدلولدا نییە، ئەوا بەم پێیە هیچ مانایەکی جێگیرو نەگۆڕ بوونی نییە، بڕوانە ـ چۆن تا ئێستا هەمووشت ئاوانەبووە؟.. (ژان بۆدریار1929-2007)، وەرگێڕانی وەلید عومەر.

بیرۆکەی نەبوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێون داڵو مەدلولدا لەبنەڕەتدا هزرێکی لاکانییەو لەلایەن (ژاك لاکان 1901-1981)وە باسکراوە، ئەم بۆچوونەی لاکان کێشەیەکی گەورەی لە بواری زانستی زمانی فردیناند دی سۆسێر (1857-1913)دا

ناوەتەوە، چونکە لای سوسیر پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان دالو مەدلولدا هەیەو بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەم نووسینەم لە بارەی ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)ی (بەختیار عەلی)یەوە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی تێماو ڕووداوەکان، (بۆدریار) وتەنی هیچ مانایەکی جێگیرو نەگۆڕو ئەبەدی بوونی نییە، لەوانەیە ڕەخنەکارێك بێتو لە دیدو ڕوانگەیەکی جیاوازەوە لە تێماو ڕوداوەکان بڕوانێتو بەشێوەو شێوازێکی تر دەقەکە هەڵبوەشێنێتەوەو لە تێکستەکەدا کۆمەڵێك ماناو دەلالەی تر بدۆزێنێت، چونکە دەقی ئیبداعی زوو خۆی نادات بەدەستەوەو هەمیشە داکۆکی لە بوونی دەکا، هەروەها تێکست بەر لە هەموو شێك زمانە، وەك (هۆڵدەرلین)دەڵێ: مەترسیدارترین شتێك کە بە مرۆڤ دراوە زمانە، مرۆڤەکان شاعیرانە لەسەر زەوی نیشتەجێن، ئەوە مرۆڤە قسە بە زمان دەکات یان ئەوە زمانە قسە بەمرۆڤ دەکات) ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ جیهانی ڕۆمانەکەو گوێ بۆ گێڕانەوەکانی ڕێنوار هەڵدەخەین، ئەو ڕۆژەی من گەڕامەوە دێلاوار، ئەمین لاهور چووەوە بۆ باشووری دێلاوار، شار بۆنی لاشەی لێدێت، سەربازەکانی مەمەد حەسار بە قیادەی موهیب جەنگی ماماد، هەموو شوێنێکیان کۆنترۆڵ کردووە، جارجارە بەرماوی خواردنی خۆیان بۆ برسییەکان فڕێدەدەن، موهیب ماماد دەڵێ هیچ سەرزەمینێك وەك دێلاوار بۆ خەوتن خۆش نییە، بڕیار وایە لە سەنتەری شارداجەلادی بەناوبانگ "بۆقبۆقیلە" لەلایەن "سکینان"ی جەلادەوە سەربڕدرێت، ئێستا من لە نێو حەشاماتەکە وەستاوم، چیتر نیشانەیەك لە هەورە خوێنینەکان بوونی نییە، خەڵك چەشنی سەربازەکانی دێلاوار توانای خەوبینینیان لەدەستداوە، سەربازەکان سەکۆیەکی بچوکی ئاسنین دروستدەکەن، هاتو هاواری سەربازەکانی مەمەد حەسارو تاڵانچییەکان بەردەوامە، بۆقبۆقیلە وەك قوربانییەك لەژێردەستی سکینان دایەو چاوی پڕبووە لە سەرسامیو حەپەسان وەك ئەوەی کەسێکی بێ گوناه بێت، سەیرە جەلادەکان یەکتر سەردەبڕن، دوای سەربڕینی بۆقبۆیلەو جێهێشتنی لاشەکەی لە مەیدانەکە هەمان شەو هەواڵی ئەوە بڵاوبووە کە سکینان خۆی کوشتووە، زۆربەی کاراکتەرەکانی دەقی دانیال چەشنی ڕۆمانی (شەیتانەکان)ی دۆستۆیڤسکی بەشێوەیەك لە شێوەکان کۆتایی بە ژیانیان دێت، ژەنەراڵ مەحموودی قەرەقازانیو هورمزیاری قەرەقازانی لەسەنگەری پێشەوەی شەڕدا دەکوژێن، نەقیب نەجات یوکسەل گوللەیەکی وێڵ دەپێکێتو دەمرێت، بۆقبۆقیلە سەردەبڕدریت، سکینان خۆی دەکوژێت، بەپێی گێڕانەوەی باوکی ڕێنوار کە لەنێوان خەونو ئاگاییدا دەژێت دکتۆر سیامەند لەڕۆژی دووهەمی داگیرکردنی دێلاواردا

لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوانو کاربەدەستانی دەوڵەتدا هەوڵی هەڵاتنیان داوەو کەوتوونەتە بۆسەی سەربازەکانی مەمەد حەسارو هەموو کوژراون کەواتە سەی ئەسڵان یەکێکە لە کوژراوەکان، هەروەها پرۆفیسۆر بەهنام دوای شەش مانگ زیندانیو دادگاییکردن لەگەل چەند نووسەرو مێژوونووسیك گوللەباران دەکرێن، دکتۆر شابەندەر رووی لە شێواویو شێتیە، ئال موراد سەرهەڵدەگریت، باوکی رینوار زەینی لەدەستداوە، پاشان رێنوار بەپێی پشکنینو بەڵگەنامەکان بۆی دەردەکەوی کە لەم دووساڵەدا دکتۆر سیای مامی چەندە لەکاری ترسناکەوە ئاڵاوەو چ رۆڵێکی خراپی لە کوشتنو ئەشکەنجەدانو زیندانیکردنی گەنجاندا هەبووە.

(١٩)

گەڕانەوە بۆ ماڵو بۆ نیشتمان ڕستەیەکی شیعریی (هۆڵدەرلینە)

گێڕانەوەکانی رێنوار لەم بەشەدا لێوانلێون لە تراژیدیای مرۆڤایەتی، کۆستو مەینەتو نەهامەتییەکانی ژیانو جەنگ دووساڵی خایاند، رێنواری زەریاواری بە شوناسنامەی حەسەن تاج کە خەڵکی ئەڵاثابادە دەگەڕێتەوە دێلاواری وێرانو بەرەو ماڵ دەبێتەوە، گەڕەکەکەیان زیانێکی ئەوتۆی بەرنەکەوتووە، خوشکەکانی بە سەرسامی سەیری دەکەنو بەهاوارو هەڵەلەو گریانی خۆشی، خۆیان بە ملیدا هەڵدەواسن، کەسیان بڕوای نەدەکرد من زیندووم، بەمردوو حساب کرابووم، وەفاتنامەیەکی فەرمیم بۆ دەرهاتبوو، باوکم نیوە گیان لەسەر جێگا کەوتبوو، لەنێوان خەونو ئاگاییدا قسەی دەبزڕکان، وتی تۆ بەمروو حساب بوویت، تۆم وەك مامە سیاتم تەنها لەخەوندا دەبینی، چیرۆکی کوژرانی دوو براکەمی بۆ گێڕامەوە، رێنوار بەرەو ژوورە کۆنەکەی سەردەکەوێت نە جلەکانی دیارن نە کتێبەکانی، تەنها دۆڵابەکەو جێخەوەکەی ماون، رێنوار دەڵێ من بەگریان دەژیم ئەگەر نەتوانم بگریم چی دەکەم، مرۆڤ یان دەبێت بە جەنگاوەر، یان بە گرینۆك. دەقی هەورەکانی دانیال بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێناسەی چەمکی گریان دەکاتو لەرێگەی گێڕانەوەکانی رێنوارەوە دەڵێ من بەتەنیا بەگریان دەتوانم شتێك بڵێم، گریان زمانی نییە،شتێکە پێش زمان، کەرەستەی رۆحێکە پاشەکشەی کردووە، بۆ پێش وشەو داهاتنی زمانو قسەکردن، من لە شارێك ژیام کە زمان، وشە، نووسین، تەنها کەرەستەی فریوی گەورەبوون، لەسەردەمی وێرانەو جەنگی گەورەدا، دەق بەشێوەیەك لە

شێوەکان لە پێکهاتەی زمان دەدوێت وەك پێکهاتەکانی دەنگیو دەلالیو ڕێسای ڕێزمانی، زۆرتر جەخت لەسەر پێکهاتەی دەنگی دەکات، گریان بە بێدەنگیو بەدەنگ هەڵبڕینو فرمێسك ڕشتنەوە جۆرێکە لە واتا دەربڕین، دەنگ خۆی لەخۆیدا هەڵگری جۆرێك لەمانایە، زمان بە بۆچوونی (لاکان) وەك بونیادی ناخودئاگا هەڵکەوتووە، ئارتۆ لە بواری شانۆی توندوتیژیدا بەدوای سەرەتاکانی زماندا دەگەڕا، سەرەتا دەنگیەکانی زمان کە پڕن لە قیژەو هاوارو نەعرەتەو نرکە نرکو فیغان، ڕەنگە دەنگە شاراوەکانی سەرەتای زمان زیاتر لە حاڵەتە سێکسیەکانو گەمەکانی جەستەدا بەشێوەی هانکە هانکو وشە بزڕکاندن دەربکەون، کاتێ دەرهەستو جەستەکان بە خەیاڵی زمانەوە دەئاڵێنو ناخودئاگا بەئازادیو بێ سانسۆر دەپەیڤێتو بەئارەزووی خۆی نوقمی چێژبردن دەبێت.

زمان لای (ڕۆلان بارت) خۆسەپێنو فاشییە، لەلێدوانو مشتومڕو دیالۆگەکاندا ناچارت دەکا پێی بدوێی، زمان ئایرۆ نییەو بە تەوسو گەپو گۆڵمەزو گاڵتەجارییەوە شتێك دەردەبڕێو مەبەستی شتێکی ترە، زمان لە هەڵەوەڕییو چەڵتە چەڵتکردن بەدەر نییە، بەڵام گریان بە بێدەنگی دەروون دەپڕووکێنێت، گریانی بێدەنگ کردەیەکی ترسناکی سەربە خۆخۆریو خۆخواردنەوەیە، ڕێنواری گرێنۆك لەپێناو خەڵکی لێقەوماوو داماوادا دەگری، گریانی ڕێنوار لە سۆزو نەهامەتیو خەمناکیەوە سەرچاوەی گرتووە، ڕێنوار لەم بێهوودەییو بێمانایی بوونو جیهانەدا، چەشنی بوونگەرایەکی شاراوەی کامۆیی تەنها بڕوای بە ڕزگارکردنی ئەویتر هەیە، هەمیشە ئەوەی بەبیردا دێتەوە کە زەهاوی هاوڕێی پاراستووە، بەگەشبینیەکی سەیر لە ژیان دەڕوانێتو درك دەکا لەژێر دێلاواری سووتاودا دێلاوارێکی تر دەبینرێت، دێلاوارێکە بە شێوەو شێوازێکی تر لەدایك دەبێتو سەرهەڵدەداتەوە، یاخود بەواتایەکی تر، دەتوانین بە ڕوانینێکی (شۆپنهاوەر)ی ژیان لەم نەهامەتیو مەینەتو بێماناییەدا بە بوونەوەرێکی چاوقایمی بێعار بچوێنین کە لە پێناو پاراستنی جۆرو درێژەدان بە نەهامەتی، بەردەوامی بە بوونو ویستی ژیان دەدات، ڕێنوار بڕوای بە دروسکردنی دوژمن نییەو دەڵێ ئەوە مرۆڤەکانن شێوە بە دوژمنەکان دەبەخشنو بۆ دوژمن دەگەڕێن، ئەم بۆچوونەی ڕێنوار لەگەڵ بۆچوونەکانی کتێبی دانیالدا تێکدەکاتەوە، هەستدەکا ئەو شێوەکارانەی کاتی خۆی وێنە وەهمییەکەی ناوخەونەکانیان کێشا، کە کارێکی مەحاڵو نەکردەیە هەر ئەو شێوەکارانەن کە لە گەرمەی جەنگی نێوان مەمەد حەسارو دێلاواردا بە زۆرترین پارە وێنەی شەهیدەکانی

دێلاواریان دەکێشا، ئیتر دەست بۆ نێو دۆڵابی ژوورەکەی دەباو چەند سکێچێك دەدۆزێتەوە کە کاتی خۆی شێوەکارەکان کێشاویانە، بە هێمنی وێنەکان گڕدەداو لەپەنجەرەوە خۆڵەمێشەکە پەرشوبڵاو دەکاتەوەو دەڵی دوژمن ئێستا لێرەیەو لەسەر جێخەوەکەی پاڵدەکەوێ‌و چرکەکانی نوستالیژیا دەیبەن‌و ڕووداوەکان بەشێوەی فلاش باك دێنە بەرچاوی‌و بیر لە ئاڵ موراد دەکاتەوەو دەیەوێ بچێتە نێو ئەو ژوورەوە کە لەوێ ئاڵ موراد تەقەی لە فەرماندار عەبدولسەلامی ماروونی کردبوو، ڕێنوار ڕۆژی دواتر ماڵی ئاڵ موراد دەدۆزێتەوە دایکی ئاڵ موراد زۆر بە ساردی پێشوازی لێ دەکات‌و دەڵێ ئێستا ئاڵ موراد بە کوڕی خۆم نازانم لەبەر ئەوەی بۆتە بکوژ، پاشان سەردانی مامۆستا سمکۆ سوهەیب دەکاو دەمێ لە پەیکەری باڵندە جوان‌و ڕەنگاو ڕەنگەکە ڕادەمێنی کە هەڕ پەڕێکی لە باڵندەیەك وەرگیراوە، سەبارەت بەخەونە ترسناکەکە پرسیاری لێ دەکا، مامۆستا سمکۆ دەڵی: نا نا من خەونی وا نابینم، من گەر خەون ببینم بەپەڕی باڵندەکانەوە دەبینم، بە ڕەنگەکانەوە، بەشەوەوە پڕبێت لە مۆسیقا، ئەو خەونە هەمووی درۆیە، هەمووی درۆیە.

(٢٠)

ژیان سەیرە گەشبینی لەو سەیرتر، بەبیرم دێ ماوەیەك لەگەڵ کاراکتەرەکانی برایانی کارامازۆڤدا دەژیام، لەگەڵ ئیڤانی بوونگەراو نیهیلیستی، دیمتری ڕۆمانسی، ئەلیوشای ئایینگەرا، لەگەڵ زوسیما ئەو پیرو شێخە لاوازو بنێسەی کە ڕۆژانە سەدان کەس سەردانیان دەکردو دۆعای خێری بۆ دەکردن، پاشان کە مرد لەماوەی چەند کاژێرێکدا تەرمەکەی بۆگەنی کرد، لەگەڵ وشەی کارامازۆڤ دەمزانی وشەی کارا وشەیەکی تەتەرییەو بەمانای قەرە یا ڕەش دێت، لەگەڵ ئەلیزابیس ئەو ژنە سوڵکەرەی باوکی ئیڤان بەمەستی لەبەردەگای کڵێساکە پڕی دایەو سکی پڕکرد، ژنە دوای ماوەیەك لەسەر شوورا بڵندەکەی ماڵی کارامازڤییەکان خۆی هەڵدا، کەچی کۆرپەکەی لەبارنەچوو، کۆرپەکە سمیردیاکۆف بوو ئەم ڕووداوە کێشەیەکی قووڵی لەنیوان چەمکی خانەدانی‌و ناکەس بەچەییدا نایەوە، ئێستا ماوەیەکە لەگەڵ کاراکتەرەکانی ڕۆمانی هەورەکانی دانیال دەژیم خەریکە ئەمڕۆ لێك دادەبڕین، ڕێنواری زەریاواری دوای دووساڵ دەگەڕێتەوە بۆ دەروونخانەکە (عیادەکە)ی دکتۆر سیای مامی‌و چاوی بە هەمان نووسن دەکەوێت کە بەدەرگاکەوەیە (تکا لە هەموو ئەو براو خوشکانە دەکەین کە بۆ سەردانی

دکتۆری دەروونناس سیامەند زەریاواری دێنە ئێرە، لە هەفتەی داهاتووەوە، ڕووبکەنە بنکەی یەك بۆ تەندروستی دەروونی لەسەر شەقامی شەهرەیار، شوێنی زیندانە کۆنەکەی بنەماڵەی شوکورئاغا.. سوباس بۆ هاوکاریتان) ڕێنوار لەگەڵ مام سوڵتانی خاوەن باڵەخانەکە لەبارەی چۆڵکردنی عیادەکە قسەدەکا، دەروونخانەکە ئێستا جیهانێکی کشو ماتو خامۆشە، دەق لەڕیگەی ڕێنواری کاراکتەرەوە مامەڵەیەکی خەفەتبار لەگەڵ شتەگەلەکاندا دەکاو ڕێنوار چەرچەفە سپییەکەی خۆی لە دۆڵابە چکۆلانەکەی سالۆنەکە دەدۆزێتەوەو بۆنی دەکاو هەست دەکا بۆنی زەمانێکی دێرینی لێدێت، بۆنی شەوە درێژەکانی تەنیایی، دەچێتە ژوورەکەی مامی چاوی بەجووتێك دەسکێشی سپی دەکەوێت لەسەر مێزەکە دانراون، چاویلکەیەك بەکراوەیی جێماوە، دەفتەرێکی کراوەو قەڵەم پاندانێك، لەبەر خۆیەوە دەڵی دڵنیام جارێکی تر مامە سیام نایەوە ئەم ژوورە، سەیری ڕەفی کتێبەکان دەکاو شوێنێکی کشومات، دەفتەری سەرمێزەکە دەکاتەوە (نامەیەك بۆ مردوویەك) دکتۆر لە دەمی نەقیب یوکسەلەوە بیستوویە کە ڕینوارو هاوڕێکانی شەهید بووینە، وتیایدا سەربوردەی ژیانی خۆی گێڕاوەتەوە، دەفتەرەکە دادەخا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنو بەسەرچوو، هەست دەکات نووسینەکە تێکستێکی پووچەو پزیشکێکی شێت بۆ برازاکەی نووسیویەتی، ڕێنوار لە عیادە چۆڵەکە زۆر بەقووڵی هەست بە ڕۆشتنی زەمەن دەکات، دەفتەرەکە هەڵدەگرێتو دەگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆی بە هەمان شێوەی وێنەکان دەیسووتێنێ، ڕێنوار خاوەن بیرکردنەوەیەکی سەیرە زیاتر گەشبینێکی دواڕۆژگەرایەو حەزدەکات لەڕێگەی کۆمەكو ڕزگارکردنی خەڵکی لە تەنگو چەڵەمەکان واتایەك بە پووچێتیو بێمانایی ژیان ببەخشێت، دوای دووهەفتە لە داگیرکردنی دێلاوار بارودۆخەکە تۆزێك هێور دەبێتەوەو دەسەڵاتدارانی مەمەد حەسار کوڕە بچکۆلەکەی عەبدولسەلام ماروفی کە ناوی موعتەسەمی مارووفییە وەك فەرماندار دادەنێن، لەگەڵ چوار ڕاوێژکاری خەڵکی مەمەد حەسار، ئیتر ڕێنوار لەگەڵ زەهاوی هاوڕێی سەردانی نادین خانمی کچی پرۆفیسۆر بەهنام دەکەنو نامەکەی دکتۆر شابەندەریان بۆ دەخوێنێتەوەو بڕیاردەدا هەردووکیان وەك کارمەندی مۆزەخانەکە لەگەڵیدا بنو کەشی مۆزەخانەکە ببوژێننەوەو ژیانێکی نوێ دەست پێبکەنەوە، دەڵێ ڕەنگە پرۆفیسۆر شابەندەر لەداهاتوودا خۆی بێتە ئێرەو چاپخانەیك بکاتەوەو تەنها شیعر چاپ بکات، دەق زۆر بەوردی وەسفی نێو مۆزەخانەکە دەکاتو لە هەڵسوکەوتی پیاوەکانی سەی ئەسلاڵنو سەربازەکانی مەمەد حەسار دەدوێت

چۆن لەماوەی ڕابردوودا مامەڵەیەکی نەشیاویان لەگەڵ مۆزەخانەکە کردووەو چەند ڕەفێکیان شکاندووەو کتێبەکانیان پەرشو بڵاوکردۆتەوە، ڕێنوار لەنێو کتێبەکاندا، کتێبێك دەکاتەوە (ئاناباس)ی (سان ژۆن پێرس)ە لەسەری نووسراوە (پێشکەشە بە دانیالی ئەم ڕۆژگارە، بە هاوڕێم بەهنام ڕزگارکەری ڕۆحە قەلەندەرەکان، بەکەسێك دەزانێت تاریکی دێتو ڕۆحی خۆی بۆ ئامادەدەکات) برات (ئەندازیار مورتەزا حەساری) لە ڕۆمانی هەورەکانی دانیالدا ئاماژەدان بە دەقی (ئاناباس)ی (سان ژۆن پێرس 1886-1975)ی شاعیری فەرەنسی لەڕووی تراژیدیای جەنگەوە کاریکی قووڵو گرنگە، ئاناباس تێکستێکی داستانئامێزی شیعرییەو پێرس تیایدا بە ڕستێك وێنەو دیمەنی ناوازەی شیعری لە جەنگو وێرانکاریو دووبارە دامەزراندنو دروستکردنەوەی شارو ژیارەکانی خۆرهەڵاتی کۆن دەدوێت، تێکستەکە لەژێر کاریگەری کتێبی (ئاناباسیس)ی (زەینەفۆنی ئەسینی 430-354 پ,ز) قوتابی (سۆکرات)دا نووسراوە، ئانا باس بە واتای شاڵاوی ناوەکی دێت ئەسکەندەری گەورە کتێبی ئاناباسیسی زەینەفۆنی وەك دەلیلنامەیەك لە هێرشەکانی بۆسەر وڵاتانی فارس بەکاربردووە، چونکە کتێبەکە باس لەجەنگو شەڕو پێکدادانو جوگرافیای دەشتو دەرو چیاو گردۆڵکەکان دەکات.

لێرەدا کۆتایی بە خوێندنەوەکە دەهێنمو لەکۆتاییدا دەڵێم سڵاو لە دنیای داهێنانو عیشقو جوانی، سڵاو لە نووسەری هزرفراوانو دنیابینی قووڵ، ئیتر لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێت!

بێ دەنگی بەڵای زمانە

ئەنوەر حسێن (بازگر)

- گەر قسە زێرە، بێ دەنگی تێزابی زێرە
- بەبێ دەنگی دەتکوژم، ئەی مەرگ

"فریدون موشیری"

ئەگەر سکوتی من، مانای قەدەری ڕازیبوونە
ئەوە بزانە، چرپە لە هاوار کاریگەرترە

ئەگەر بێ دەنگی من، مانای قبوڵکردنە
ئەوە بزانە، ژانی سرکم، لە ناڵە نالّ بە ئازارترە
ئەگەر نوزەم دێو خۆم لە بەر خۆمەوە دەخۆمەوە
ئەوە بزانە، قورگم پڕ لە هەنسکی تاساوی گریاوترە
ئەگەر بە ژانی بێ دەنگی، هەزار ناسۆرو برینم هەڵگرتووە
ئەوە بزانە، ئازارەکانم بە سکوتی، لە سەد ژان ژانگرتوترە
ئەگەر چاوەکانم، هەزار ڕازو ڕەمزی تورەیی بێ دەنگی پێکەوەبوونی، تێچزاوە
ئەوە بزانە، نیگا ئەنجن ئەنجکراوەکانم، لە سەد ئاماژە زیاتر، مانای جوانی هەڵگرتووە
ئەگەر شەو، بەو هەموو گلەییەوە، بەبێ دەنگی تاریکی لە ناخی خۆیدا مەڵاس داوە
ئەوە بزانە، زایەڵەی تاساوی حەسرەتی تاریکی بەربەیانە،
بە تامەزرۆییەوە خۆری لەگەڵ خۆی داگرتووە
ئەگەر زمستانی شەختە، بە بەدبەختی گوڵ ناوی دەرکردوە
ئەوە بزانە، شەقایق بە مەیلی بەهار، لەناو دڵی بەفر گوڵی گرتووە
ئەگەر بێ دەنگی، بە بەڵای دڵو زمان ناوی ڕۆیشتووە
نیگاو ئیشارەکانی، ڕەمزو ڕازی سەرم باش گەیشتووە
ئەگەر ئازار لە ناو دڵی پڕ حەسرەتی خوێنینم، نرکەو هاوارو بۆسۆی دێت
دە پێمبڵێ، چۆن چۆنی، ئەو هەموو ساڵە، بەبێ هاوار، بەرگەی ژانی تۆی گرتووە..؟
ئەگەر دوری، نیشانەی کۆتایی ڕازو ڕەمزی، سەرمەدی ئەوینیت بێت
ئەی بۆچی، ئەو هەموو ساڵە، دڵ وادەزانێ نزیکیو بە سکوتی دەسوتێ بۆتو
بەرگەی زامی تۆی گرتووە.....؟
ئەگەر قەرارە گۆڕستان، کۆتا حیکایەتی ژیانی ئازیزان بێت کە لە چاو ونبون
ئەی بۆچی شیعرو گۆرانیان بۆ دەڵێینو وەك سۆما لە چاواندا هەڵمانگرتووە.....؟
ئەگەر شارو شەقام تەرك دەکەین،
بۆ مەنزڵو پەسێوی سەرپەنای پڕ لە یادگاری ڕێ دەکەین..
ئەی بۆچی ڕەنگو بۆی باران، وەك عەتری سەوسەن، هەموو خانەو ماڵو گوڵو بادەو کتێبو وێنەکانی دەوروبەرمی بۆنکردووە....؟
ئەگەر وادەزانم، بادەو شەراب، دەردەسەری پڕ ژانی ڕۆژگارێکی بێ تۆییم بۆ هەتوان دەکاتو دەمخاتە سوچێکی گومانەوە

بۆچی هەموویم تاقیکردەوە، لە جیاتی بەدمەستی، خەیاڵی منی بۆ مەستی نیگاکانی تۆ مەستکردووە؟
ئەگەر وا خۆم دەرئەخەم، سکوتمو لە خەیاڵم بە سادەیی دەرمکردووی
بۆچی بێ یادگاریو عیشقو خەیاڵی تۆ، لەم دۆزەخە ئارامم گرتووە.....؟
سکوتی ئاسمان، هەزار ساڵە باوەشی موحیببەتی پڕ نوری، بۆ ئەستێرەو باران‌و هەور کردۆتەوە
بۆچی لە ئاسمان میهرەبانترم کەچی، لە تاریکی بێ زوڵمەتی تۆ،
واش لە کەنار ئارامم گرتووە.....؟
گوڵەبەرۆژە بەو هەموو حەسرەتەوە سەری نەویەو
سوژدە بۆ نوری خۆری مەعشوقی دەبات
بۆچی تۆ کە کەعبەی ئیمانی منی، لە سایەتدا هەزار بەدبەختیت بەنسیبی ئەم بەختەی من کردووە.....؟
باز، بەوەفاو عیشقەوە، لە سەر دوندی چاوەڕوانی،
بە هەزار ئازارەوە چاو لە یار غافڵ ناکات
بۆچی هام بە شوێن میراتی بازەوە، هەر لە دەوری نیگاتم، بەردەوام وێڵم بە دواتدا، کەچی خۆتت لێم ونکردووە.....؟
بەهاران گوڵ و شەونمی سەحەریی‌و پەڕەزەو گوێزی هەورامانت بۆ دەچنم و پایز گەڵای زیزو پەلکە زێرینەت بۆ ڕام دەکەم
بۆچی وەك زستان فرێم دەدەیتە دەست ڕەشەبای قەدەرو هاوینانیش ڕووت‌و ڕەجاڵ بێ سایەت
منت لە قرچەی گەرماو سوتان ڕاگرتووە.....؟
من چیم دەویست، جیا لە بۆنی هەناسەی جاویدانیت‌و تامەزرۆیی بۆ ئەم کاولاشە بێ موحیببەتەی تەمەنێك..
زایەڵەم دێت بە دەست ئاهـــ و فیغانتەوە، تا ئەو کاتەش بە ئارامی هەواڵی منت پێ دەگات لە گۆرستان جێم گرتووە
ئەگەر جانتای سەفەری سیخناخ کراوم، پڕیەتی لە بۆن‌و بەرامەو غەدری دڵڕەقیت
خەریکم پارچەکانی ئاوێنەی شکاوی دڵم بە سەرابێك گرێبدەم، بۆنی خنکانی لێدێت، کە نوزەو هەناسەت لێگرتووە

ئەگەر کتێبەکانم نیشانەی گێلیمە، حیکایەت و چیرۆکە بێ سەمەرەکانی تۆ، سەرچاوەی دڵشکانمە، چیان لێ بکەم.....؟
ئاخر، هەموو وشەو دێڕێکی پڕ لە حەسرەت، تۆزی بێ باوەڕی تۆیان لەسەر نیشتوەو واش لە باوەشم گرتووە.
کە پایز دێ، وەك هەتیوێ ڕووتو ڕەجاڵ، لەبەر سەرمای تۆڵەو ڕقت، ڕەگی دڵمی لە خاکی جێماوی بێ وەفایت هەڵکەندووە
کە چەند ساڵە وەکو زێوان، ئاوێزانی ئاوەدانیو پاسەوانی قەدو باڵای لاسك سەوزێ بووم، کەچی هەموو ڕەنجم وەکو فەرهاد بەباچووە
سەدان شیعرم لەناو ڕەزی ڕەشی ترێو ڕیحانەی دێراوو نەغمەی قومریو مەلی ئامین، لە بۆت ڕیز کردوە
کەچی وەکو پوشو پەڵاشی یادگارییەکان، فڕێتداون، وەك گەڵای زیزی زیوینی پایزی بەختی من، شیعرەکانیشت زیز کردوە
ئەو هەموو گۆرانیو سەمفۆنیایە، کە نەغمەی پاساری سەر درەختی ماڵی دایکمو خەتمی نیوە شەوی، ڕەنجی وەلی دێوانەم بۆ چێشتوە
بە دەست بێ موحبەتی تۆ، کە لە نەغمەی کەمان ناگەیتو تامی ئاوازی حەسرەت ناکەیت، هەر وەکو شەم، گوێچکەی فەرامۆشیت کەڕ کردووە
هێندە تاساوم، وەك بەردی جێماوی ناو ڕووباری، وەکو تەمی دوای بارانی، وەکو شەپۆلی دوای تۆفانی، وەکو سکوتو تەزینی دوای دابڕان
بەڵام ئالودەبوونی تۆ دەمکاتە ئەڵماسی ناخی زەریاکان، ڕەنگو ڕومی وەك فریشتەو پەلکەزێڕینەی زەردو سور پەڕ پەڕ کردوە
سکوتی من، گەر مانای ڕازیبوونە بە چارەنووسی نەڕۆیشتنو بەهانەی لەلات مانەوە، بنەو بارەگەم لێخستووە
هەموو هاوارو قیژەکانم سپارد بەناخی تاساوی گۆڕستانم، بە خاتری تۆ، شەمعو مۆمێکی جاویدانی پڕ نورم سەر لە نوێ هەڵکردووە.

2022/11/12

شاعیری چینی "بێی داو"

"وەک ئەوەی لە ناوێنەدا یەکترمان بینیبێت"

ئا. جەمال پیرە

"جاران خەونێکمان هەبوو، خەونمان بە ئەدەبو گەشتکردن بە جیهانەوە دەبینی، ئێستا کە شەوان پێکەکانمان لەیەك دەدەین، دەنگی بەریەککەوتنی پێکەکان، دەنگی شکاندنی ئەو خەونانەیە."

ئەمە قسەی "بێی داوی" شاعیری چینییە کە لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٩ لەدوای بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران لە گۆڕەپانی تیان ئان مین سەری خۆی هەڵگرتو وڵاتەکەی جێهێشت.

"بێی داو" ژیانی خۆی لە نێوان وڵاتانی ئەوروپیو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەسەربرد، تا دواتر لە ساڵی ٢٠٠٦ گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی، ئێستایش مامۆستایە لە

زانکۆی هۆنگ کۆنگ. ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری گۆڤاری "ئەمڕۆ"یە، کە لە مانگی دیسێمبەری ساڵی ١٩٧٨ دامەزراوەو یەکێك بووە لە گرنگترینو کاریگەرترین گۆڤارە ئەدەبییەکان لەو سەردەمەی وڵاتی چیندا، بەو پێیەی هەڵگری ئایدیای نەوەیەك بووە، کە لەساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٨٩ دەرکەوتوون، نەوەیەکی تەواو لە شاعیران، کەوتبوونە ژێر کاریگەری شاعیرانی هاوچەرخی رۆژئاواییو شێوازە شیعرییەکانیان.
"بێی داو" ناوی ئەدەبییەکەیەتی، بە واتای "دوورگەی باکوور"، ئەو ناوەی هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی خەڵکی باکووری چینەو تەنیایی بە باشتر دەزانێت. لە راستیدا ناوی "جاو چین کای"ە، لە ٢ی شوباتی ١٩٤٩ لە شاری بێجین (پەکین) لەدایك بووە، پێشتر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات پاڵێوراو بووە، هەروەها وەك وانەبێژ لە زانکۆی ستانفۆرد کاری کردووەو لە زانکۆکانی کالیفۆرنیاو ئالەباما مامۆستا بووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی شیعریو پەخشانو کورتە چیرۆکە، لەوانە: (گوڵی کات/شیعر)، (گۆرانیبێژی نیوەشەو/شیعر)، (ئەو نامۆیەی گەڕاوەتەوە/کورتەچیرۆك)، (خانووە شینەکە/ پەخشان). بەرهەمەکانی بۆ زۆر زمان وەرگێڕدراونو بە یەکێك لە شاعیرە گرنگەکانی ناوەوەو دەرەوەی چین دادەنرێت.

بێ ناونیشان

بۆ جیهان
من تا ئەبەد نامۆ دەبم
من لە زمانی ئەو تێناگەمو
ئەویش لە بێدەنگی من،
پەیوەندی نێوانمان
هیچ نییە بێجگە لە تۆزێك ریسوایی
وەك ئەوەی لە ئاوێنەدا یەکترمان بینیبێت
بۆ من
تا ئەبەد نامۆ دەبم
لە تاریکی دەترسم

بەڵام بە جەستەم بەر لەو تۆزە رووناكییە دەگرم،
سێبەری من خۆشەویستەو
دڵیشم دوژمن.

وێنەی شاعیر لە تافی لاوییدا

ئەو سروشەی لە قۆڵی كراسەكەوە هاتەدەرێ
كۆتایی نایەت، تۆش
شەو و رۆژ رستەی درێژو
ڕێڕەوەكان دەبڕیت،
كە لەدایك دەبیت، پیر دەبیت،
هەرچەندە هێشتا ئاواتە گەورەكانت
وەك هەمیشە لە لێواری خاكێكی بێ بەرهەمدا
گەشە دەكەن
ئەو كاتەی ددانێكی دەستكرد دەردەهێنیت،
دەبیتەوە بە منداڵ
دەگەڕێیتەوە بۆ ئەوەی ناوی خۆت
لەسەر دیواری گەرماوێكی گشتیدا بنووسیت،
چونكە تووشی نەخۆشی گەشەنەكردن بوویت
دەبێت رۆژانە چەند حەبێكی هۆرمۆن بخۆیتو
دەنگت وەك پشیلە شلەژاوەكەی
ئەو ماڵەی دراوسێمان
نەرم بكەیت
نۆ پژمین، یەك بەدوای یەك
دەكەونە سەر كاغەز و تۆ
لە دووبارەبوونەوە ناترسیت
جگە لەوەی پێویست نییە پارەو سامان شەرەفمەندبن

بەڵام هەموو خەڵك
بەتوندوتیژیی و شێتانە دەنەڕێنن
تا بیرت بخەنەوە ستایشی
ئەو مانگە بکەیت کە خەرجییەکانی بیمەی داوە
یان ستایشی ئەو تەورداسە بکەیت
کە بەکارت نەهێناوە، خەمەکان
لە ئایدیاکان قوورسترن،
سەرماکە تووشە، بەهۆیەوە خوێن رەش بووەو
شەویش وەك پەنجەکانی پێ، بێ هۆش بووە،
تۆ
دەشەلیتو
دەچیتە ناو دارستانە بچووکەکەی نزیك رێگاکە
تا کۆمەڵێك لەو هاوڕێیانە ببینیت کە چەپکە گەڵای غاریان
کردووە بە تاجی سەر،
هەر درەختێك
کوندەپەپۆیەك لەسەری دەنیشێت
کاتێك هاوڕێکانم دەبینم سەرئێشەیەك دەمگرێت
ئەوان هەمیشە حەزدەکەن باسی رابردوو بکەن،
لە رابردوودا، منو تۆو
هاوڕێکانمان ماسی گەنیو بووین.

سەرچاوە: گۆڤاری رؤي الثقافية- ژمارە ١٧- ساڵی ٢٠١٥

یانیس ریتسۆس

شاعیری بزووتنەوەی چەپی یۆنان

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

پیتەر لیڤی شاعیرو ڕەخنەگری بەریتانی لە پاشکۆی ئەدەبی گۆڤاری تایمز، سەبارەت بە یانیس ریستۆسی شاعیری یۆنانی دەنووسێت: "یانیس شاعیرێکی گەورەو پڕ بەرهەم، ژیانی قارەمانانەی پڕە لە ڕووداو، دەنگی ئازایەتی ئینسانی بەرجەستە دەکردەوە عەقڵیشی بێ هەدادان چالاك بوو. شیعرەکانی ریستۆس هەناسەیان لە راستگۆییو هەستکردن بە ئێشو ئازارەوە دەدا "[1] یانیس دووجار وەك فلیپ شێرارد دەڵێت " بۆ خەڵاتی نۆبڵ هەڵبژێردراوەو براوەی خەڵاتی ئاشتی لینینە کە بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران بوو، ئەمە جگە لە ژمارەیەك خەڵاتی تری ئەوروپای ڕۆژهەڵات."[2] یانیس ڕیستۆس شاعیری بەناوبانگی یۆنانی کە بەردەوام بەهۆی ناوەڕۆکە چەپو سۆشیالیستەکەی بەشێوەیەکی پچڕپچڕ بەرهەمەکانی قەدەغە دەکران. لە خێزانێکی دەوڵەمەند، بەڵام بەدبەخت لەشاری مۆنامڤاسیا لە ساڵی ١٩٠٩ لەدایك بووە. باوکی دوای ئەوەی سامانێکی زۆری لە قومار دەدۆڕێنێت، بەدەردی

شێتبوون دەمرێت، دایکی‌و برایەکی کە تەمەنی ١٢ ساڵان دەبوو, بە نەخۆشی سیل دەمرن. ساڵی ١٩١٧ لە تەمەنی هەشت ساڵیدا یانیس یەکەمین شیعری خۆی نووسیووە.[٣] دوای ئەوەی خزم‌و کەس بەخێوی دەکەن‌و دەستگیرۆیی دەکەن دەچێتە کۆلێژی یاسای ئەسیناو بۆ ماویەکی کەم دەخوێنێت. لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ لە بەشی سیل خۆی کەرەنتینە دەکات. لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، هەم کاری نواندنی وەکو ئەکتەر کردووەو هەمیش خەریکی هونەری سەماکردن بووە. ساڵی ١٩٣٤ پەیوەست دەبێت بە حیزبی کۆمۆنیستی یۆنانەوە، ئەو ساڵەی یەکەمین کۆشیعری بەناوی تراکتەرەوە بڵاو دەکاتەوە. ئەم دیوانەو کۆشیعری هەڕەمەکان کە لەساڵی ١٩٣٥دا چاپ دەکات، پێکەوە فەلسەفەی سۆشیالیستی بەشێوەیەکی زیندوو تێکەڵ بە خەم‌و ئازارەکانی خۆی دەکات. ئەوەی لەو ماوە پڕ لە نەهامەتیەی ژیانی شاعیر پاڵپشتی شاعیریان کرد بریتی بوون لە شیعرو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یۆنانی. یانیس لە شیعری کورتە چیرۆکدا تراژیدیای جەنگ دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

کڵاوی خوساوی دەریاوانێك
لەناو شەپۆلەکاندا دەهات‌و دەچوو
وەکو نانی ڕەشی فڕێدراو
لەو کاتەی خەڵك خەریك بوو لە برسان دەمردن
ئەوە جەنگ بوو.[٤]

یانیس ساڵی ١٩٣٦ سێیەم کۆشیعر چاپ‌و بەناوی شیوەنی مردوو بڵاو دەکاتەوە. ئینجا بۆ نزیك بە دەیەیەك نەیتوانی ئازادانە هیچ بڵاو بکاتەوە. لەماوەی داگیرکردنی یۆنان لەلایەن نازییەکانی ئەڵمانیاوە لەساڵی ١٩٤٤و دەستپێکردنی جەنگی ئەهلی، یانیسی شاعیر بە گەریللا کۆمۆنیستەکانەوە پەیوەست دەبێت. دوای شکانیان لە ساڵی ١٩٤٩، دەستگیر دەکرێت‌و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زیندانی سەربازی دەستبەسەر دەبێت. لەدەیەی پەنجاکان شیعری "ئیپیتافۆس" لەلایەن میکیس تیودۆراکیس دەکرێتە سروودی بزووتنەوەی چەپی یۆنانی. ساڵی ١٩٤٥ لە شاری کۆزانی شانۆیەکی میللی دادەمەزرێنێت‌و شانۆگەری (ئەسینا لەژێر چەك) دەنووسێت، ئەمە جگە لە قەسیدەیەکی درێژ بەناوی (پەراوێزی سەرکەوتن). ساڵی ١٩٦٧ دەست بەسەر دەکرێت‌و دوور

دەخرێتەوەو تا ساڵی ١٩٧٢ هەموو بڵاوکردنەوەیەکی لێ قەدەغە دەکەن. یانیس سەرباری هەڵچوونو داچوونەکانی ژیانی جگە لە شیعر زیاتر لە ١٠٠ کتێبی لە بوارەکانی شانۆگەریو وتار نووسیوەو ئامادەکردووە. یانیس بەهۆی ئەوەی زۆربەی شیعرەکانی هەڵگری پەیامی سیاسی بوون، بۆیە بەردەوام لەلایەن دووژمنە سیاسییەکانیەوە دژایەتی کراوە. یانیس بەناوبانگترین بەرهەمی بەناوی ئیپیتافیۆس کە لەساڵی ١٩٣٦دا بڵاوی کردەوەو باس لە تیرۆرکردنی کرێکارێك دەکات لە مانگرتنێکی گەورەی شاری سالۆنیکا.(*) مێتاکساسی دیکتاتۆر ئەو کتێبەی قەدەغە کردو لەگەڵ ژمارەیەك کتێبی تر لەبەردەم پەرستگای زیۆس سووتاندی. دوای جەنگی جیهانی دووەمو دوای پێنج ساڵ لە جەنگی ئەهلیو توانەوەی ڕێکخراوی گەریللا کۆمۆنیستەکان کە دەیانویست دەسەڵاتی یۆنان بگرنە دەست، یانیس دوور دەخرێتەوە بۆ دوورگەکانی لیمۆنسو مەکرۆنیسۆسو یائۆس ئیفستراتیۆس. ساڵی ١٩٥٤ کتێبەکانی قەدەغە کران. ساڵی ١٩٦٧ کاتێك ئەفسەرەکانی سوپا کودەتایان کردو دەسەڵاتی یۆنانیان گرتە دەست،ریستۆس جارێکیتر دەخرێتە ژێر چاودێریو دەستبەسەربوون لە ماڵەوە کە تا ساڵی ١٩٧٠ درێژە دەکێشێت.

زیندانیەکانیان لەسەر کەشتیەکان بەستبووەوە
بازنەیەك بەدەوری ملی ئاسۆوە
زنجیرەکانی تریش لەپێی منداڵان ئاڵابوون
کە لەگەڵ سپێدە باسکەکان گوڵە حاجیلەیان بەدەستەوە بوو.(٥)

یانیس ڕیتسۆس لەم نووسینەیدا پشت بە چەندین شێوازی تازەو جیاواز دەبەستێت. لە مۆنۆلۆگە درامییە درێژەکان باس لە کەسایەتیەکانی نێو ئەفسانەکانی یۆنان دەکات، هەروەها لە قەسیدەکەدا زۆربەی کات بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز پێگای زیۆس پێشکەشی دنیای نووسینو ئەدەبی یۆنانی دەکات.(٦) جگە لەمەش یانیس بەوە ناسراوە کە دەسترەنگین بووەو زۆربەیجار وا خوێنراوەتەوە وەك مامۆستای چرکەسات کە ساتەکەی چرکاندووە، ئەوەش وەکو وێنەی بچووکو سەر بەردەکانو تەختە دارەکان کە تاکە ماتریاڵ بووە، لە زیندان لەبەردەستیدا بووە. ئەم هونەرەش پێوتراوە یەکدەنگی مۆنۆچۆردس.(**)

دەتەوێت چ پێشنیارێك بكەیت، وشەكان پێت دەڵێن.
بەهەرحاڵ وشەكان لە ئازایەتیەوە دێن یان هەڵدەقووڵێن.
ئومێدی بەیانییەكی باشت بۆ دەخوازمو بەجیددیشمە.
ڕێگای بەرەو داهاتوو یەك ساید نییە.
بۆ دۆزینەوەی رابردوو دەبێت ڕێگایەكی درێژ بەرەو پێش ببڕیت.
لەجیهانی بێگەردتدا، خۆشەویستی بوونی نییە.
بە كەلەپچەوە جوانترین كەمانیان دەژەنی دەربارەی هەژاری دەدوێت.
دەستی بوو بە ڕووبار.
لەناو ئاوێنەدا مەلەوانەكانو خۆم دەبینم.
بەڕووتی دەڕۆمەوە ئەو شوێنانە.
لەگەنمەشامی زێڕیندا خانمەكەمان ڕەشی پۆشی.
جێهیشتنی شیعر شەوی پڕ لە چێژە.
من بەتەواوی سێبەر بەم قەڵەمە زێڕینە دەسڕمەوە.
هەرگیز تێنەگەیشتم چۆن بەپێیان ئەم هەموو ڕێیە گەیشتمە ئەو بەرزاییە.
لەتەمەنی پیریتدا، ئەو منداڵەی كە خۆت بوو، هێشتا لێرەیە.

خانووەکەم نۆ پەنجەرەی هەبوو، هەر هەموویان بەڕووی جیهاندا کراوە بوون.
خۆرئاوابوون، گوڵە زێڕینەکانت لەسەر پەڕەکەم دەنەخشێن.
هەرچی وشە هەیە بەشی ئەوە ناکات تا هەرشتێك دەتەوێ بیڵێیت.
هەناسەی گەنجێتیت بدە، مەمکی کچان تەڕن بەئاوی ئۆقیانووس.
لەنێو دەستەکانی گەنجاندا، ئاڵاکان گۆرانی دەڵێن.
یۆنان، وتم ڕووتبوونەوە لەگەڵ سەبەتەیەك ترێ.
کتێبەکانم داخست. گردەکە هاتە ژوورەکەمەوە.
سەماکەرێکی جوان، هیچ مەڵێ. بەس سەما بکە.
لەسەر شاخەکە ناوی خۆم وت، بەڕاستی ناودارم.
دەزانی ماوەیەکی تر من ڕۆیشتووم.
پێویستە ئاوێنەکەت گەورە بکەیت چونکە جێت تیا نابێتەوە،
قاچ و سەرتی تیا دەرناکەوێت.
لە تاریکیدا هەندێکجار ئاوێنەکان دەچرپێننە گوێی گرنگترین راستیەکان.
شەوان، ئۆقیانووس‌و کەشتیەکانی دێنە ژوورەکەم.
ئایا برینەکەت قسە دەکات؟ راستی دەردکێنێت.
ئەم پیاوە لە بێدەنگیدا دەنگی نووساوە.
شیعر هەمیشە سەرەتای نییە، بەس هەمیشە کۆتایی هەیە.
مانگێکی پرۆلیتاریی گەورە لەئاسمانی شارێکی خەواڵوەوە.
بەهەرحاڵ ئەوەی کە بوونی نییە، هەیە.
بۆ گەیشتن بە بێمانایی هەموو دەمامکی زێرینمان بەستابوو.
چەند بێدەنگانە زەمەن لەنێو شیعردا دەڕووخێت.
شیعر جەستەمی بۆ گورگەکان جێنەهێشت.
کەشتییەکە ڕۆیی. منیش لەگەڵ گڵۆپی شەقامەکە بەجێمام.[٧]

ساڵی ١٩٧٤، دوای ئەوەی حوکمی سەربازی دەڕوخێت‌و حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی یۆنان دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەهۆی ئەوەی کە ئەم شاعیرە لە چل ساڵی ڕابردوودا کۆڵەکەیەکی بنچینەیی خەڵکی یۆنان‌و دەنگی ئەو خەڵکە بووە، زانکۆی سالۆنیکا بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێدەبەخشن. یانیس بۆ خەڵاتی نۆبڵ

هەڵدەبژێردرێت، بەڵام خەڵاتەکە ناباتەوە. یانیس ڕیستۆس لە یانزەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠ بۆ دواجار ژیانئاوایی دەکاتو یۆنانو شیعرو خەباتی سۆشیالیستی جێدەهێڵێت.

(*) لە ١٠ی ئایاری ساڵی ١٩٣٦ کاتێك یانیس ریتسۆس شاعیری یۆنانی تەمەن ٢٧ ساڵ وێنەیەك لە ڕۆژنامەیەك دەبینێت کە دایکێك لەسەر تەرمی کوڕەکەی خەریکی شینو شەپۆرە کە کرێکاری کارگەی جگەرە بوو، لە مانگرتنی کرێکاران بەدەستی پۆلیسی سالۆنیکا کوژرابوو، کە لەپێناو زیادکردنی کرێکانیان مانیان گرتبوو.. دوو ڕۆژ دواتر یانیس شیعرێکی درێژ لە ڕۆژنامەی ڕیزۆسپاتیسی حیزبی کۆمۆنیستی یۆنان بەناوی ئیپیتافیۆس بڵاو دەکاتەوە. کە باس لە قارەمانێتی کرێکارانی سالۆنیکا دەکات، بەپشت بەستن، یان سوود وەرگرتن لە ئەفسانەی یۆنانی. ئەم شیعرە ڕیك نیوتن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. هەرچەندە ئەم قەسیدە درێژەی یانیس لە وڵاتی یۆنان بۆ ماویەکی زۆر قەدەغە کرا، بەڵام لەدەیەی پەنجاکان ئەم قسیدەیە بەبەربڵاوی بڵاوبۆوەو لەلایەن هەردوو ئاوازدانەر هەدزیداکسیو میکیس پیۆدۆراکیس ئاوازی بۆ دانراو هونەرمەند نانا مسکۆری تۆماری کردو بوو بە سروودی بزووتنەوەی چەپی یۆنان.

(**) مۆنۆچۆردس واتا یەکدەنگی وێنەگرتنی چرکەساتە لەنێو وشەکان. ئەم شێوازە یانیس توانی لەماوەی مانگێکداو لە زیندانی ساموس ٣٣٦ دانە بنووسێتو ئەم کارەی یانیس زیاتر وەکو کلیلی کارەکانی لێی دەڕوانێت.

سەرچاوەکان :

(1)-(2)-https://www.poetryfoundation.org/poets/yannis-ritsos.ف

(3)-https://en.wikipedia.org/wiki/Yiannis_Ritsos.

(4)-https://intranslation.brooklynrail.org/modern-greek/poetry-by-yannis-ritsos.

(5)-https://manolisaligizakis.com/translations/yannis-ritsos-poems.

(6)-https://www.ellines.com/en/myths/25181-the-poet-of-romiossyni.

(7)-https://iwp.uiowa.edu/91st/vol4-num2/monochords

حوسێن شەبەق

زیندوو ڕاگرتنی

ئەستێرە سوورەکانی ئاسمانی چەوساوەکان

لێکۆڵینەوە: ئەنوەر حسێن (بازگر)

یاری جاران کوان؟

وەفـــــاداران، وەفـــــاداران، وەفـــــاداران، کـــــــوان؟
یـــاری جـــاران، یـــاری جـــاران، یـاری جـاران، کـــوان؟

عـــاشقـانی نێو تەلان و ســـــەخـــرە ســـــاران، کـــوان؟
دڵا پـــــەرەســتی، گوڵا پـەرەستی، ســـەوزەزاران، کـــوان؟

ئـــــەو دڵانـــەی کـە هێلانـەی عیـشـقی شـــیریـن بـــــــوون
ئـــــــەو گوڵانـەی کە پەیمانەی جـەرگـی خوێـــنـــین بوون

وەی لـــــــەڕاوو وەی لـــــەداوو وەی لـــە چـــاوی مـــــن
شـــــــــەونـــخـــــوونـــــیو بـــیـــرەوەری ئـــاڵـــۆزاوی مـــــن

وەفـــــــاداران، یـــــــاری جـــــــاران، یـــــــــــادگـــــــاری زوو
لـــــــــە دووریـتـــان، دڵـــی شـــەیـــدام، ئـاوری تـــێ بـەربـــوو

بۆتێ
(1990-1369)

حوسێن شەبەق، لە زومرەی ئەو شاعیرانە بوو، کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانو ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتیانەی ڕووی دا، تەنانەت کاریگەریی گەورەو قووڵی لە سەر ژیانو بیرکردنەوە دانا، ڕەنگە ئەوە فاکتەرێك بوو بێت بۆ کاریگەریدانان لە سەر ڕەوتو ڕێبازی ئینسانیو شۆڕشگێڕانەو دواتر لە شیعرو شۆڕش نزیك دەبێتەوە، وەکوو خۆیشی دەڵێت "لە ڕێگای ئەدەبەوە چوەتە ناو شۆڕشەوە".

بەڵام جیا لەوانە هەستی ئینسانیو شۆڕشگێڕانە لە وجودیدا هەبوو، بۆیە ئەو کاتەیش ناوی بۆ زانکۆ دەردەچێتو بیر لەوە دەکاتەوە ببێتە پێشمەرگە، بەڵام لەو نێوەندەدا خۆی بۆ ساغ نابێتەوە، تا دواجار لە ساڵی "1982" مامۆستا هێمنی شاعیر، پێشنیاری شاخو گوندو شۆڕشو پێشمەرگایەتی بۆ دەکات، ئەو کاتو زەمەنو سەردەمەیش گەرمەی شۆڕشی کرێکاریو سۆسیالیستیو کۆمۆنیستی بوو لە هەر دوو دیووی کوردستانو ناوچەکەدا.

ئەم هەلومەرجە سیاسییە، کاریگەری لە سەر ئەدەبو هونەریش هەبوو، کە تەواو جەوێکی ئەدەبیاتی کرێکاریو چەپو ئینسانی باڵی بە سەر ئەدەبیاتی کوردستانیشدا کێشا بوو، حوسێن شەبەقیش لە ژێر کاریگەریی ئەم فەزا سیاسیو ئەدەبیە بێ تاسیر نەبوو، وەکوو خۆیشی دەڵێت "لەگەڵ هاتنە ناو ڕیزی شۆڕش، کەوتە ژێر کاریگەریی (ئەحمەد بازگری شاعیرو د. جەعفەر شەفیعی)".

ئیتر جەوی واقیعیو کرێکاری شۆڕشو ئۆردوگاو خۆشەویستی بۆ ئەو هەلومەرجەی کوردستان، شەبەق دەستی دایە شیعر نووسینو واقیعیەتی ئەو سەردەمەی گواستەوە بۆ ناو وشەو شیعرو مێژووی ئەدەبیات.

لە شیعری (یاری جاران کوان؟) حسێن شەبەق، لە دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا باس لە ڕووداوێك دەکات، هەر چەندە پێ دەچێت شیعرەکە هاوکات بێت لەگەڵ کارەساتی بۆتێ، کە بیستو سێ ئەستێرەی سووری چەوساوەکانو بیستو سێ ئەستێرەی ڕێبازی کرێکارانو زەحمەتکێشان بە هۆی بۆردومانی کیمیاوی بەعسەوە گیانیان لە دەست دا.

ئەوانە کوڕانو کچانێك بوون، ڕەزمەندە، منداڵانی نێو کورەکانو مەزراکانی لادێیەکانی کوردستان، پاش دەیان جار دەستو پێ نەرمکردن لەگەڵ ڕەنجو ئازارو مەینەتیو هەڵگرتنی دونیایەك ئارەزووی گەشو جیهانێك لە تامەزرۆیی گیانیان نایە پێناو ئازادیو دونیایەکی باشتر.

وەفادارانی شەبەقو یاری جارانی ئەو ئەستێرە گەشانەی ئاسمانی کوردستان بوون، کە هاوڕێو هاوسەنگەرو هاوڕێبازی شەبەق بوون، وەکوو خۆیشی دەڵێت "ئەم شیعرەو بەشێکی تری شیعرەکانی لە هەلومەرجێکی تایبەتیو پاش شکستی شۆڕشی پارتیزانی کە هاتینە ئۆردوگاو دواتریش بە هۆی هەلومەرجی دژواری ئۆردوگاو سەختی ژیان زۆر لە هاوڕێی پێشمەرگەنان وردەوردە کۆچیان کرد بۆ ئەورووپاو ئێمەیان جێ هێشت"، هەموو ئەوانە دڵی پڕ کردو بیرکردنەوەی پڕ بوو لە وشەی کوردیو وەختێك کە دڵ پڕ بوو لە وشەی گەشو جوان، ئەو دەمە هەستی ئینسانیش باشتر تەرجەمە دەکرێتو دەهۆنرێنەوەو دەبێتە ڕایەڵەیەکی پڕ زەنگیانە.

شیعر بە گشتیو لە ناویشیدا شیعری کوردی، دابڕاو نییە لە شیعرو ئەدەبیاتی جیهانی، بە قەدەرو قودرەتو ئیمکانی خۆی، بۆیە وەکوو هەموو دەقێکی تر دەکرێت لە ناو شیعری کوردیشیدا بگەڕێتو بیدۆزیتەوە، گوتاری ئازادی، گوتاری سیاسی، گوتاری ژنو گوتاری ئەدەبیاتی کرێکاری، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە ئەرکەکانی شیعرو ئەدەبیات.

بەم حاڵەوە شیعرەکانی حوسێن شەبەقیش بەدەر نییە لەوەی کە دەیەوێت مێژوو، گوتاری سیاسیو هەلومەرجی دەیەی هەشتاو نەوەدەکان بگێڕێتەوە، کە مافی ئەساسی حەرەکەتی چەپو مارکسیستو کرێکاری بووە، یان بەشێکی سەرەکی بووەو لە ناو ئەو ڕەوتو جەریانانەی دەورو نەقشیان هەبوە.

تا لە دێڕی دووهەمی شیعرەکەدا دەڵێت: عاشقان، دڵ پەرستان، گوڵ پەرستان... کوان؟ ئەمانە ئەو چەهرە خۆشەویستانەن، کە سەردەمێکی زۆر ژیانیان لە نێو شاخو تەلانو زەنوێری سروشتدا بوون، لە ناو دەشتو شاخو کوێستانەکانی کوردستان بوون.

ئەوانەی دڵ پەرستو گوڵپەرست بوونو سروشتیان لە باوەش گرتبوو، ئەو دڵانەی کە هێلانەی عشقی شۆڕش بوون، ئەو گوڵانەی کە پەیمانیان بە ژیان داوە، جەرگیان پڕپڕە لە خوێنی گەشی کچانو کوڕانێك کە پەروەردەی شاخو دۆڵی پڕ لە ژانی کوردستانن.

شەبەق، لە سەرو سۆراخی ئەو ئازیزانە دەپرسێت، چیان لێ هات؟ خۆی باش دەزانێ، ئەم ئازیزانە باجو قوربانیبوونی شەڕی دوو جەلادو شەرەنگێزی ناوچەکە دەدەن، بەڵام ئەوانەی گیانیان لە دەست داوە، فریشتەی سروشتی کوردستان بوون، ئەوان کچو کوڕانی خانەوادە هەژارەکانی کوردستان بوون، کە دڵیان پڕ بوو لە کەیلو عشقی ئازادی، ئەوانە شیرینو فەرهادی کۆمەڵگا بوون، ئەوانە مەمو دێوانەی ناو ئەم شۆڕشە سورەی زەحمەتکێشانەن، کە پڕپڕە لە عشقو خۆشەویستی، پڕە لە دەستی پڕ لە گوڵو پڕە لە دڵی پڕ لە ئەستێرەی سوور، ئەم ئەستێرە سوورانە توێشوویان پڕیەتی لە گوڵو عشقو هێلانەی دڵە شکاوەکانو دڵە پەراوێزخراوەکان.

ئەمانە بەرێزترین ئینسانەکانی سەر گۆی زەوین، لە ناو دڵی دۆڵێکی ئەم جیهانە بچووکە چاوەڕوانی مافی خوراوی هەژاران بوون، بەڵام مردنیان بە ناهەق، خۆزگەو ئارمانو ئامانجەکانیان لەبار برد.

هەر چەندە بۆچوونێك هەیە دەڵێت "مەرج نییە شیعر هێندە سادەو ئاسانو بێتە خوارو هەموو کەس توانای تێگەیشتنی هەبێت، بەڵکوو پێویستە وەرگر ئاستو توانای خۆی بەرێتە سەر بۆ تێگەیشتن لەو شیعرو دەقانە".

ئەگەرچی، ئەم بۆچوونە ڕاستیو هەقیقەتی تێدایە، بەڵام دەتوانین پێچەوانەکەشی لە هەندێك لە شیعرەکانی "شەبەق"دا هەست پێ بکەین، بەو مانایەی سادەو ڕەوانو

بێگرێو گۆڵنو خوێنەر دەتوانێت بە سادەیی لە ماناو ناوەڕۆکی شیعرەکان تێ بگات، ئەمەیش دیوێکی تری ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێت "شیعر دەبێت سادە بێت تا هەموو کەس تێی بگات".

لە بەشێکی تری شیعرەکەدا ئەو کارەساتە وا دەکات، بەرهەستو فیکری شاعیر ئالۆزاوی بکاتو نیگەرانی بکات لەو ڕاوو داوەی لە بەرچاوی ئەو ڕووی داوە"، ئازیزانی یارو یاوەرانی هاوڕێبازو پێشمەرگانەی یەك سەنگەر گیانیان بەخت کردوە.

هەر چەندە لە بەشێك لە شیعرەکانی شەبەقدا، تامو بۆی نەتەوەیی، یان ناسیۆنالیستی بە دی دەکرێت، هەر چەندە شەبەق خۆیشی لە ناو ئەو بزووتنەوە کرێکارییەدا بوو وەکوو خۆیشی دەڵێت "لە پێشەنگ کارم کردووە"، نووسەریش بووە، بەڵام هەر ئەو کات پێشەنگو کانوونی هونەری ئەدەبیاتی کرێکاری مانیفێستی ئاوا بوو، گەرایشی کرێکاریو هونەری بەرانبەر بە گەرایشی مەزهەبیو ناسیۆنالیستییە، بە گشتی گەرایشە غەیرە کرێکارییەکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ لە تامو بۆی شیعرەکانی شەبەق کەم ناکاتەوە، کە سەرەڕای ئەو بابەتە، لە زۆربەی شیعرەکانیدا، ئێمە ڕەمزو لۆگۆو کارەکتەری کرێکاریو سۆسیالیستەکان، یان گەرایشی کرێکاریو چینایەتی دەدۆزینەوە، کە هەڵگری خەسڵەتی ئەم گەرایشەن.

شیعرەکانی (یادی جاران کوان؟) دەکرێت ئەم دیالۆگەی نێوان شاعیرو شەهیدەکانە، دیالۆگی نێوان کرێکارێكو شەهیدەکانە، یان پێشمەرگەیەكو پێشمەرگەی گیان بەختکردووەکان، ئەم دیالۆگە، ئەم ستاییشە، ئەم وەفاو شەونخونییە بۆ بۆنو بەرامەی هاوڕێکانیەتی بۆ ئەو ئازیزانە کە دڵو ڕۆحیان پڕ بووە لە هەستی کرێکاریو ڕێبازی چینایەتی، پڕ بوو لەوەی ئەوانە مناڵانی نێو شاخو کۆلیتەکانی کوردستان بوون، بۆ بەدیهێنانی جیهانێکی باشترو گەشاوەتر، دەستیان لە شارو ماڵو گوزەرانیان هەڵگرتبوو.

حسێن شەبەق، جیا لەوەی وەکوو شاعیر ناسراوە، لە هەمان کاتدا چیرۆكو پەخشانی نووسیووە، بە کوردیو فارسی، لە هەمان کاتدا کاری وەرگێڕانیشی کردووە، لەپاڵ ئەوانەیشدا شەبەق پێشمەرگەیش بووە، جیا لە هەموو ئەوانەیش خۆیشی دەڵێت "من کوڕی گوندمو کرێکارو سۆسیالیست بووم، دژی چەوسانەوەم، لەگەڵ عەدالەتی کۆمەڵایەتیو بەدیهێنانی دنیایەکی باشترم، لەگەڵ مافی ژنانم"، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە شەبەق، بەشێك بووە لە ئەدەبیاتی کرێکاریو چینایەتیو خۆیشی دەڵێ

"شاعیر هەڵوێستە"، لە وەڵامی ئەو پرسیارەیش کە چی شتێك لای شەبەق شیعرە؟، دەڵێت "خۆشەویستی، جوانی، شێتی، بەرەنگاری هەموو ئەو واقیعیانەی دەوروبەر، کە کار دەکاتە سەر ئینسان، کاردانەوەی ئەوانەو ڕەنگدانەوەی ئەوانەیە کە لە شعوری شاعیردا دەبێتە شیعر".

شاعیر لە کۆتایی ئەم شیعرەدا دێتەوە سەر ئەوەی بڵێت ئەوانە وەفادارن، یادی چاوانت پڕن لە یادگاری، ئێوە ئێستا نین، ئێوە کە نین، دڵی شەیدام ئاوری تێ بەربووە.

شەبەق، کاتێك دەکەوێتە بیری یارانی بۆتێ، لە بۆتێ لە (1990) عشقو خۆشەویستی خۆی ئاوێتەبوونی ڕۆژانەی سەختو دژواری ناو شۆڕشن، دژی ستەمو دەسەڵاتی تۆتالیتار دەنووسێتەوە.

یادی ئەو ئازیزانە، تا ئێستایش لە دڵی خەڵکی کوردستان ماوە، ڕێز لە یادیان دەگیرێت، بەڵام گرینگ ئەوەیە لە کاتو ساتی خۆییدا شەبەق، ئەو چیرۆکەی کردە شیعرو خستییە سەر زارو دڵی هەمووانو دواتریش هونەرمەند (بەکری لەگزی) کردیە گۆرانیو تامو بۆی تایبەتی پێ بەخشی.

شەبەق، ئەم کارەساتەی یاداشت کردو بەرگی ئەدەبو هونەری ئیحساسی کرد بە بەریداو ئەو کارەساتە ناخۆشەی کرد بە دەقی شیعریو ئاوێزانو ئاوێتەی سروشتو جوانیو وەفای کرد.

ئەوان لە دڵی هەمووواندا زیندوون، شەبەق ئەوانی زیندووتر هێشتەوە، جوانتر بوو، لەوەی بوون، نیشانی ئێمە بدات.

ئاوێتەبووی سروشت و ئینسان
بۆ ڕزگاری لە دیلی و برسێتی
لە شیعری (ئەگەر یەک بێ)ی محەمەد میسری دا

ئەنوەر حسێن (بازگر)

"ئەگەر یەك بێ"
شەوە زەنگەو
خۆر، زیندانی
بە تاوانی خۆشەویستی
شنەی بەیان خرایە بەند،
گوڵ برایە پشت پەنجەرە،
قەفەس بۆ مەل دروست کراو فڕین قاچاخ...

زستان هاتو سەهوڵبەندان هەموو ڕووباری داپۆشی
تا دارستان ئاو نەبینێو

بەشی یەکەم
سەوزەڵانی باڵا نەکا
تا خوڕەی ئاو، گۆرانی بۆ کوێستان نەڵێ

کانیاو خنکا
تا مانگە شەو، عەکسی خۆی تێدا نەبینیو
سەری لەبەر دانەهێنێ
دەریا گیرا
تا ماسەییەکان ببنە دیلی ماسی گرو
تا بازرگان، ببێتە خاوەنی دەریا
لەو دنیا پێچەوانەیە
گەنم برسییە و کانیاو تینوو
ئینسان، کۆیلەی دەسکردی خویەتیو

بەشی دووهەم
ئازادیش تاوانبارێکە
لەدارتەلی قەراخ جادە، هەڵواسراوەو
ژیان دیلە
ئای بۆ کەسێك ژیان لە دیلی ڕزگارکا!
کی بوێرەو بە شەوە زەنگ، ڕێگا دەبڕێ؟
تۆ! تۆ دەتوانی!
تۆ دەتوانی و لە دەستت دێ
خۆر لە زیندان ئازاد بکەی
شەوی تاریك بکەیتە ژوور

ڕووناکی لە جیهان بەش کەی
تۆ دەتوانیو بێجگە لە تۆ کەس ناتوانێ.

بەشی سێیەم
تۆ دەتوانی!
تۆ دەتوانیو لە دەستت دێ
خۆشەویستی بکەیتە یاسای سروشتو
شنە بکەیتە هەناسە بۆ گیانی گوڵ
گوڵ لەپشت پەنجەرەکە دەر بێنیو
باخ بە دیداری شاد بکەی
قەفەس تێك دەی
فڕین بۆ مەل ئازاد بکەی
تو دەتوانیو بێجگە لە تۆ کەس ناتوانێ.
ئەگەر یەك بی!

تۆ دەتوانی!
تۆ دەتوانی و لە دەستت دێ
سەهۆڵبەندان بکەیتە ئاو
تاکوو ڕووبار بگەیەنێ بە دارستان
تا هەمیشە گۆرانی بۆ کوێستان بڵێ
تا سەوزەڵانی تێر ئاو بێو باڵا بکا
تۆ دەتوانیو بێجگە لە تۆ کەس ناتوانێ
ئەگەر یەك بی!

بەشی سێیەم
تۆ دەتوانی!
تۆ دەتوانیو لە دەستت دێ
قەوزە لەسەر کانیاو لادەی

تا مانگه شەو، عەکسی خۆی تێدا ببینێو
سەری لەبەر دابهێنێ.
تۆ دەتوانیو بێجگە لە تۆ کەس ناتوانێ
ئەگەر یەك بی!

تۆ دەتوانی!
تۆ دەتوانیو لە دەستت دێ
لە دەریا تۆفان هەستێنی
هەموو ماسییەکان یاخی کەی
چی کەشتییە نوقم کەیو
خاوەن دەریاو ماسی گریش
بخنکێنی
تۆ دەتوانیو بێجگە لە تۆ کەس ناتوانی
ئەگەر یەك بی!

تۆ دەتوانی!
تۆ دەتوانی و لە دەستت دێ
ئەو دنیا پێچەوانەیە ژێرو ژوور کەی
تاکوو گەنم
بەشی سێیەم

برسی نەبێو برسی تێر کا
تاکوو کانیاو تینوو نەبیو
ئاوی زولاڵ، بە گەرووی تینوودا بکا
تاکوو ئینسان
کۆیلە نەبێو ئازادو بەرابەر بژی
تا ئازادی ئازاد بێتو
ژیان لە دیلی ڕزگار بێ

تۆ دەتوانی و بێجگە لە تۆ کەس ناتوانێ
ئەگەر یەك بی!

ئەی ئەوەی کە هەرچی هەیە بەشیرەی گیان دەیخولقێنیو خۆت بێ بەشی!
تۆ دەتوانیو لە دەستت دێ
تینی ژیان، وەبەر گیانی مردوو بێنی!
تۆ دەتوانی گریان بکەی بە پێکەنین!
تۆ دەتوانی دارستان پڕ شکۆفە کەی!

بەشی چوارەم
تۆ دەتوانی بەهار بێنیو دنیا بکەیتە گوڵستان!
ئەگەر یەك بی!
ئەگەر یەك بی!
* * *

محەمەد میسری، ئەگەرچی ناوێکی ناسراوی ناو دونیای ئەدەبیاتو شیعر نییە، بەڵام خاوەنی شیعری تایبەتو جوانە.

مەرج نییە، شیعری زۆرو کتێبو زمانی زۆر، هەموو کەس بکاتە نووسەرو شاعیر، بەڵکوو شاعیر هەیە، تەنها خاوەنی چەند شیعرێکە، بەڵام ناوبانگی گەورەی بۆ پەیدا کردووە، هونەرمەند هەیە یەك ئەلبومی هەیە، بەڵام بە نەمری ماوەتەوە، محەمەد میسریش یەکێکە لەو شاعیرانە کە خۆییو شیعرەکانی بە نەمری دەمێنێتەوە، یەکێك لەو شیعرانەی شاعیر، شیعری (ئەگەر یەك بێ) کە ساڵی (1989) بڵاوی کردوەتەوە.

(گۆتە) لەبارەی (شیللەر) ئەوەی گوت "دەتوانم هەموو ئەو جێیانەی بەرهەمەکانی شیللەر دەستنیشان بکەم، کە بە مەستی نووسیوونی" (تاڤگەیەك لە زیو-حەمە سەعید حەسەن).

نووسینی جوان، شیعری جوان، کارێکی زەحمەتو تاقەت پروکێنە، قورسو ئەستەمە، کە بتوانێت لە ناو سەدان دەقی نووسراو شیعری جوانی ئەم جیهانە هەست بکەیت ئەم شیعرە چەند جوان لە لایەن خاوەنەکەیەوە دارێژراوە، ڕەنگە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکت بە خەیاڵدا نەیەت لەوەی ئەو جوانتر بێت کە نووسیویەتی.

ڕێك وایە، چ وەختی چاپبوونی شیعرەکەو چ دواترو چ ئێستایش کە دوای سی ساڵ گەڕاوەتەوە سەر ئەو شیعرەی کاتی خۆی لە دەرهەستو فیکرمدا مابوەوەو کاریگەری دانابوو، پێم وابوو یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی ناو جیهانی ئەدەبیاتی کوردیو ڕەنگە هەر ئەوەیش بێت وای کردبێت پاش سی ساڵ گەڕامەوە سەر شیعرەکە، دەبێت ئەوەش بڵێم یەکێکە لەو شیعرانەی بەردەوام لە بەرم بووە، لە دەرهەستو خەیاڵداو جودی هەبووە.

بۆیە دەگەڕێمەوە سەر قسەکەی گۆتە، منیش دەتوانم بڵێم دەزانم شیعرەکانی محەمەد میسری چ کات نووسراون، ئەوەیش دەزانم لە گەرمەی شەڕو مقاوەمەتی شۆڕشگێڕانەی سەردەمێك نووسراون، کە هەموو کوردستان بۆنی باروتی گرتووە.

محەمەد میسری لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا، کە پەردەی یەکەمی شانۆکە، بە ترسو سەرکوتو زیندانی دەست پێ دەکاتو سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە ڕووداوگەلی ناهەموار ڕووی داوە، پارادۆکسێکی واقیعی ژیانە، کە دەبێت قەبوڵی بکەین کە نەدەبوو وا بێت، یان دەبوو ڕێك پێچەوانەکەی بێت، بەڵام ئێستا هەموو شت شێواوە.

شەوە زەنگە، خۆر زیندانییە، شنەی بەیان زیندانە، گوڵ براوەتە زیندان، مەل خراوەتە ناو قەفەسەوە، شیعرەکە مانای مەجازی زۆری لە خۆییدا هەڵگرتوە، چونکە لە ڕاستیدا خۆر زیندانی ناکرێت، بەڵام لە مەملەکەتی مەلاو خۆر کە ڕەمزی ئازادیو گەرمی چەوساوەکانە، خۆر ڕەمزی ژیانەوەو گەرموگوڕی ژیانە، شنەی بەیانی کە موژدەهێنەری بۆنو بەرامەی خەواڵووی شەوو جریوەی ئەستێرەکانی ئەوە، گوڵ پەیامی ئازادیو جوانیو سروشتە، مەل ڕەمزو مەدلوولی ئازادیو دەنگ هەڵبڕینو دانە لە شەقەی باڵی ئاسمانی خەیاڵیو جوانیو ئازادیو خۆزگەی گەورەیە، هەموویان بە پێچەوانەی یاساکانی سروشت، پێچەوانەی یاسا ئینسانیەکانی کۆمەڵگایەکی ئازادو بێ ستەم بوونەتە کۆیلەو بارمتەو زیندانی ئەم دەسەڵاتە، ئەم جەلادە کە بەتاڵە لە ماناکانی ناچۆنارالیزمو هیومانیستیو هێندە جەلادە دەست لە یاساکانی سروشت، دەست لە خۆرو شنەی بەیانو گوڵو مەل-یش ناپارێزێت، لە خولقاندنی چینایەتیو پەژموردەکردنو سەرکوتو زیندانیان، ئەم ڕەمزانەی شاعیر، ئەم مەدلوولانەی شاعیر بە کاری هێناون کێن؟ گەر وەکوو سروشت سەیریان بکرێت دیارە، بەڵام گەر هەر کام لەم ڕەمزانە بگوێزینەوە بۆ بەرگی کارەکتەرێکی فیزیکیو ئینسانی.

ئەوانە ڕەمزو کارەکتەری دژ بەو ستەمو جەلادەتیەن کە ڕۆژانە سیمبولەکانی ئەم شۆڕشە زیندانی دەکەنو دەیانبەنە پشت شیشەکانی زیندان، بە تۆمەتی خۆشەویستی، یان خوێندنو ڕزگاربوونی ئینسان لە کۆتوبەندەکانی.

لەم شیعرەی شاعیردا دەردەکەوێت، ئەم جەلادە هەموو سروشتو وڵاتو مەملەکەتی کردوەتە زیندانێکی گەورە.

جۆزیف کۆنراد لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێکەی دەنووسێت (هەواڵێکی چەند خۆشە، کە کتێبەکەمت بە دڵە، ئەگەرچی ئەوەی من نووسیومە تەنیا نیوەی یەکەمی کتێبەکەیەو نیوەی دووەمیم بۆ خوێنەر جێ هێشتووە تەواوی بکات) (تاڤگەی زیو-حەمە سەعید حەسەن).

محەمەد میسریش، لەم شیعرەدا هەر وای کردوە، تەنها نیوەی شیعرەکەی یان نیوەی حیکایەتەکەی گێڕاوەتەوەو بەشی دووهەمی بۆ خوێنەر جێ هێشتووە.

هەر لە درێژەی ئەو بەشەی یەکەمدا، شاعیر دەڵێت "زستانو سەهۆڵبەندان ڕووباریان داپۆشی، کانیاو خنکا، تا مانگە شەو وێنەی خۆر نەبینێت، دەریا گیرا...!".

گەر دیقەت بدەین، شاعیر چەند قووڵ، وێنەی سروشتی کێشاوەو بەراوردی دەکات بەو دەسەڵاتەی هەیەنەی کردووەتە سەر هەموو ژیانو سروشتو وڵات.

ئەم بەشەی شیعرەکە، درێژەی ستەمو چەوساندنەوەی بەشی پێشووە، کە چ کارەساتە زستان بەو نیازە هاتووە، تا دارستان ئاو نەبینێو سەوزەڵانی باڵا نەکات، لە کاتێکدا وەرزی زستان وەکو زۆربوونی ئاوو سەوزەڵانیو گەشەی ڕووبارو دارودرەختو سەوزەڵانیو زەریای قووڵی ماسییەکان چاوی لێ دەکرێت.

زستان وەرزی هەڵڕشتنی بارانە بۆ ژێر زەوی تا بەهارو هاوین، سەوزەڵانی باڵا بکات، تا دارستان بکاتە جەنگەڵستان، کەچی ئەم زستانەو دەلالەتی بۆ لەناوبردنی گەڵاو گوڵو دارستانو سەوزەڵانی هاتووە، چ دڕندەیە، ئەم زستانە چ زاڵمو بێ بەزەییە ئەم زستانە.

هێندە بێ ڕەحمە، ئەم پادشا زۆردارەی مەملەکەتی سروشتو جوانی، ڕێگا نادات "تا خوڕەی ئاو، گۆرانی بۆ کوێستان بڵێ..."، دیقەت بدەن شاعیر خوڕەی ئاوی وەکوو ئاوازو گۆرانیو موژدەدەری بەهاری کوێستان تەسویر کردوە، ئەمەیە شیعرو وێنەی شیعری، ئەمەیە جواناسیو ئەوەیە ئەو ڕستەو وشەو دەربڕینانەی لە دەرهەستی هەموو کەسدایە، بەڵام ناتوانێت ئاوا جوان بیخاتە ڕستەیەکەوە، ناتوانێت ئەو وێنەو مانا جوانەی پێ بدات کە میسری لێرە خولقاندویەتی.

مەلاو سوننەتو دەسەڵاتو جەلادەکان بە خوڕەی ئاو قەڵسن، بە باڵای سەوزەڵانی قەڵسو پەستن، ئەوان دژی گەشەو پێشکەوتنو باڵاکردنو سروود، مارش، گۆرانی، سەوزی بەهارو دەشتو دەرن، ئەوانە بە ڕەمزی ژیانەوە دەزانن، بۆیە هەموویان لە ئەزەلەوە سیسو ژاکاو دەکەن.

زۆرمان وێنەی مانگە شەومان لە ناو کانیاوێك یان گۆمێك یان دەریادا بینیووە، هەر وەکو گۆرانی شاعیریش وەسفی دەکات.

بەڵام وەسفی محەمەد میسری جیاوازە، کە کانیاوو گۆمو دەریا خنکان، یان خنکێنران؟ بۆچی؟ تا مانگە شەو عەکسی خۆی تێدا نەبینی..!

مانگە شەو، هەموو شەوێك، بە تاسەی دیدارو ژوانی کانیاو سەر دەردێنێو لەو دیو کەل بە تەمای خۆ بینینە لە کانیاوی زوڵاڵی کوردستان، کەچی کاتێك دەبینێت کانیاوەکان خنکاون، بە شۆفڵی بەعس ڕووخێنراون بە پشتبەستن بە سورەتی ئەنفالی قورئان گوندو کانیاوو مەڕو وڵاتو ئینسانەکان هەموویان خاپورو وێران کراون.

حەمە سەعید حەسەن لە بارەی شیعرو شاعیرییەوە دەڵێت "ئەوەی شیعر بە نەمری دەهێڵێتەوە، شیعری بوون، یان بەهای شیعری دەقەکەیە، بە چاوپۆشین لەوەی بەشێوەی ستوونی، کێشی پەنجە یان پەخشان نووسراوە، شاعیری داهێنەر لە زێدو زەمانی خۆییدا بە زمانی خۆی دەنووسێت، کەچی بە زمانگەلی دیکەو لە وڵاتانی ترو لە زەمانی دوای خۆیشیدا هەر پێشوازی لە شیعر دەکرێت".

لەم شیعرەی محەمەد میسری ئەوەی بە نەمری دەمێنێتەوە شیعرەکەیە، بەهای شیعرەکەیە، چ جای ئەوەی شیعرەکەی پەخشانی ئازادە، ئەوە ڕاستە بە کوردی شیعرەکەی نووسیوە، بەڵام گەر ئەم شیعرە وەربگێڕدرێتە سەر هەر زمانێکی وەکو عەرەبی، فارسی، فەڕەنسی، هەر وەك شیعرێکی نەمرو جاویدانی پێشوازی لێ دەکرێت.

لە بەشی دووهەمی شیعرەکەدا محەمەد میسری باس لە دونیای سەرمایەداریو دونیای ستەمو چەوساندنەوە دەکات، کە گەنم برسیەو کانیاو تینووە، چ جوانە، گەنم کە ڕەمزو واقیعیەتی تێرکردنی برسیەکانە، کانیاو کە سەرچاوەی تێرکردنی تینوەکانە، لای شاعیر چ پارادۆکسێکی خولقاندووە.

ئاخر ڕاست دەکات، لە دنیای پێچەوانەدا گەنم لە جیاتی ئەوەی برسییەکان تێر بکات خۆی برسیەتی، کانیاو کە دەبێت تینوێتی خنکاوەکان بشکێنێت خۆی تینووە.

گەنمی برسی، کە ڕەنجو ئازاری زەحمەتکێشانی مەزراو جووتیارانە، کانیاوی تینوو کە پاچو خاکەنازەو قوڵینگی زەحمەتکێشان ئاوی زوڵاڵی لێ دێتەدەر، بەڵام ڕەنجو بەری ئەم زەحمەتکێشانە، کێ دەیبات‌و ئەوانەی کە ڕەمزی چەوسانەوەی ئینسانن، ئەوانەی دنیای ناعەدالەتی سەرمایە هەڵدەسوڕێنن‌و هەر ئەوانەیش ستەم لە بەرهەم هێنەرانی دەکەن‌و دەیان چەوسێننەوە.

شاعیر لە بەشی سێیەمی شیعرەکەیدا بەردەوام دەبێت‌و بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا دەگەڕێت، بۆ ڕزگاربوونی ژیان‌و ئینسان لە دیلی‌و ژێر دەستەیی، شاعیر بێزارە لە دەست ئەم ستەم‌و چەوساندنەوەیە، بۆیە دەگەڕێت چۆن شۆڕشێك بەرپا بکات، چۆن ڕەمزەکانی ژیان ئازاد بکات‌و مانای جوانیان بۆ بگێڕێتەوە.

لینین دەڵێت "ئەگەر جاری شۆڕشتدا، تا کۆتایی درێژەی پێ بدە، ئەوانەی لە نیوەی ڕێ لە شۆڕش پاشگەز دەبنەوە، بە دەستی خۆیان گۆڕ بۆ خۆیان هەڵدەکەنن".

محەمەد میسری، لەوکاتەوەی جاری شۆڕشی داوە، چ بە شیعرو ئەدەبیات، چ بە پراکتیکی لە سەر ئەو ڕێبازو ئارمان‌و شۆڕشە بەردەوامەو بۆیەشە شیعرەکانی بە جاویدانی دەمێننەوە، وەکوو سیمبولی ڕێگای ڕۆشنی ئەو شۆڕشەو ئەوەش ناوو نازناوی محەمەد میسری بە زیندوویی دەهێڵێتەوەو شیعرەکانیەتی ڕێبازو ئارمانەکەیەتی.

وەکوو گوتم، لە بەشی سێیەمی شیعرەکەیدا، ئەڵتەرناتیڤێکی دۆزیوەتەوە، کارەکتەرو سوپەرمانێکی دۆزیوەتەوە وەکو ڕەمزی شۆڕش‌و حەرەکەتەکە، وەکو ڕەمزی چوونەوە بە گژ ستەم‌و کۆیلایەتی‌و ناعەدالەتی.

شاعیر پێیوایە، ئەم سوپەرمانە ئەم ئیتیحادو یەکگرتوویە، ئەم ڕابەرو سەرکردەیە، دەتوانێت خۆر لە زیندان ئازاد بکات، شنە بکاتە هەناسە بۆ گیاو گوڵ، گوڵ لە پشت پەنجەرەوە دەربێنێت، سروشت‌و کۆمەڵگا لەم بەشەدا دەژێنەوە، زیندووترن‌و بە پێوە بە عەزمەوە وەستاون، گوڵ گیان‌و هەناسەی بۆ گەڕاوەتەوە، گوڵ لە پشت پەنجەرەوە هاتوەتەدەرو ئازاد بووەو چرۆ دەکات‌و دەپشکوێت، قەفەسی مەلەکان شکاوەو ئازاد بوون، ڕووبار گەیشتووە بە کوێستان‌و خوڕەی ئاو گۆرانی بۆ کوێستان دەڵێت، قەوزەی سەر کانیاو لادراوە، مانگەشەو زیزبوونی فڕێداوەو بە شەوق‌و زەوقەوە سەری دەردێنێت‌و بە تامەزرۆییەوە گەڕاوەتەوە، باوەشی بە تریفەی کانیاوی هاوینی لادێدا کردووەو خەریکی ماچو لێوی کانییە، گەزیزەی قژ زەردو زیوینی جوانی‌و درەوشاوەی خۆی شانە دەکات.

تۆفانی لە دەریا هەستاندووە، ماسیەکان لەدیلەوە بوونە یاخیو شۆڕشی یاخیبوونو چوونەوەیان بە گژ دەریاو کەشتیدا داوەو بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن بژی ئازادی، ماسیەکان سەمای ڕزگاربوون دەکەنو تۆفانو نەعرتەی تووڕەبونیان لێ داوە، خاوەنی دەریاو ماسیگرەکانی کەنار دەریاو بەنداوەکان نقوومی ناو تۆفانی تووڕەبوونو یەکگرتوویی ماسیەکان بوون.

(دەقی ڕەمزی لە لێکدانەوەیەك زێتر هەڵدەگرێت، نابێت هیچ لێکدانەوەیەکی ئەو جۆرە تێکستانە وەکو حەقیقەت وەربگرین،"حەمە سەعید حەسەن-تاڤگەی زیو".

محەمەد میسری، بەم شیعرەی زەنگی نەمری لە نووسینو شیعری خۆییداو ڕەنگە بە تەنها ئەم شیعرەی بەس بێت بۆ ئەوەی ناوی لە ناو سەدان شاعیری داهێنەردا بنووسرێتەوە، (هۆلدەرلین فەرامۆشکراوی سەردەمی خۆی بوو، بەڵام پادشای شاعیرانی ڕۆژگاری پاش مردنی خۆیەتی، گۆتەی شاعیر لە سەردەمی خۆییدا نەخوێنرایەوە، ڕامبۆش ویستی کۆمەڵە شیعرێك چاپ بکاتو دایکی بەڵێنی پێدا، تێچوەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵام دایکی ڕامبۆ پەشیمان بووەوە، خاوەنی چاپخانەکەش کۆمەڵە شیعرە چاپکراوەکەی نەدایەوە بە ڕامبۆ، حەفتاو پێنج ساڵ لە پاش مردنی، ئەو کۆمەڵە شیعرە لەکاتی نۆژەنکردنەوەی چاپخانەکە لە یەکێك لە کۆگاکانی چاپخانەکە دۆزرایەوە، هەر یەکە لە گۆتەی بە گلەیی لە ڕۆژگاری خۆیو ڕامبۆی دڵشکاوو هۆڵدەرلین مانەوە، ڕەخنەگرەکانو خاوەنی چاپخانەکەیش بیرچوونەوە،" عەقلی شیعری-حسەین لەتیف- 2019".

ئیتر شاعیر، لە کۆتا بەشی شیعرەکەدا، بانگەواز دەکات لە کرێکاران، لە سۆسیالیستەکان، لە ئیتیحادی مبارزانی زەحمەتکێش، هەموو نەهامەتییەکان، هەموو ئازارو دیلیو زیندانیو سەرکوتو هەژاریو برسێتیو گریانو زستانە تۆ دەتوانیو لە دەستت دێت مردوو زیندوو بکەیتەوە، گیانی نەمری تێدا بچێنیت، تۆ دەتوانی گریان بکەیتە پێکەنین، ئای چ بەهێزە هەموو گریانو ژانەکان بکرێنە پێکەنین، ئەوەی چەند وەخت بوو دارستان بێشکۆفە بوو، ئێستا تۆ دەتوانی شکۆفەی بۆ بگێڕێتەوە.

تۆ دەتوانی، ئەو دونیا ناعەدالەتو پڕ لە بوغزاندنو سوکایەتی، ستەمو چەوسانەوە ژێرو ژوور بکەی، ئیتر نەهامەتییەکانی ڕابردوو پێچەوانە بکەیتەوە، ئینسان ئازادو ڕەها بژیو سروشت بگەڕێتەوە باوەشی سروشت.

ئیتر لەم دونیا پێچەوانەیەدا، گەنم نابێ برسی بێتو دەبێ برسییەکان تێر بکاتو سەر پەنای هەژارانو چەوساوەکانو منداڵانی بێ سەرپەنا بێت، ئیتر کانیاو نابێت تینو

بێت، دەبێت قورگی وشکهەڵهاتووی زەحمەتکێشانی کارگەرو مەزراکان تەڕو تێر ئاو بکاتو ڕۆحیان بکاتەوە بە بەردا.

بەڵێ، ئەوەیە شکاندنی زنجیرەکانی کۆیلایەتی.
بەڵێ، ئەوەیە ئازادیو بەرابەری ژیان.
بەڵێ، ئەوەیە ئەوەیە مانفێستی ئینسانی.
کە ئیتر ئینسان کۆیلە نەبێو ئازادو بەرابەر بژی.
کە یەکگرتوو بن، ئەگەر یەك بن.
ژیان لە دیلی ڕزگار دەبێت.
خۆر لە زیندان ئازاد دەبێت.
ڕوناکی لە جیهان بەش دەکەیت.
خۆشەویستی دەکەیتە، یاسای سروشت.
شنە، دەکەینە هەناسەی گیانی گوڵ.
فڕین، بۆ مەل ئازاد دەکەی.
سەهۆڵبەندان، دەکەیتە ئاو.
ڕووبار، دەگەیەنی بە دارستان.
قەوزە، لەسەر کانیاو لادەدەی.
لە دەریا، تۆفان هەڵدەستێنی.
گەنم، برسی تێر دەکات.
کانیاو، تینوو ئاو دەدات.
ئەگەر یەك بی
ئەگەر یەك بی

سەردەمی پەتای کرۆنا
2020/3/17
بازگر

نسێی نما

گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو
لە هەولێر بە ئاهەنگی ژنهێنان و
بەزم و هەراکەی دەڵێن ئەکلەنجە

سازدانی : عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

هونەرمەند ڕزگار خۆشناو

- لە ١٠ی شوباتی ١٩٥٢ لە شەقڵاوە لە دایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٦٨ لە (معهد الدراسات النغمية العراقي) دەستی کردووە بە خوێندنی (عود) نەزەریاتی شەرقی کوردی.

- لەساڵی ١٩٨١ عێراقی بەجێهێشتووەو لەساڵی ١٩٨٢ دەستی کردووە بە خوێندنی کومیو ستیونی-کلاسیك‌و لە ساڵی ١٩٨٩دا تەواوی کردووە بەدەرەجەی دبلۆم. ساڵێك پاشتر بڕوانامەی ماجستێری لە تالیف وەرگرت‌و ئەندامی هەمیشەیی کۆمیسیۆنی نەمساوییە.

- لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٥ لەگەڵ گروپێکی تیاتەری نەمساوی ئیشی کردووە هەم موزیکژەن‌و هەم ئەکتەر بووە. چوونەتە پۆلۆنیاو ڕۆمانیاو ئەڵمانیا. دوو کاسێت لە ١٩٨٣و ١٩٨٥ تۆمارکردووە، هەروەها سیدییەکی لەگەڵ گروپەکەیدا کە هەر هەموویان مامۆستای دانشگان لە نەمسا (ڤیناو گرامش) لە ١٩٩٥ بەرهەمهێناوەو ٢٥٠٠ دانەی لێ فرۆشرا. ئێستاش خەریکی سیدییەکی تازەن لەگەڵ چەند کۆنسێرتێك کە زیاتر بۆ خەڵکی ئەورووپایە چونکە زۆر تام‌و چێژ لە موزیك‌و کۆنسێرتی ئەوان وەردەگرن‌و زیاتر لە (٩٠٠ تا ١١٠٠) کەس ئامادەی ئاهەنگەکانیان دەبن. هەروەها لەگەڵ هونەرمەندان مەرزیەو ناسری ڕەزازی‌و حەمە جەزاو ئەردەڵان...تاد زۆر کۆنسێرت‌و ئاهەنگیان لە ئەورووپاو ئەمریکاو کەنەداو ئوسترالیا سازداوە.

لە میانی ئەو سەردانە کورتەی هونەرمەند ڕزگار خۆشناو بۆ شاری باراناوی ڤانکۆڤەر، ئەم دەرفەتەمان قۆستەوەو ئەم پرسیارانەمان ئاراستە کردو ئەویش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

(مەشخەڵ): بە شێوەیەکی گشتی ڕێگرییەکانی بەردەم گەشەی مۆسیقای کوردی چین؟

ڕزگار خۆشناو: تەنها ئەم پرسیارە دە تا پانزە لاپەڕەی دەوێ تاکو بتوانی وەڵامی بدەیتەوە. بەڵام من بە کورتی ئەو خاڵانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتنی ئاستی مۆسیقای کوردی باس دەکەم:

١- نەبوونی وڵاتێکی کوردیو نەبوونی دامو دەزگای ڕۆشنبیریو پەیمانگای مۆسیقی هونەری تەواوو بە ئیمکاناتی باش.
٢- بندەستی میللەتی کوردو نیازی پیسو چەپەڵی دەوروپشتی کورد بە گۆڕینی کولتوری کورد بۆ عەرەبیو تورکیو فارسی، بەتایبەتی فۆلکلۆری کوردی کە ئەمڕۆ بۆتە نێچیرێکی ئاسانو نزیك بۆ ئەوان.
٣- نەبوونی هاندانی تەواو لەلایەن ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردو پشتگیری هونەرمەندان لە ڕووی ماددیو مەعنەوییەوە.
٤- میللەتی کورد بەگشتی میللەتێکی وا ڕۆشنبیر نییە کە وەکو هونەرمەندان لەوان تێدەگەن، لە ئێمە بگەن. بۆیە لەلایەن خەڵکی کوردەوە هونەرمەند زۆر هان نادرێت. دەپرسن کوا کاسێتی تازە یان کوا سیدی تازە؟ بەڵام کە هونەرمەند مەسرەفێکی زۆری کردو ئەویش ئەگەر پێی قەرز بکرێ، ئەوا نیوەی پارەکەی نایەتەوە. تۆ باسی قازانج هەر مەکە. کورد وا فێر بووە کاسێت تەسجیل بکاتو نەیکڕێت!
٥- نەبوونی گروپی مۆسیقی باشو بەرهەمی باشیش پەیوەندی بە ئیمکاناتی هونەریو ماددییەوە هەیە.

(مەشخەڵ): کاریگەری مۆسیقای ڕۆژئاوا لەسەر مۆسیقای کوردی چییە؟

ڕزگار خۆشناو: مۆزیکی ڕۆژئاوا دوورە لە مۆزیکی کوردی (ئەگەر باسی کوردستان بکەین)، بەڵام لە ئەوروپاو ئەمریکاو کەنەدا، ئەوا مۆزیکی ڕۆژئاوا کارێکی زۆر ئەوتۆی نەکردۆتە سەر موزیکی کوردی، یان کاریگەری لەسەر موزیکی کوردی نەبووە. هەوڵی زۆر دراوە سوود لە تەکنیکی ڕۆژئاواییو لە هەندێك ستایڵی ڕۆژئاوا

وەکو"پۆپ، جاز، ڕۆك، بلوز، کلاسیك ...تاد" وەربگرێت. لەو مەجالەش هونەرمەندی گەورەی کورد خوالێخۆشبوو قادر دیلانو هونەرمەندان عومەر دزەیی‌و جوان حاجو چەند نموونەیەکن لەو هونەرمەندانەی کە توانیویانە لەم بارەیەوە سوود وەربگرن.

بەڕای من ئەتوانین پرسیارەکە پێچەوانە بکەینەوە: ئایا موزیکی کوردی چ کارێکی لەسەر موزیکی ڕۆژئاوا کردووە؟ هەموومان موزیکی فلامینکۆ(Flamingo)ی ئەسپانی، یان موزیکی قەرەجی ئەسپانیامان گوێ لێبووە کە بەزۆر دەلیل کاتی خۆی واتە کاتی هەڵاتنی موزیکوانو عودژەنی گەورەو بەناوبانگی کورد (زریاب) بەغدای بەجێهێشتو بەرەو ئەندەلوس ڕۆیشتو بناغەی ئەم مۆزیکەی داناوە، یان زۆر گۆرانی پۆپی(pop)ی جیهانی بەناوبانگ کە میللودییەکەی پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ میللۆدی کوردی کۆنو هەورامی‌و شوێنی ترەوە هەیە.

(مەشخەڵ): ئایا بەبڕوای جەنابت مۆسیقای فۆلکلۆر دەتوانێت ببێتە بناغەی مۆسیقای ئەم سەردەمە.. بۆچی؟

ڕزگار خۆشناو: ئێمەی کورد ئەبێ یەك شت بزانین کە ئەویش جیاوازی نێوان موزیکی فۆلکلۆری وەکو کەلەپوری ڕەسەنی کوردی‌و مایەی شانازی‌و هەبوونی میللەتێك‌و پەیوەندی بە دیرۆك‌و داب‌و نەریتی کوردەواری‌و هەروەها مۆزیکی هونەری بەهەموو جۆرو بەشەکانیەوە کە ئەویش پەیوەندی هەیە تا ڕادەیەك بە بارودۆخی کوردو ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەو دەنگدانەوەیەکی بارودۆخی کۆمەڵە. بەڵام ئەوە مانای وا نییە کە فۆلکلۆری کوردی نابێ ببێتە بناغەی دروست بوونی گشتی موزیکی کوردی. هەتا زۆر لە کۆمپۆسیوری جیهانی وەکو ئارام خاجاتوریان، چایکۆفسکی‌و زۆرانی تری جیهان بە تایبەتی (ئەنتۆنیۆ دڤۆرژاك)ی چیکی، نەوەك تەنها موزیکی کلاسیك، بەڵکو ئەمان Jazz وBlues کە هی ڕەشەکانی ئەمریکایەو دەرد و موعاناتی میللەتێك باس دەکات‌و بۆ موزیکژەنی

جیهانی بۆته ڕێبازێکی موزیکی گرنگو بناغەکەشی لەسەر موزیکی فۆلکلۆرەو نەك تەنها ئەمە، بەڵکو Blues هەر بە کلتوری ڕەش لەقەڵەم دەدرێت، کە بە ڕاستی بۆتە موزیکی کۆنو کلتوری ڕەشەکانی ئەمریکاو ئەویش بووە بە بناغەیەکی تر بۆ موزیکی تری پاش هاتوو. یاخود Country موزیك کە پێیدەڵێن موزیکی (کاوبۆی) هی جووتیارە سپییەکانی ئەمریکایەو بۆتە فۆلکلۆرو کولتوری کۆنی ئەم میللەتەو زۆر گۆرانی تازەی Popو Rock بناغەیان لەسەر (Country Music) داناوە.ئێمەش ئەبێ بە تایبەتی کاتێ مرۆڤ بێ وڵات بێو بێ مۆزیك بێو بێ (Identity) شوناس بێ، ئەوا دەبێ ببێتە بناغەی تەواوی هەموو دامەزراندنی موزیکی ئەم میللەتە...چۆن؟

مامۆستاکەم کەبەداخەوە دە ساڵ پێش ئێستا مرد، زیاتر لە شەش ساڵ لە کاتی حوکمی مەلەکی لە ئەفغانستان بووەو لەلایەن حکومەتی نەمساوە کۆکردنەوەی فۆلکلۆرو گۆرانی ئەفغانی پێ سپێردرابوو کە زۆر بە پوختەو جوانی کۆی کردۆتەوە دەڵێ:"کاتێ مرۆڤ توانی لە فۆلکلۆر تێ بگات، ئینجا موزیکی ڕەسەنی تازە دروست دەکات". بێگومان من باسی ئەوە ناکەم کە وەکو چەند کەسانێك دێن مۆزیكو گۆرانی فۆلکلۆری دەگۆڕنو یان بە ئامێری ڕۆژئاوایی لێی دەدەن، یان میلۆدی گۆرانییەکە تۆزێ دەگۆڕن یا ڕزمی یا دابەشکردنی موزیك، بەم جۆرە مامڵە لەگەڵ فۆلکلۆر ناکرێ، بەڵکو ئەبێ ئێمە گۆرانی تازە دابنێین کە بناغەکەی لەسەر فۆلکلۆرە، یانی (Melodiznge) زۆر میللودی فۆلکلۆری کورت دەگرێ بە خۆیەوە ڕزمی فۆلکلۆری..تامی فۆلکلۆری وەك گۆرانی Pop (ئێرلەندە) بۆ وێنە یان یابانی، هیندی، عەرەبی، فارسی. بەڵام هەموو کەسێك ناتوانێ ئەم شتە دروست بکات چونکە شارەزاییەکی چەند ساڵانەی باشی دەوێتو پێویستە موزیکزانی لێهاتوو کە سەریان لەموزیکی کۆنو تازە دەردەچێت، کارەکە بکەن.

(مەشخەڵ): دیاردەی شەوی کوردیو شایی کوردی چۆن دەبینن؟

ڕزگار خۆشناو: بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دوایی دیاردەیەکی زۆر خراپ بڵاوبۆتەوە ئەویش ئاهەنگی کوردی سیاسی بۆتە ئەکلەنجەی کوردی (لە هەولێر بە ئاهەنگی ژن هێنانو بەزمو هەراکەی دەڵێن ئەکلەنجە) هێشتا سروودی "ئەی ڕەقیب" تەواو نەبووە دەستی یەك دەگرنو لە زەوقی موزیکوانو گۆرانیبێژ دەدەن.

ڕاستە ئەو ئاهەنگانەی کورد دەیکات لەسەدا نەوەدو نۆ پێی دەڵێن (پارتی- Party) یان شەوێك کە خواردنو دانسو سەماو شایی‌و...تاد تێدایەو کۆنسێرتیش کە منالی تیا قەدەغەیەو هەروەها خواردنەوەشی تێدا نافرۆشرێت، کەسیش بە "ئەی ڕەقیب" هەڵناسێ.

بەڵام بۆ نەکرێ ڕێز لە برای گۆرانیبێژو هونەرمەندانی سەر شانۆ بگرین کە ئاهەنگەکە دەکەنە دوو بەش. بەشی یەکەم بۆ گۆرانی خاوو مەقامو ئەهلی زەوق، دووەمیش بۆ شان بادان! من ئەم دیاردەیەم لای هیچ میللەتێکی دیم نەدیووەو هەتا لەنێو خودی کوردستانیش خەڵك ئەگەر زۆر هەستی جوڵایەوە کاتی ئاهەنگ ئەوا چەپڵە لێ دەداتو لەشوێنی خۆی دێتە پێش. بەڕاستی من یەك بە باری خۆم کاتێ خەڵك شایی دەکات حەزدەکەم زوڕنایەك یا دەهۆڵم پێ بێت، چونکە هەست ئەکەم ئامێرەکەم زوڵمی لێ دەکرێتو شیاوی ئەو ئەزیەتو گوشارکردنە نییە. زۆر جاریش چ میللۆدی لێ بدەم بە عود یا دەهۆڵ لێ بدەم ئەوا کەس هەر فەرقیشی پێ ناکات، چونکە ئەوەندە گەرم بوون کە ئاگایان لە موزیك هەر نییە. شایی کوردی تا بڵێی جوانەو لەبارەو پیاو حەز دەکات تەماشای بکات، بەڵام نەك وەکو هەندێك کە شایی کوردی نازانن‌و بەنەوعێك خۆیان دەجوڵێنن کە زیاتر لە (Techno)و دانسی مۆدێرن دەکاتو تیایدا جلوبەرگی مۆدێلی تازە نیشان دەدرێت. هەتا ئەم شاییە کوردییە بەردەوام بێت، ئەوا موزیکی کوردی هەر لەو حاڵەتە دەمێنێ کە تەنها شایی گەرم بکاتو بەس، نەوەك شتی هونەری دروست بکرێت کە ڕێکوپێك بێتو نەك تەنها کورد، بەڵکو خەڵکی غەیرە کوردیش بتوانێ زەوقی لێوەربگرێت. ئەوەندەی نەماوە کە خەڵك دۆڵو زوڕنا بێننە نێو هۆڵو موزیك‌و گۆرانی کوردی هەر لە بەین بدات.

(مەشخەڵ): دەڵێن تۆ یەکەمین کەسی کە وەتەرێکت بۆ عود زیاد کردووە؟

ڕزگار خۆشناو: ئەم وەتەرە یان تەلە تەکمیلەی تەلەکانی ترە، یانی جیاوازە لەوەی (جمیل‌و میرشیر) ڕەحمەتی کە ئەوان پێیان دەگووت (قەبە دوگاە). ئەوەی من زیادم کردووە ئێستا نەك تەنها لە کوردستان‌و عێراق، بەڵکو لە زۆر شوێنی تریش بەکاری دێنن. ڕەنگە ئەگەر عود لای پیانۆ نەسب بکرێت یانی دەکاتە (سۆڵ-Sol).

(مەشخەڵ): ئێستا زۆربەی زۆری ئەوانەی دەست بە فێربوونی عود دەکەن لاسایی ئێوە دەکەنەوە ، ئایا ئەمە چۆن دەبینن؟

ڕزگار خۆشناو: من هەرچۆنێك دەستم پێکردبێو خۆم فێری ئامێری عود کردبێ ئەوا گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە من هەر لە ساڵانی پەیمانگاوە واتا ١٩٦٨وە تاکو ئێستا زۆر تەئکیدم لەسەر ڕوحییەتو تاموچێژی کوردی ڕەسەن کردووە. لە کوردستان زۆر گروپ عودیان لە نێو گروپەکەیان بەکار نەدەهێنا، بە دەلیلی ئەوەی گوایە عود ئامێرێکی عەرەبیەو بە کەڵکی کوردی نایەت.

ڕاستە ئێمە لەبەر ئەوەی موزیکی عەرەبیمان زۆر گوێ لێبووە کە بە ئامێری عود لێدراوە، چونکە هەموو ئاوازدانەرو دابەشکەرو فێربوون لە ڕۆژهەڵات بە تایبەتی لای میللەتی عەرەب بە عود دەکرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە من هەستم ئامێرێکی جوانی تەختی ڕۆژهەڵاتی هەڵبگرمو خۆی لێ دوور کەم. چونکە ئەگەر موزیکژەن ڕوحیەتی عەرەبی یا فارسی یا تورکی بێت، ئەوا باڵەبان، ساز، سنتوور، ڤیولون، چەلۆو هەمووی بە ڕوحیەتی ئەم میللەتانەی کە باسم کرد لێدەدات. واتە گرنگ نییە چ ئامێرێکە، بەڵکو کێ لێی دەداتو چۆن ئێستا من شانازی بەوە دەکەم کە زۆر موزیکژەنی کوردی ناسراویش تەقلیدی من دەکەنو ڕێو ڕێچکەی نزیك بە منیان گرتۆتە بەرو ئەوەش باشی زیاترە لە خراپی بە تایبەتی دوای زیادکردنی تەلی شەشەم، عود دەنگی بە گوێرەی عودی عەرەبیو فارسی یەکجار گۆڕاو زیاتر بوو بە دەنگێکی زیاتر کوردیو دوور بوو لە میللەتانی تر. ئیتر بە هیوام بتوانین سوود لە ئامێری دیکەی میللەتان وەربگرینو هیچ ئامێرێك فڕێ نەدەین.

ڤیولون : هەم عەرەب بە عەرەبی لێی دەدات. فارس بە فارسیو تورك بە تورکیو کوردیش بە کوردی ئەبێ لێیبدات.

(مەشخەڵ): لە کۆتاییدا چ ڕێنوێنیەکتان هەیە بۆ مۆسیقارە کوردەکان؟

ڕزگار خۆشناو: هیوام وایە ئەوانەی ئەیانەوێ فێری موزیك بن، یان ئامێرێکی موزیك فێر بن، ئەوا زۆر گوێ بۆ موزیکی فولکلۆری کوردی بگرنو دوای دوو سێ ساڵ نەڵێن من تازە بوومە موزیکژەنو ئیتر بچینە سەر شانۆو خۆیان بە موزیکوان دانێن.

چونکە لە ئەورووپا خەڵك لە تەمەنی چوار پێنج ساڵیدا دەست پێدەکەنو هەتا دە پانزە ساڵیش ناچنە سەر شانۆی حیرفەیی یان پرۆفیشیۆناڵی، چونکە بەلایانەوە هەڵەیە!. ئەبێ موزیکوانی کورد بە فێربوونی دوو جوملەی موزیك‌و گۆرانیبێژ بە سێ-چوار گۆرانی نەیەنە سەر شانۆو پێش ئەوەی هونەرمەند ڕێی هونەرییان دەست پێبکات، کۆتایی دێت. بەداخەوە کورد تەنها میللەتێکە کە مامۆستاو قوتابی لێك دەرناکات. ڕێزی یەکێك کە تازە هاتۆتە مەیدانی هونەر بەقەدەر یەکێك دەگیرێت کە زیاتر لە سی ساڵە خزمەت دەکات‌و چەندەها نەوەی پێگەیاندووە. من ناڵێم هونەرمەندی گەنج هان نەدرێت، بەپێچەوانەوە ئەبێ ئێمە هەموو گەنجەکان‌و ئەوانەی تازە دەست پێدەکەن، هان بدەین. بەڵام ئەبێت بزانین چۆن‌و بەچی؟ نەوەك وابێت کە کابرا بڵێت ئەوە منم وا گەیشتمە ئەو پلە بەرزەو ئیتر خۆی‌و ئاستی هونەری خۆی لەبیر بچێت. لە کۆتایشدا هیوای سەرکەوتن بۆ (نما) دەخوازم‌و هیوادارم بتوانن بەم ڕێیە خزمەتی وشەی کوردی ڕەسەن‌و کولتوری کوردی‌و زمانی کوردی بکەن کە ئەمڕۆ پێویستی بە هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی کولتوری‌و کۆمەڵایەتی هەیە بە تایبەتی بۆ نەوەی ئێستای گەنجەکانی دەرەوەی کوردستان. هەر بژین‌و زۆر سوپاس.

ڤانکۆڤەر-کەنەدا

فەلسەفە لەبەرامبەر زانستو ئایینداا

نووسینی: یوسف ئیسماعیل

بۆ ئەوەی زەمینەی چەمکسازی فەلسەفەی ڕۆژئاوا ڕوونتر بکەینەوە، پێویستە پەیوەندی فەلسەفە لەگەڵ دوو هێزی کولتووری دیکەدا لەبەرچاو بگرین کە لەگەڵیاندا تێکەڵ بووە، ئەوانیش:"ئایینو زانست"ن. لەوانەشە جیاوازی وردی نێوان فەلسەفەو ئایین بەم شێوەیە لێکبدەینەوە، فەلسەفە: بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان، پشت بە عەقڵو بەڵگەهێنانەوەو ئەزموون دەبەستێت. بەڵام ئایین: بۆ سەلماندنی ڕاستی، پشت بە باوەڕو دەسەڵاتو نیعمەتو سروش دەبەستێت). لەوانەیە هەر بوارێکی فەلسەفیش هەندێك توخمی ئاینی تێدابێت، بەو پێیەی کە لێکدانەوە بۆ بەڵگەو پاساوە یەکلاکەرەوەکانی ئەو بیرو باوەڕە ئاینیانە دەکات، کە هەندێکجار پاساوی عەقڵانی لەخۆ دەگرن، کەم کەسی ئایینیش هەیە بە تەواوی پشت بە فەلسەفە ببەستێت. کاتێك فەلسەفەو ئایینە جیاوازەکانو فەیلەسوفو پیاوانی ئایینی لە چوارچێوەی نەریتە هاوشێوەکاندا، جەخت لەسەر ڕۆڵی مشتومڕی عەقڵانی دەکەنەوە، کێشەی سنووردارکردنی ئەو دووانە لەوە

قورستر دەبێت. بۆ نموونە: ئایینە ڕۆژهەڵاتیەکان وەك نەریتێك، جیاوازتر لە ئایینە ڕۆاواییەکان، جەخت لەسەر ڕۆڵی مشتومڕە عەقڵانیەکان دەکەنەوە، لە ڕۆژهەڵاتدا فەلسەفەو ئایین بە کردەوە لێك جیا ناکرێنەوە. جگە لەوەش تاکەکان لە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ڕێژەییانەی عەقڵو ئایین لیکتر جاوازن. کەواتە جیاوازی نێوان فەلسەفەو ئایین خۆی لە جیاوازی جیاوازیی جەختکردنەوەو پێگە دەبینێتەوە. لێرەوە دووپاتی ئەوە دەکەینەوە کە لەسەرەوە گوتمان: ئایین ئەو بەشەی ئەزموونییەی بیروباوەڕو پراکتیزەکانی مرۆڤە، کە بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە ئیمان، نیعمەت، دەسەڵات، یان سروش دەبەستێت، بەڵام فەلسەفە پێگەیەکی کەم بەو بەشە ئەزموونیانەی مرۆڤ دەدات.

ئایین بە گشتی جەخت لەسەر باوەڕو متمانە دەکاتەوە، بەڵام فەلسەفە ڕێز لە عەقڵو گومان دەگرێت. بەهەمان شێوەش جیاکردنەوەی فەلسەفە لە زانست کارێکی ئەستەمەو لێکۆڵینەوەی باشی پێویستە، چونکە زۆرێك لەو پرسیارانەی کە بۆ فەیلەسوفەکان گرنگنو وەك هۆکارو سەرچاوەی گەردوون، یان چەمکێکن لەبارەی سروشتی مرۆڤ، لەلایەن زاناکانی گەردووناسو فیزیکناسو ئەستێرەناسو زیندەوەرزانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. ڕەنگە میتۆدۆلۆژیا بە باشترین شێوە ئەم دووانەی لێك جیاکردبنەوە، بەو پێیەی فەلسەفە پشت بە ئارگومێنتو شیکاری دەبەستێت، نەك چاودێریو ئەزموونو ئەزموونکاریی. بەم شێوەیە فەلسەفە زیاتر لە زانستە سروشتییەکان، لە "بیرکاری" تیۆری دەچێت. تا ئێستاش فەیلەسوفان بەڵگەی وەرگیراو لە زانستەکان، بۆ دووبارە داڕشتنەوەی تیۆرییەکانیان بەکاردەهێنن. پێویستە لەبیریشمان نەچێت، کە تا سەدەی نۆزدەهەم فەیلەسوفە دیارەکانی نێو مێژووی شارستانیەتی ڕۆژئاوادا، یان زانا یان ماتماتیککار بوون. بەگشتی، ئێمە پێمانوایە زانست لەو بوارانە دەکۆڵێتەوە کە زانیاریو میتۆدۆلۆژیای پەسەندکراوی ئەو توێژینەوانە ئاراستە دەکەنو پەیوەندییان بە پرسیارە زانستیە بێ وەڵامەکان هەیە. بەڵام فەیلەسوفەکان بەبێ زانیارییەکی گشتی پەسەندکراو، بەدواداچوون بۆ پرسیارە فەلسەفییەکان دەکەن، شیکاری فەلسەفیش بیر لە پەیوەندییەکانی داهاتووی نێوان ئەم دۆمەینانە دەکاتەوە. لە دوای شۆڕشی زانستی سەدەی حەڤدەهەمیش، زانست ئەو بوارەی داگیر کردووە کە سەردەمانێك پارێزەری فەلسەفەو ئایین بووە. ئایا کاروانی بێوچانی زانست لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی زانستی مرۆڤ بەردەوام دەبێت، یاخود بواری کەمتر بۆ هۆنینەوەی عیرفانیو ئایینیو فەلسەفی بەجێدەهێڵێت؟ ئایا ئایینو فەلسەفە دەبنە کایەی کۆنو بەسەرچوو؟ یان ئەو پرسیارە پڕ ماناو مەبەستانە دروست دەکات، کە هەرگیز زانست ناتوانێت دەستی پێ بگات؟ بێرتراند ڕاسڵ (١٨٧٢-١٩٧٠)،

یەکێکە لەو فەیلەسوفە مەزنانەی سەدەی بیستەم، کە پەیوەندی نێوان ئەم سێ دۆمەینەی بەم شێوەیە ڕوونکردۆتەوەو دەڵێت: "هەموو توێژینەوەیەك کە لەبواڕێکی دیاریکراو کرابێت، سەر بە زانستە؛ هەموو دۆگمایەکیش کە لە زانستێکی دیاریکراو تێدەپەڕێت، سەر بە میتافیزیکایە. بەڵام لە نێوان لاهووتو زانستدا، شتێك بەناوی سەرزەمینی مرۆڤ بوونی نییە، تا بەر هێرشی هەردوو لایەن بکەوێت؛ ئەم زەمینەیەی هیچ پەیوەندیەکیشی پێیانەوە نییە، تایبەت بە فەلسەفەیە".

بێرتراند ڕاسڵ و بەهای فەلسەفە

خوێنەران ئەمە دەزانن کە بێرتراند ڕاسڵ، یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی بابەتە فەلسەفیەکانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. پێموایە ڕاسڵ گەورەترین فەیلەسوفی سەدەی بیستەمە، کە تەواوی تێڕامانو بیرکردنەوەکانی سەر بە نەریتی بیری ڕۆژئاوایی بووە. یەکێك لە جوانترین لێدوانەکانی راسڵیش لەبارەی بەهای فەلسەفی، ئەو بابەتەیە کە لە کتێبەکەی بە ناوی "کێشەکانی فەلسەفە"دا هاتووەو لە زانکۆیەکی بەریتانی وەك سیمینار پێشکەش کراوەو دواتر تۆماری ڤیدیۆیی بڵاوکراوەو لە یوتوب داندراوە. لەلێدوانەکەیدا راسڵ دەڵێت: لێدوانێکی جوانتر لەمە لەبارەی بەهای فەلسەفە نازانم، کە شایەنی خوێندنەوەیەکی وردو ویژدانیانە بێت. لە ڕاستیدا بەهای فەلسەفە، تا ڕادەیەکی زۆر لە نادڵنیایی دروست دەبێتو لەنێو خۆیدا بەدوای وەڵامەکاندا دەگەڕێت. ئەو کەسەی بەهیچ ڕەنگێك سەروبەندی لەگەڵ فەلسەفەدا نییە، بەشێوەیەك دەژیت وەك ئەوەی لە زیندانێك بێتو زانیارییەکانی لە عەقڵی ساغ، یان لە بیروباوەڕە خوودیی، یان بۆماوەییەکان سەرچاوەیان گرتبێت. ئەو زانیاریانەی بەبێ هاوکاری، یان ڕەزامەندی خۆی لەمێشکیدا گەشەیان کردبێت، ئەمەش پەیوەندی بە عەقڵی ناکامڵەوە هەیە. جیهان بۆ مرۆڤێکی لەو جۆرە، مەیلێکە مۆرکێکی دیارو سنووردارو ئاشکرای هەیەو ئەو شتە باوانەن، کە هیچ پرسیارێك ناوروژێنن و ئەگەرە نامۆکانیش بە ئاسانی ڕەت دەکرێنەوە. هەر کە دەچینە نێو بواری فەلسەفاندنیشەوە، بە پێچەوانەوە بۆمان دەردەکەوێت، تەنانەت ئەو شتانەی ڕۆژانەش، کە وەڵامی زۆر ناتەواویان بۆ دەدرێتەوە، کێشە دروست دەکەن. هەرچەندە فەلسەفە ناتوانێت، وەڵامی دلنیایی کەرەوەو ڕاستەقینەی ئەو گومانانەمان بداتەوە کە دەوروژێنرێن، بەڵام توانای پێشنیارکردنی چەندین ئەگەری هەیە، کە بیرکردنەوەکانمان فراوانتر دەکەنو لە ستەمی داب و نەریت ڕزگاری دەکەن. بەم شێوەیە، هەستی دڵنیاییمان لەبارەی پرسیاری ئەو شتانە چین کەم دەکاتەوە، بەڵام زانیاریمان لەبارەی پرسیاری دەبێ ئەو شتانە چی بن، زۆر زیاد دەکات. تا ڕادەیەکیش دۆگمایی بوونو خۆبەزلزانانەی ئەو کەسانە لا دەبات، کە هەرگیز

گەشتیان بە پانتاییە ئازادەکانی گوماندا نەکردووە، بە نیشاندانی شتە ئاشناکانی نامۆیش. هەستی سەرسوڕمانمان بە زیندووی دەهێڵێتەوە.

بەم شێوەیە بۆ کورتکردنەوەی باسەکە لەبارەی بەهای فەلسەفە دەڵێم: پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر فەلسەفە بکرێت، نەك لە پێناو وەڵامێکی دیاریکراو تا بزانرێت کە ڕاستە، یان نا، بەڵکو لە پێناو خودی پرسیارەکان. چونکە ئەم پرسیارانە تێگەیشتنی ئێمە لەو باریەوە فراوانتر دەکەن کە چی بکرێت، خەیاڵی فیکریشمان بە ڕادەیەك دەوڵەمەند دەکەن، هەروەها ئەو دڵنیاییە دۆگماییانە کەم دەکەنەوە کە عەقڵ لە بەرامبەر گەمژەیی دادەخات. هەرچەند فەلسەفەش بیر لە گەورەیی گەردوون بکاتەوە، عەقڵیش لەگەڵیدا گەورە دەبێت. ئەو یەکانگیرییەی عەقڵو گەردوونیش دەبێتە سەرچاوەی چاکەکاری. ئەمەش ئەگەرە گومان لێکراوەکان نیشان دەداتو ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، کە فەلسەفە چ بەهایەکی هەیە؟ ڕەنگە بەهای سەرەکی خۆشی لە ڕێگەی گەورەیی ئەو شتانەوە بەدەربخات کە بیریان لێدەکاتەوە، ئازادیە کەسیەکانو ئامانجەکانیش لەم تێڕامانەوە سەرچاوە دەگرن. ژیانی وارسکی مرۆڤیش لەناو بازنەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی قەتیس دەبێت کە لەوانەیە لەو دۆخەشدا: خێزانو ئەوانی دیکە لەخۆ بگرێت، بەڵام کاتێك جیهانی دەرەوە دێتە ناو بازنەی ئارەزووە وارسکیەکانەوە، وەك یارمەتیدەر، یان ڕێگرێك سەیر ناکرێت. لە ژیانێکی واشدا دۆخێکی مەنگو قەتیس بوو هەیە، لە بەرامبەریشدا ژیانێکی فەلسەفی ئارامو ئازاد بوونی هەیە، کە جیهانی تایبەتی بەرژەوەندییە وارسکیەکانە. ئەمەش جیهانێکی بچووکەو لە ناوەڕاستی جیهانێکی گەورەو بەهێزدا جێگیرکراوە، درەنگ، یان زووش دەبێتە جیهانی تایبەتیو ئێمەی مرۆڤ وێران دەکات، بۆ ئەوەی نەتوانین بەرژەوەندییەکانمان ئەوەندە گەورە بکەین کە هەموو جیهانی دەرەوە بگرێتەوە، ئەمەش وەك بارودۆخی پاشایەك وایە کە لە قەڵایەکدا گەمارۆدراوەو دەزانێت دوژمن ڕێگری لە هەڵهاتنی دەکاتو خۆبەدەستەوەدانی شتێکی مسۆگەرە. بێگومان لە ژیانێکی لەو شێوەیەدا ئارامی بوونی نییە، بەڵکو ململانێیەکی بەردەوام لە نێوان پێداگریی لەسەر ئارەزوو و بێدەسەڵاتی ویستدا هەیە. بە جۆرێك لە جۆرەکانیش ئەگەر بمانەوێت ژیانمان ئازاد بێت، دەبێ لەم زیندانو ململانێیە ڕزگارمان ببێت.

یەکێك لە ڕێگاکانی دەربازبوونیش لەو دۆخە، تێڕامانی فەلسەفییە. تێڕامانی فەلسەفیش لە بەرفراوانترین تێڕامانی خۆیدا، گەردوون بەسەر دوو ئۆردوگای دژ بەیەك "دۆستو دوژمن، یارمەتیدەرو ڕێگر، باشو خراپ" دابەش ناکات، بەڵکو بێلایەنانە سەیری کۆی دۆخەکە دەکات. تێڕامانی فەلسەفیش ئامانجی ئەوە نییە، بیسەلمێنێت گەردوون هاوشێوەی مرۆڤە. هەوڵی زانست مەزنکردنو گەشەپێدانی خودە، بەڵام ئەم گەورەبوونە لە باشترین دۆخدا ئەو کاتە بەدەست دێت کە ڕاستەوخۆ بەدوایدا نەگەڕێیت.

ئەو کاتێك بەدەست دێت کە تەنها ئارەزووی زانین کارا بێتو هەوڵنەدات ڕۆڵی ئەو، یان ئەم کارەکتەرەی هەبێت، چونکە خود لەگەڵ ئەو کارەکتەرانەدا دەگونجێنێت کە لە بابەتەکاندا دەیدۆزێتەوە. ئەم گەورە بوونەی خودیش کاتێك بەدەست ناهێنرێت، کە خود وەك خۆی وەربگرین، بەڵکو دەبێ وای نیشان بدەین ئەو جیهان ئەوەندە لەم خودە دەچێت، کە زانین لەبارەیەوە وەك دانپێدانانێکە بە شتە نامۆیەکان. ئارەزووی سەلماندنی ئەمەش، جۆرێکە لە خۆسەلماندن، هەموو خۆسەلماندنێکیش بەربەستێکە لەبەردەم گەشەکردنی ئەو ئارەزووانەی کە خود دەزانێت توانای بەدیهێنانی هەیە. خۆسەلماندنیش لەنێو گەمژەیی فەلسەفیدا، جیهان وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی دەبینێت. بەم شێوەیە: جیهان کەمتر حیساب بۆ خود دەکات، چونکە ئەوە خودی خۆتە، سنوور بۆ گەورەیی کاڵاکان دادەنێت. بە پێچەوانەوە ئێمە لە تێڕامانمان بۆ شتەکان، لە وارسکەکانی خودەوە دەست پێدەکەینو لە ڕێگەشیەوە سنوورەکانی خود گەورەتر دەبن. تێڕامانی بێ کۆتاییانەشمان بۆ گەردوون، دەبێتە هۆی ئەوەی عەقڵ بەشێوەیەکی کۆتاییانە بەشی خۆی بەدەست بهێنێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە روح لەلایەن ئەو فەلسەفەیەوە وا پەروەردە ناکرێت، کە گەردوون لەگەڵ مرۆڤدا یەکانگیرە. زانینیش جۆرێکە لە یەکانگیر بوون لەگەڵ خود. بەهۆی دەسەلاتەکەشیەوە تێکدەچێت، هەربۆیە هەوڵدەدات گەردوونو سروشت بەشێوەیەك ناچارو ملکەچ بکات کە لەگەڵ خۆمانیدا بگونجێنێت. مەیلێکی فەلسەفی بەربڵاویش لەبارەی ئەو ڕوانگەیە هەیە کە دەڵێت، مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە، مەوداو کاتو جیهانیش لە تایبەتمەندیەکانی عەقڵن، هەر شێکیش لەلایەن عەقڵەوە وێنا نەکرابێت، نەزانراوەو هیچ شوێنگەیەکی لای مرۆڤ نییە. ئەم بۆچوونەش بەپێی پێوەرەکانی پێشومان دوورە لە ڕاستییەوە؛ چونکە جگە لەوەی کە ناڕاستە، بەو پێیەی بیرکردنەوە بە خودەوە دەبەستێتەوە، بە ڕادەیەك کاریگەر دەبێت، دەتوانێت هەموو ئەو مانابەخشینە بە شتەکان بدزێت، کە بیرکردنەوە فەلسەفیەکان بەهایان پێدەبەخشن. ئەوەی ناویشی دەنرێت زانین، یەکگرتن نییە لەگەڵ خودی خۆت، بەڵکو کۆمەڵێك گریمانەی پێشوەختو خوو ئارەزوون، کە پەردەیەکی بێکۆتا لە نێوان ئێمەو جیهانی ئەودیودا دروست دەکات. ئەو کەسەی چێژ لەم جۆرە تیۆرە مەعریفەیەش وەردەگرێت، لە ترسی ئەوەی قسەو کارەکانی یاسایی نەبن، هەرگیز لە کونجی ماڵ نایەتە دەرەوە. بە پێچەوانەوە، تێڕامانی فەلسەفییانەی ڕاستەقینە، جگە لەخود، رازیکردنی خۆی لە هەموو شتێکدا دەبینێتەوە. رازیکردنەکەشی لە هەموو ئەو کارانەدا گەشە پێدەدات، کە بیریان لێدەکرێتەوە، لەرێگەشیەوە ئەو بابەتە دەخرێتەبەر باس کە بیری لێدەکاتەوە.

هەموو شتێك لە تێڕاماندا، کەسی، یان تایبەتە، هەموو شتێکیش کە وابەستەی ئاکارو بەرژەوەندی خودیانە، یان ئارەزووەکان بێت، بابەتەکە دەشێوێنێتو ئەو

یەکانگیرییە تێکدەدات کە عەقڵ بەدوایدا دەگەڕێت. بەم شێوەیە بەربەستێك لە نێوان سوژەو ئۆبژێکتدا دروست دەکات، دواجار ئەو جۆرە تێرامانە کەسیو تایبەتانە دەبنە زیندانێك بۆ عەقڵ. عەقڵی ئازاد پێبوایە بەبێ دیاریکردنی کاتو شوێنو بەو پەڕی بێ هیواییو ترسەوەو بەدەر لە بیروباوەڕە نەریتییەکانو نەریتی پێشوو، بە هێمنی، بێ هیچ هەستێك، لە ڕوانگەی ئارەزووی خۆیو بەپێی زانیارییەکانی، دەتوانێت خودا ببینێت. پێشبوایە ئەو دۆخە لەرێگەی زانینو تێڕامانە پاکەکانی وەك مرۆڤ بەدیدێنێت. هەروەها عەقڵی ئازاد بەهای زیاتر بەو زانستە پوختەو گشتگیرە دەدات، کە ناچنە نێو ڕووداوەکانی مێژووەوە، نەك بەها بەو زانستە بدات، کە لە هەستەکانەوە سەرچاوە دەگرنو پێیەوە وابەستەن.

دواجار ئەو جۆرە زانینە دەبێتە دیدێکی تایبەتو کەسیانەو ئەوەی ئەندامە هەستیارەکان ئاشکرای دەکەن، دەیشێوێنێت. ئەو عەقڵەی هۆگری ئازادیو تێڕامانی فەلسەفیانەی بێ لایەنە، لە ڕووی سۆزو کردارییەوە ئەو ئازادیو بێلایەنیەی خۆی دەپارێزێتو ئامانجو ئارەزووەکانیشی وەك بەشێك لە کۆ دەبینێت، وەك بەشێکی بچوکی جیهانی بێکۆتاش، پێداگریی لەسەر تێروانینی ئەوانی دیکە دەکات، کە کاریگەرییان لەسەر نییە. ئەو بێلایەنیەش لە تێڕاماندا، ئەو ئارەزووەیە کە لەگەڵ ڕاستیدا ئاوێتە نا بێتو ئەو جۆرە عەقڵەیە کە لە کردارداد دادپەروەرانەیەو لە ڕوویی هەستەکیشەوە ئەو خۆشەویستیە هەمەلایەنەیە کە دەتوانرێت بە هەمووان بدرێت، نەك تەنها بەو کەسانە بدرێت کە سوودبەخشن، یان پێگەی ستایشکراویان هەیە. بەم شێوەیە تێڕامان، نەك تەنها ئۆبژەی بیرکردنەوەکانمان فراوان دەکاتەوە، بەڵکو ئۆبژەی کردارو سۆزەکانیشمان فراوانتر دەکاتو دەمانکاتە هاوڵاتیەکی گەردوونی، نەك هاوڵاتی نێو شارێکی گەمارۆدراو لە شەڕێکدا، شەڕێك لەگەڵ هەموو ئەوانی تردا. هاووڵاتی بوونی گەردوونیانەش لە بەدەستهێنانی ئازادی ڕاستەقینەی مرۆڤ و ڕزگاربوونی لە کۆیلایەتیو ترسە بەرتەسکەکان سەرچاوە دەگرێت.

سەرچاوەکان:

Stanford Encyclopedia of Philosophy-

BOOK, The Problems of Philosophy-

The religion of philosophy since ancient times-

-"فەلسەفەو ناسۆرییەکانی ژیان"، ئارتۆ شوبنهاوەر، وەرگێڕانی د.عەبدوڵلا ئەمینی.

-"فەلسەفەی ئەخلاقی مۆدێرن"، کۆمەڵە وتار، پێداچوونەوەو هەڵبژاردنی وتارەکان: ڕەزا سوهرابی، چاپەمەنی خانی، سەقز 1399.

An Intellectual & Literatuey Quarterly Magazine, published in Arbil
NO−56

Concessioner
Ismail Kurda

Editor-in-chief
Rebin Rasul Esmail

Editor staff
Jamal Pira Masoud Babay
Awat Ahmed Sultan

Director of Administration and Distribution
Umed Shakir Majrum

2023

Address: Kurdstan-Erbil
Tel: 0750 4481577. 07504786489